زنجیرەی بابەتەهەنوکەییەکان

ئەلقەی دوازدەهەم

سروشت و بابەکانی خێزان و مەسەلەی

چەندژنی

لەنێوان دوو شەریعەتدا

عەلی بابەسپیر

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

سروشت و پایەکانی خێزان و مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرع و عەقڵ دا

زنجیرەی بابەتە هەنوکەییەکان – ژمارە ١٢

سروشت و پایەکانی خێزان و مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرع و عەقڵ دا

عەلی باپیر

چاپی یەکەم

مافی له چاپدانەوەی پارێزراوە
بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب: سروشت و پایەکانی خێزان و مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرع و عەقڵ دا

نووسەر: عەلی باپیر

بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن/ هەولێر

خەت: نەوزاد کۆیی

نەخشەشازی ناوەوە: عزالدین محمد عمر

بەرگ: أمین مخلص

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٠ك — ٢٠٠٩ز

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٤٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - زێڕ لوتبڵی شیرین پالاس
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل: ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١ - ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

www.al-tafseer.com

جهانگردی در شوروی کتابی کامنی به نظر به گویره ی

قلناوه هه ل وه ره جاف و پژوژگاره وه .

وه له یتر بوو هیوام وا بوو شیوه جهانگردینکی

وا یاخود بوبره خه سی که سایه ی به هره یتوه ر گرتنی زیتری

خوی فه ره ها بی . جهانگه سوپاسی خوابه خه ر

وه ده م که وه سینگه ی نه فیر به وکاره هه لده ستی .

خوابه ره حمی . بخاته ئیش وکاریانه وه و کوتره کان

بیت ، هیشی سوپاسیاوه کم .

عه لی باپیر

بسم اللہ الرحمن الرحیم

الحمد للہ والصلاۃ والسلام علی سیدنا محمد وعلی آلہ

بندہ (علی نامہ) ۲ پیر ماقومستا مخلص و

نیو ہینگلہ تہ فیصلہ تہ خیال کرے بندہ چاپ و

بلاوکرونکو کتیبہ کانم۔ خدا ۲ پیکلے و پیرے تریالے

بخاتہ ژوند وکاریانہ وی۔

وہ چہ لہ دان ھیلہ کہ ھاغی چاپ و

بلاوکرونکو کتیبہ کانے بندہ ئی نہ۔

علی نامہ

۱۱ ربیع الثانی ۱۴۲۶ھ

۲۰۰۵/۵/۱۹

ھمدرد

نێـوەرۆك

لاپەرە	بابـــەت
٧	نێـــوەرۆك .
١٠	پێشكەش بێ .
١١	ئەم نامیلكەیە.
١٣	پێشـــەكی .
٢١	**بەشی یەكـــەم : بناغەی عەقیدەیی و فیكریی ســـروشتی خێزان و پایەكانی لـــە ئیســـلام دا.**
٢٣	**تـــەوەرەی یەكـــەم: بناغەی عەقیدەیی و فیكریی خێزان.**
٢٣	یـــەك: مـــرۆڤ جێنشـــینی خوایـــە لەســـەر زەوی.
٢٤	دوو: ئـــادەم و حەووا یەكەمین خێزانی مرۆڤایەتییان لەسەر زەوی پێكهێنا.
٢٥	ســێ: ژیانی دنیا قۆناغ و شوێنی تێدا تاقیكردنەوەی مرۆڤەكـــانە.
٣٤	**تـــەوەرەی دووەم: ســـروشت و پایەكانی خێـــزان.**
٣٥	یەك: خێزان تەنیا یەك جۆری هەیە، كە بریتیە لە: مێرد + ژنێك، یان زیاتر هەتا چوار
٣٦	دوو: ژن و مێرد لە مرۆڤایەتی و بەندایەتییان بۆ خواو بەپرسیارێتییان لە بەرانبـــەر دین و ژینی كۆمەڵگادا یەكسانن.
٣٨	شـــایەدیی دانـــی واقیـــع
٣٩	شـــایەدی دانی سروشـــت و فیطرەت.
٤٠	شـــایەدی دانی عـــەقـــڵ و زانســـت.
٤٤	ســێ: خێزان لەسەر بناغەی گرێبەســت (عقـــد)ێكـــی نازادانـــە و ئارەزوومەندانـــە و ڕوون و ئاشـــكرای نێوان پیاو و ئافرەتێكـــی بۆ یـــەك حەڵاڵ بنیات دەنرێ.
٤٩	چـــوارەم: هەوێن و هەناوی ژن و مێردایـــەتی و هاوســـەرێتیی بریتیـــە لـــە پێكـــــەوە هۆگربوون و یەكـــــدی خۆشویستن و ســـۆزو بەزەیی بـــۆیەك هەبوون.

لاپەرە	بابـــەت
٥٥	پێنج: ئەرکەکـانی ژن و مێرد لـە جـوغزی مـاڵ و خێـزان دا، لەبـەر ڕۆشـنایی پێکهاتەی سروشـتیان دا دیاریکراون.
٥٧	شەش: پیاو سـەرپەرشـتیارەو ژن لە سنووری شەرع دا گوێڕایەڵێـەتی و بـە ڕاوێژ کـاروباری مـاڵ بەرێوە دەبەن.
٦٣	حەوت: ژن و مێرد پێوێستە بەچاکتـرین شـێوە پێکـەوە ڕەفتـار بکـەن و، بـۆ چارەسەری گرفت و کێشەش پێـنج ڕێـیان لەپێـشـن و لـەکاتی گەیـشـتنە بنبەسـتیش دا پیاو تەڵاق و ژن داڕنین (خُلْع)ی بۆ هەیە.
٧٩	لە کاتی گەیشتنە بنبەست دا چارە چیە؟!
٨٢	**بەشـی دووەم : چـەندژنیـی و هەڵسـەنگاندێکی شـەرعییانەو ژیرانـە**
٨٧	١- چەندژنیی یاسایەکی شەرعیی ڕوون و بێ چەندو چوونە.
٩٦	٢- بێجگـە لەدادگـەریی، بەمـەرجگرتنی هـەر شـتێکی دیکـە بـۆ ڕێپێـدانی چەندژنیی، قسەیەکی بێ بەڵگەو پووچە.
٩٨	٣- ئەسڵ لە بنیاتنـانی خێـزانداا یـەک ژنیـی بـێ، یـان چـەندژنیی، هـیچ لـە مەسەلەکە ناگۆڕێ.
١٠٠	٤- پاساوو حیکمەتەکانی چەندژنیی.
١٠٦	٥- هەوێداریی گرفتی هەن، بەڵام بەدیلەکانی کارەساتیان هەن.
١٠٩	٦- بەهەڵە بەکارهێنانی هەق نابێ هەقمان لەبەرچاو بچات.
١١٣	٧- ئایا ڕەخنەگران لە چەندژنیی بەدیلیان چیە؟
١١٨	٨- نەپیاو سالاریی و نە ژنسالاریی، بەڵکو شەرعسالاریی.
١٢٢	٩- چەند قسەو بۆچوونێکی کرچ و کاڵ و هەڵەی ڕەخنە لێگرانی چەند ژنیی.
١٣١	١٠- چەند قسەیەکی دڵسۆزانە لەگەڵ داکۆکیکەران لە مافی ئافرەتدا.
١٣٩	**بەرهەمەکانی دانەر**

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا

(٣٦) الاحزاب﴾

پێشکەش بێ

بەو مسوڵمانانەی، کە لەسایەی ئیمانی پتەویان بە پەروەردگاریێتی خوا عزوجل و پێغەمبەریێتی موحەمەد ﷺ و بەرنامەیێتی ئیسلامەوە، بڕواو قەناعەتیان بەرانبەر بەڕاستیێتی سەرجەم یاساکانی شەریعەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، هێندە پتەوو دامەزراوە، بەپشوە بای هیچ بانگەشەو تۆمەتێکی ناحەزانە، نەك هەر نالەقێ، بگرە مووشی لێنالەخشێ.

ئـەم نامیلـکـــەیە

خوێنـــەری بەڕێز!

ئەم نامیلکەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە:

بەشی یەکەم: بناغەی عەقیدەیی و فیکریی سروشتی خێـزان و پایـەکانی لـە ئیسلامدا

بەشی دووەم: مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرع و عەقڵدا.

شایانی باسیشە کە هەردوو بەشەکە کاتی خۆی بە (١٤) ناڵقە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا بڵاوکرانەوە[1] لەکاتێکدا کە باس و خواسی (یاسای باری کەسێتی) بەگـشتی و بەتایبـەت مەســەلەی (چـەندژنیی) مـشتومڕی زۆریـان لـەبارەوە دەکراو، لەلایەن نەیارانی ئیسلام و شەریعەتەکەیەوە، قسەوقاڵی زۆر بێ بنـەماو نازانستییانە دەپڕژێنران، بۆیە بە ئەرکی خۆمم زانـی، کـە بـۆ بەرپەرچـدانەوەو پووچەڵکردنەوەی زۆرێك لەو قسەوباس و تۆمەتانە، ئەم زنجیرە باسە بنووسم، کە دڵنیام هەرکەسێك بەوردیی و تێگەیشتنەوە ئەم زنجیرە باسەی خوێندبێتەوە، یان بیخوێنێتەوە، خاترجەم دەبێ، کە ئیسلام لەبواری (باری کەسـێتی) بەگـشتی و مەسەلەی (چەندژنیی)دا بەتایبەت، وەك هەربوارو مەسەلەیەکی دیکە، لەسەدا سەد هـەق و ڕاسـتی پێکـاوەو، زۆر بەشـێوەیەکی مەنتیقیانـەو هاوسـەنگانەو

---

١) ژمارەی (٣٥٢) لە ٢٠٠٨/١١/٢١ تاکو ژمـارە (٣٦٦) ٢٠٠٨/١٢/١٨، زۆریـش سوپاسـی سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) دەکـەم، کـە زۆر بـەڕێك و پێکـی و بێدەسـتکاریی سەرجەم ناڵقەکانی ئەم زنجیرە باسەیان بێ پسانەوە بڵاوکردنەوە.

وردبینانە مامەڵەی کردوەو، هەرجۆرە بەدیلێکی دیکەی یاساو بڕیارەکانی شەریعەت، جگە لەپەیداکردنی گرفتو کێشەو نەخۆشیو سەرئێشە، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نابێ، دیارە شتێکی ڕوونیشە، کە ڕازی نەبوون بەهەریاساو بڕیارێکی ڕوونو بێ چەندو چوونی خوا سبحانە وتعالی، مایەی لەبازنەی ئیمانو ئیسلام دەرچوونو کافربوونە، وەك خوا (عزّوجلّ) فەرموویەتی:

﴿ وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ النور ﴾، واتە: دەڵێن بڕوامان بەخواو بە پێغەمبەر هێناو فەرمانبەرین، کەچی دوای ئەوە دەستەیەکیان لاملیی دەکەن، ئەوانە بڕوادارنین!

ئیدی بەهیوای ئەوە، کە بەهەوڵو هیممەتی هەموو ئەوانەی، کە بڕیارمان داوە مسوڵمان بینو بەمسوڵمانەتی بژینو بەئیمانەوە بمرین، کارێك بکەین، کە بەرنامەو شەریعەتی خوای کاربەجێ بکەینە کالاّی بالاّمانو، ژینمان بەپێی دینمان ڕێك بخەین، تاکو بەختەوەریی ئێرەو سەرفرازیی ئەولا بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین.

عەلی باپیر

٢٥/ صفر / ١٤٣٠

٢١ / ٢ / ٢٠٠٩

هەولێر

پێشەکی

الحمدلله رب العالمين وصلّى الله تعالى وسلّم وبارك على النبيّ محمد المبعوث رحمة للعالمين وآله المهتدين بهديه المبين.

سەرەتا بەتەما نەبووم، کە بەشداریی ئەو مشتو مڕو شەڕە قسەیە بکەم، کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، لەپەرلەمانی کوردستاندا لەسەر یاسای باری کەسێتی کرا، بەڵام دوای ئەوەی هەندێك نووسینم بینین، کە وێڕای سەفسەطەو چەواشەکاریی، سنوورشکێنی زۆریشیان بەرانبەر بەقورئانو سوننەت تێدابوو، هەرچەندە مەگەر بەدەگمەن، دەنا خاوەنەکانیشیان خۆیان پێ مسوڵمانە! خۆمم ناچار بینی، کە چەند قسەیەك لەبارەی سروشتو پایەکانی خێزان بەگشتیو، مەسەلەی چەندژنیی (تعدُّد الزوجات)ەوە، بەتایبەت بکەم، هەم بۆ بەرچاو ڕوونیی خەڵکو جەماوەری مسوڵمانی کوردستان بەگشتیو، هەم بۆ خستنەڕووی پووچەڵیی هەندێك لەو قسەو نووسینانەو، هەم بۆ زیاتر دڵنیاییو پشت ئەستووریی خوشکو برایانی ئیسلامیی لەڕاستییو تەواویی بەرنامەو شەریعەتی خوا سبحانه وتعالی، لەو بوارەدا وەك هەربوارێکی دیکە.

شایانی باسیشە/ کە من سەرجەم بابەتەکەم کردۆتە دوو بەش، کە لە یەکەمیاندا بەگشتی باسی بناغەی عەقیدەییو فیکریی خێزانو سروشتو پایەکانی دەکەینو، لە هی دووەمیشیاندا باسی مەسەلەی (چەندژنیی) دەکەین، دیارە بۆیەش بەپێویستم زانی بەرلەوەی دەست بەتوێژینەوەی مەسەلەی (چەندژنیی) بکەین، کە قسەکردن لەبارەیەوە لەنێو پەرلەماندا و لەدەرەوەی پەرلەمانیشو ئێستاشی لەگەڵ بێ، زۆربەی پانتایی باسو خواسو

مشتو مڕەکانی گرتبـۆوە، چـاوێك بەبناغـەی فیکریـی‌و عـەقیـدەیی خێـزان‌و سروشت‌و پایەکانی‌دا بگێڕین، چونکە: وەك دەردەکەوێ ڕەخنەگران لە مەسەلەی (چـەندژنیی) تـەنیا ڕەخنـەو گلـەیی‌و گازنـدەیان -ئەگـەر بـوێرن بیـڵێـن‌و دوانەیتـیی‌و دووڕوویـی بەکـارنەهێنن- لەو یاساو بڕیارە شـەرعییەی ئیـسلام نیە، بەڵکو ڕەخنەو گلەییان لە گەلێك شتی دیکەش هەیە، وەك:

تـەڵاق بەدەسـتی پیـاو بـوون، مـیرات (کـە بۆچـی ئـافرەت نیـوەی پیـاو دەگرێ؟)[١]، شایەدیی دان (کە بۆچی بەدوو ئافرەت بەرانبەری پیـاوێکن؟)[٢]، سەرپەرشتیارێتی پیـاو بـۆ ژن (قوامـة الرجـل علـى المرأة)، بـەرگـو پۆشـاکی ئافرەت (کە بۆچی دەبێ ئافرەت جگە لە دەمو چاوو هـەردووك دەسـتی، هـەتا مەچەکی عەورەت بێ‌و پێویست بێ دابپۆشرێ؟)، بگرە تەنانەت پێویست بوونی بژێوو مەسرەفی ژنو مالێش لەسەر پیاو، لەلایەن هەندێك لـەو جۆرەکەسـانەوە کراوەتە مایەی ڕەخنەو گلەیی، بەبیانووی ئـەوە، کـە ئـەو مەسـەلەیە ئـافرەت لەیەکسان بوون لەگەڵ پیاودا دوور دەخاتەوە!

جا دیارە ئێمە نامانەوێ لەم لێکۆڵینەوەیەماندا وەڵامو بەڕەرچـی هـەموو ئەو گومانو تۆمەتانە بدەینـەوە، کـە هەنـدێك جـار بەڕاشـکاویی‌و، هەنـدێك جاریش بە منگە منگـو لەژێر لێوەوە دەگوترێن، چونکە کاتی خۆی لـەکتێبی: (ئـافرەت‌و خێـزان لەسـایەی شـەریعەت‌دا)دا وەڵامو بەڕەرچـی ئـەو گومـانو تۆمەتانـەو هـی دیکـەشمان داوەتـەوە[٣]، بـەڵکو ئـەوەی دەمانـەوێ لـەم لێکۆڵینەوەیەماندا بیکەین ئەوەیە کە:

---

١) هەرچەندە ئەمە بە ڕەهایی وانیەو جاری وا هەیە ئافرەت‌و پیـاو یەکسانن‌و، بگـرە جـاری وا هەیە ئافرەت زیاتریش دەگرێ.

٢) ئەمەش بەڕەهایی وانیە.

٣) بڕوانە: بەشی سێیەم: ڕەواندنەوەی تەمی تۆمەتەکانی نەیارانی شەریعەت لەبارەی ئافرەتـەوە، لاپەڕە: ١٦٣ تاکو ٣٠٣، چاپی دووەم/ ٢٠٠٥ز.

لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەتو عەقڵو زانستدا باسی سروشتو پایەکانی خێزان بکەینو، دەربەخەین، کە شەریعەتی بێ هەڵەو پەڵەی خوا سبحانه وتعالی، چۆن چۆنی فەرمانی کردوەو بڕیاری داوە، کە خێزان بنیات بنرێو ژنو مێرد پێکەوە ڕەفتار بکەن! چونکە من دڵنیام زۆرێک لە بەدبینییو گرێ دەروونییەکانی گەلێک لە ڕەخنە لێگرانی شەریعەتو ناحەزانی، سەرچاوەکەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەڵەو ناشەرعییانەی ژمارەیەک لە مسوڵمانانە —بە ژنو پیاوەوە- لەبواری خێزانو ژنو مێردایەتیداو، ئەو پەندە کوردییەیان بەسەردا چەسپیوە، کە دەڵێ: (زاری بەشیر سووتابوو فووی لە دۆ دەکرد!).

بۆیە پێویستە سەرەتا ئەو جۆرە کەسانەو هەموو لایەکیش سروشتو بناغەو پایەکانی خێزان (الاسرة)یان بەو شێوەیە، کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ باسیان کردوەو دیاریان کردوە —دوور لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری هەڵەو ناتەواوی هەندێک لە مسوڵمانان یان زۆربەیان- بکەوێتە بەرچاو، تاکو بابەتەکەیان بەگشتی لێ دیاربێ، پاشان ئەو مەسەلەیەی، کە لێیان بۆتە گرێ کوێرە، بتوێژرێتەوەو بۆیان بکرێتەوە.

بەڵێ بەڕاستی بۆ چاک تێگەیشتنی هەر یاساو بڕیارێکی هەر بەرنامەو سیستەمێک، پێویستە سەرەتا سەرنجی تێکڕای ئەو بەرنامەو سیستەم (منظومة)و دەستوورە بدرێ، کە لێیەوە هەڵقوڵیوە.

ئەگەرنا، لێڕوانینو هەڵسەنگاندنی یاساکانی بەرنامەو دەستوورو سیستەمێک، بەپچڕاویو دابڕاویی لەو ئەسڵو چاوگەو، کە لێیەوە هاتوون، یان بە پاشخانی عەقیدەو ئیدۆلۆژییەکی دیکەوە، مرۆڤ تووشی ئەنجامگیریو حوکمی هەڵەو سەیرو سەمەرە دەکات!

ئایا بابایەک، کە دێنێ دینگەو پایەیەک بەتەنیاو بەدابڕاویی لەو کۆشکو بینایەی، کە بەشێکو پێکهێنەرێکیەتی، دەکاتە جێی سەرنجو تێوە ڕامانیو

دەیەوێ حیکمەت‌و فەلسەفەی لەو شوێنەدانرانی دەرك بكات، بێجگە لەسەر گێژبوون‌و سەرسامیی هیچی دیكەی دەستگیر دەبێ؟ بێگومان نەخێر، بەڵام دیارە ئەگەر بێت‌و ئاسۆی ڕامانی فراوانتر بكات‌و تێكڕای بینایەكە تەماشا بكات، ئەو كاتە زۆر بەسێنایی دەزانێ، كە حیكمەت‌و سوودی ئەو دینگە‌و پایەیە چیی‌ەو بۆچی لەوێ دانراوە.

هەروەها كەسێك، كە لەپشت پەردەیەكی ڕەشەوە سەرنجی بەفر دەدات، بێگومان بەفری سپی، ئەگەر بەڕەشیش نەبینێ بەڕەنگێكی تڵخ‌و بۆر دێتە بەرچاوی، كە دیارە سووچ، سووچی پەردەكەی بەرچاویەتی، نەك خودی بەفرەكە.

كەواتە:

هەركەسێك بیەوێ وەك خۆیان لە یاساو بڕیارەكانی شەریعەت تێبگات، پێویستە:

١- لە سەرچاوەی ڕوون‌و بێ چەندو چوونی خۆیانەوە، كە قورئان‌و سوننەتن، بۆیان بڕوانێ‌و ئیسلام‌و مسوڵمانان تێكەڵ نەكات‌و، هەڵەو پەڵەو لادانی بەشێك لە شوێنكەوتوانی شەریعەت، لەسەر شەریعەت حیساب نەكات.

٢- لەبەر ڕۆشنایی عەقیدەی ئیسلامیی‌و ئامانجە دنیایی‌و دوا ڕۆژییەكانی شەریعەت (مقاصد الشريعة الدنيوية والأخروية)دا سەرنجیان بدات، با بۆ ڕوونكردنەوەی مەبەست، نموونەیەك بێنینەوە:

یەكێك لە حوكم‌و بڕیارە ڕوون‌و ئاشكراو زانراوەكانی شەریعەت ئەوەیە، كە پێویستە ئافرەتانی مسوڵمان، لەبەرانبەر پیاوانی نامەحرەم‌دا هەموو جەستەیان داپۆشن، جگە لەدەم‌و چاوو هەردووك دەستیان تاكو مەچەكیان، وەك لەئایەتی ژمارە (٣١)ی سورەتی (النور)دا هاتوە، دەجا ئەو حوكم‌و بڕیارەی شەریعەت

ئەگەر بێتو لەسەر بناغەی لیبرالیزمو سیکۆلاریزم بۆی بڕوانی، سەیرو نەگونجاو دێتە بەرچاو، چونکە مادام مرۆڤ -لەڕوانگەی لیبرالیزمو سیکۆلاریزمەوە- بەڕەهایی ئازادەو خاوەنی جەستەی خۆیەتی، نابێ هیچ کۆسپو لەمپەرێکی لەبەردەمدا دابنرێ، کە بەئارەزووی خۆی تەصەڕووف لە جەستەی خۆیدا بکات!

بەڵام ئەگەر لەسەر بناغەی ئیسلامو، لەبەر ڕۆشنایی عەقیدەی ئیسلامییو ئامانجە بەرزەکانی شەریعەتدا بۆ یاسای ناوبراو بڕوانی، بەشتێکی زۆر بەجێو مەنتیقیت دێتە بەرچاو، چونکە:

١- ئیسلام دەڵێ بەڵێ، مرۆڤ ئازادەو خوا (عزّوجلّ) ناچاری نەکردوە بڕوابێنێ، بەڵکو سەرپشکی کردوە، کە بەویستو خواستی ئازادانەی خۆی بڕوا (ایمان)، یان کوفر هەڵبژێرێ: ﴿ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ ... ﴿٢٩﴾ الكهف ﴾، بەڵام پاش ئەوەی بەویستی ئازادانەی خۆی ئیمان دێنێو بڕیار دەدات بەندایەتی بۆ خوا بکاتو پابەندی بەرنامەو یاساکانی بێ، نابێ لەبەرانبەر پابەندیی بەشەریعەتی خوادا خۆی پێ ئازاد بێ، بەڵکو پێویستە -بە حوکمی ئیمانەکەی- خۆی بە شەریعەتەوە پابەند بکات، وەک خوا فەرمووێتی: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ ... ﴿٣٦﴾ الأحزاب ﴾.

٢- لە سۆنگەی ئەوەوە، کە یەکێك لەئامانجە بەرزەکانی شەریعەت ئەوەیە، کە کۆمەڵگای مسوڵمان، کۆمەڵگایەکی پاکو خاوێنو ساغو سەلامەتو هێمن بێ، نابێ بەرگو پۆشاکی مسوڵمانان بە نێرو مێوە -بەڵام بەتایبەت ئافرەت، کە بەجوانیی خۆ دەرخستنی، ڕۆڵێکی کاریگەری سەلبی لەسەر وروژاندنی پیاوان دەگێڕێ- بەشێوەیەك بێ، کە غەریزەکانی تێدا بوروژێنرێن، چونکە ئەمە پێچەوانەو دژی پاکو خاوێنو ساغو سەلامەتو هێمن ڕاگرتنی کۆمەڵگایە.

کورتەی مەبەست:

هەرکەسێك بیەوێ یاساو بڕیارێکی شەریعەت وەك خۆی فام بکات، پێویستە لەنێو کۆی سەرجەم یاساو بڕیارەکانی شەریعەتدا سەرنجی بداتو، بە پاشخانێکی ئیمانییو ئیسلامییەوە بۆی بڕوانێ.

لەکۆتایی ئەم پێشەکییەش دا دەڵێم:

أ- بێگومان بەرگری کردن لە ئافرەتانو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەوایەکانیان —کە هیچکەس ناتوانێ نکووڵیی لەوە بکات، کە زۆرجارو لەلایەن زۆر کەسەوە بەزۆر جۆرو شێوە پێشێل کراون- ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆزو بەویژدانو خاوەن بەزەییە، چونکە سەرەنجام ئافرەتان نەنکو دایکو پوورو خوشکو کچو هاوسەری پیاوانن، هەردووك ڕەگەزی نێرو مێ تەواوکەری یەکدینو، بەبێ یەکدیش ژیانو گوزەرانیان نەکراوەو ناشکرێ!

ب- بۆیە هیچکەس بۆی نیە —لە پیاوانو ئافرەتان- بەتەنیا خۆی لە ئافرەتان بکاتە خاوەنو دەمراستو، ئەو مەیدانە بۆ خۆی پاوان بکاتو، ئەو ئەرکە گرنگو شەرعییە- بەمەرجێك سەر ڕاستانەو بێ غەرەز جێبەجێ بکرێ — وەك مافی لە چاپدانەوەی کتێب بۆ خۆی قۆرخ بکاتو، خەڵکی دیکەی لێ بێبەش بکات!

بەڵکو ئەو ئەرکە پێویستی سەرشانی هەموو تاکێکی دڵسۆزو ویژدان زیندووی کۆمەڵگایە، وەك هەر ئەرکو کارێکی دیکەی پێویست.

ج- بەرگری کردن لە ئافرەتانو پشتگیریی کردنی مافە ڕەوایەکانیشیان، نابێ هەر بە قسەو بانگەشە بێت، بەڵکو پێویستە ئەو کەسە —بەتایبەت ئەگەر پیاو بێ- لە خودی خۆیو هاوسەرو کچو خوشکو دەوروبەرییەوە دەست

پێبکات‌و، بەکردەوە رێزی ئافرەت بگرێ‌و بۆی دڵسۆزبێ‌و مافەکانی بۆ دابین بکات، ئەگەرنا کەسێك خۆی وێران بێ، خەڵکی پێ ئاوەدان ناکرێتەوە، زۆریشن ئەوانەی بانگەشەکردنیان بۆ داکۆکی لە مافو رێزی ئافرەت، کردۆتە ئاوی لێڵو ڕاوی خراپی تێدا دەکەن!

د- پێشێلکرانی مافەکانی ئافرەتانیش لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هۆکاری بنەڕەتی‌و سەرەکی بریتیە لە (لادان لە شەریعەت)و مامەڵە نەکردن لەگەڵ ئافرەتدا بەگشتی: چ دایك بێ، چ کچ، چ خوشك، چ هاوسەر، بەپێی یاساو بڕیارەکانی شەریعەت، کە لەلایەن خوای پەروەردگاری خاوەنی هەردووك ڕەگەزی نێرو مێوە بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤ لە دنیاداو سەرفرازکردنی لەدوا ڕۆژدا نێررراوە.

خواش یاریدەدەری هەموو لایەکمان بێت بۆ هەرچی زیاتر یەکدی خۆشویستن‌و، بۆ یەك دڵسۆزو بە.پەرۆش بوون‌و، لەسەر یەکدی کردنەوە‌و بەرگری کردن لەڕێزو مافەکانی یەکدی.

نوسەر

٢٠٠٨ / ١١ /٢١

هەولێر

بەشی یەکەم

بناغەی عەقیدەیی و فیکریی سروشتی خێزان و پایەکانی لە ئیسلامدا

خوێنەری بەڕێز !

ئەم بەشە لە دوو تەوەرە پێك دێ:

تـەوەرەی یەکـەم: بناغـەی عەقیـدەیی و فیکـریی خێـزان

هەر بەرنامەو شـەریعەتێك بەگـشتیو یـەك یـەکی یاسـاو بنەماکانیـشی، پاشخانێکی عەقیدەیی و فیکرییان هەیە، کە پشتی پێ دەبەستو تـاو بـۆنو ڕەنگێکی تایبەتییان پێ دەبەخشێ.

بناغەی عەقیدەیی و فیکریـی خێـزان (أُسرة)یـش لـە ئیـسلامدا لـە چـەند شتێكدا بەرجەستە دەبێ، کە ئەم سێیە سەرەکییەکانیانن:

یـەك: مـرۆڤ جێنشـینی خوایـە لەسـەر زەوی:

وەك خـــوا فەرموویـــەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ ...﴿٣٩﴾ فاطر﴾، واتە: (خوا) ئەو کەسەیە، کە لەسەر زەوی گێڕاونی بەجێنشین...

هـــەروەها فەرموویـــەتی: ﴿ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَأَنفِقُوا۟ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ...﴿٧﴾ الحديد﴾، واتە: بڕوا بـە خـواو پێغەمبەرەکـەی بێـنن و لەوەدا کە گێڕاونی بە جێنشین-ی خۆی- ببەخشن.

دیارە مەبەست لە جێنشین (خلیفة)ی خوا بوونی مرۆڤیش ئەوەیە، کـە خـوا مرۆڤی لەسەر زەوی داناوەو دەستیشی ئاوەڵا کردوە بۆ تەصەڕوف تێـداکردنی، کە دیارە بەم چەمك (مفهوم)ەی، مرۆڤەکان بە مسوڵمانو کافرو چاك و خراپەوە، دەگونجێ پێیان بگوترێ جێنشینانی خوا (خلفـاء الله)، هەندێك لەتوێژەرەوانیش گوتوویانە: مەبەست لە جێنشینی خوا بوونی مرۆڤ ئەوەیـە، کـە شـەریعەتو

بەرنامەی خوا لە زەویدا پیادەو جێبەجێ بکات، بەڵام مانای یەکەمیان لەگەڵ سیاقی ئایەتەکاندا گونجاوترە.

هەڵبەتە مەبەست لە هەڵگرتنی سپاردەی خوا (حمل أمانة الله)ش لەلایەن مرۆڤەوە، پاش ئەوەی ئاسمانەکانو زەویو شاخەکان بەزمانی حاڵ، بێ توانایی خۆیانیان لەبەرانبەر ئەو ئەرکەدا پیشاندا، هەرئەو جێنشینایەتی کردنەی خوایە، وەك فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾ الأحزاب ﴾.

ئاشکراشە کە جێنشینی خوا بوونی مرۆڤو سپاردەی خوا هەڵگرتنیو ڕێزلێگیرانیو لە چاکترین شێوەدا دروستکرانیشی، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِىٓ ءَادَمَ ...﴿٧٠﴾ الإسراء ﴾، ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ التين ﴾، ئەمانە هەرکامێکیان مرۆڤ بە هەردووك ڕەگەزی نێرو مێیەوە، بەگشتی تێیاندا بەشدارو یەکسانە.

دوو: ئادەمو حەووا یەکەمین خێزانی مرۆڤایەتییان لەسەر زەوی پێکهێنا:

بەڵێ هەموو مرۆڤایەتی بەتێکڕای ڕەنگو تیرەو نەتەوەکانییەوە لەیەك تاکە خێزانەوە هاتوە، کە بابە ئادەمو دایکە حەووان، سەلامی خوایان لێ بێ، وەك خوا عزّوجلّ فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ ...﴿١﴾ النساء ﴾، واتە: ئەی خەڵکینە پارێز لەو پەروەردگارەتان بکەن، کە لە یەك نەفس دروستی کردونو هەرلەویش هاوسەرەکەی وەدیهێناو، پیاوانو ئافرەتانێکی زۆری لێ

پەیداکردن و بڵاوکردنەوە.

کــەواتە:

نێرو مێی یەکەم -ئادەم و حەووا سەلامی خوایان لێ بێ- و سەرجەم نێرو مێیەکانی دیکەی بەشەر، وەك یەك و بێ جیاوازیی لە وەچە خستنەوە و درێژە پێدانی ژیانی مرۆڤدا لەسەر زەوی، بەشدارو خاوەن ڕۆڵن.

سێ: ژیانی دنیا قۆناغ و شوێنی تێدا تاقیکردنەوەی مرۆڤەکانە:

ئەمیش ڕاستییەکە خوای بەرزو بێ وێنە لەچەندان ئایەتدا خستوویەتە ڕوو، بۆ نموونە: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٧﴾ الكهف ﴾، واتە: ئێمە ئەوەی لەسەر زەوییە کردووماندە بەمایەی پێڕازاندنەوەی، تاکو تاقییان بکەینەوە کامەیان کردەوەی چاکترە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾ الملك ﴾، واتە: (خوا) ئەو کەسەیە، کە مەرگ و ژیانی ڕەخساندوون، تاکو تاقیتان بکاتەوە، داخۆ کامەتان کردەوەی چاکترە، وەئەو زاڵی لێبوردەیە.

شایانی باسیشە، کە تاقیکرانەوەی مرۆڤەکان لە بەندایەتی کردنیان بۆ خوادا بەرجەستە دەبێ و ڕێژەی دەرچوون، یان دەرنەچوونیشیان، پەیوەستە بەئەندازەی بەندایەتی کردن، یان بەندایەتی نەکردنیانەوە بۆ خوا، چونکە مرۆڤ بە ئەندازەی ئەوە، کە بەندایەتی (عبودية) بۆ خوا دەکات و خوا دەپەرستێ، ئەو حیکمەت و ئامانجە، کە بۆی دروستکراوە، دێنێتەدی، وەك خوا تبارك وتعالى فەرموویەتی: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ الذاريات ﴾، واتە: وە جندو مرۆڤم بەس بۆ ئەوە دروست کردون، کە بمپەرستن.

کەواتە: کەسێك بەندایەتی بۆ خوا نەکات، مانای وایە حیکمەتو ئامانجی دروستکرانی خۆی نەهێناوەتەدی، دیارە بابایەکی واش بە کەوتوو (راسب)و زیانبار (خاسر) دادەنرێ، هەربۆیەش خوای کاربەجێ لە سووڕتی (التین)دا پاش ئەوەی ڕایدەگەیەنێ، کە مرۆڤی لە چاکترین شێوەدا دروستکردوە، ڕوونی دەکاتەوە، کە بێجگە لە بڕوادارانی چاکەکار سەرجەم مرۆڤەکان بەرەو پلەکانی خواری خوارێ شۆڕ دەبنەوەو دەدۆڕێن: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدْنَٰهُ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ﴿٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾ التين﴾.

ئنجا شتێکی ئاشکرایە، کە بەندایەتی مرۆڤەکان بۆ خوا (عزّوجلّ) لە ئیمان هێنانیانو گەردنکەچکردنیاندا بۆ خواو پابەندبیان بەشەریعەتەکەیەوە، ئمایان دەبێ، یاساکانی شەریعەتیش لەڕووی پەیوەندبیان بە مرۆڤەکانەوەو ڕەچاو کردنو نەکردنی ڕەگەزیان، سێ بەشن:

أ- بەشێکیان گشتیینو پەیوەندبیان بە سەرجەم مرۆڤەکانەوە هەیە، بەدەر لە ڕەچاوکردنی ڕەگەز (نێرایەتیو مێیاتی)یان، کە ئەم بەشە زۆربەی هەرە زۆری یاساکانی شەریعەت دەگرنەوە، بۆ نموونە:

١- لەخۆدا هێنانەدی ئیمانو ئیسلامو پارێزکاریی (تقوی)و چاکەکاریی (إحسان)و... هتد، وەخۆ دوورگرتن لە کوفرو شیرکو نیفاقو گوناهکاریی‌و خراپەکاریی‌و... هتد.

٢- جێبەجێکردنی ئەرکە شەرعییە گشتییەکانی وەک: نوێژو زەکاتو ڕۆژووو حەجو عومرەو یادی خوا...

٣- ئەنجامدانی ئەرکە شەرعییە گشتییەکانی وەک: بەرپاکردنی دروشمەکانی ئایینو فەرمان بەچاکە کردنو ڕێ لە خراپە گرتنو چەسپاندنی دادگەریی‌و

نەهێشتنی ستەم و خراپەو جەنگ و جیهادو... هتد.

٤- خۆ ڕازاندنەوە بەڕەوشت و خووە بەرزەکان و نەدەب و ئاکارە پەسندەکانو، خۆپاراستن لە خەسڵەت و خووخدەو ڕەفتارو هەڵس وکەوتە نزم و پەستەکان.

خوای پەروەردگار (عزّوجلّ) لە ئایەتی ژمارە (٣٥)ی (الأحزاب)دا ئەرکە سەرەکییە گشتی و هاوبەشەکانی پیاوان و ئافرەتانی مسوڵمانی ڕوون کردۆتەوە، کە بریتین لە دە (١٠) ئەرکی گەورەو گرنگ و فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّآئِمِينَ وَٱلصَّآئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾ الأحزاب﴾، واتە: بێگومان پیاوانی مسوڵمانو ئافرەتانی مسوڵمانو، پیاوانی بڕوادارو، ئافرەتانی بڕوادارو، پیاوانی بۆ خوا ملکەچو ئافرەتانی بۆ خوا ملکەچو، پیاوانی ڕاستو ئافرەتانی ڕاستو، پیاوانی خۆڕاگرو ئافرەتانی خۆڕاگرو، پیاوانی لەخوا ترسو پیاوانی ئافرەتانی لەخوا ترسو، پیاوانی بەخشەرو ئافرەتانی بەخشەرو، پیاوانی ڕۆژووگرو ئافرەتانی ڕۆژووگرو، پیاوانی داوێنی خۆ پارێزو ئافرەتانی داوێنی خۆ پارێزو، پیاوانی زۆر خوا لەیادو ئافرەتانی زۆر خوا لەیاد، خوا لێبوردنو پاداشتێکی مەزنی بۆ داناون.

ب- بەشێکیان تایبەتن بەپیاوانەوەو ئافرەتان ناگرنەوە، بۆ نموونە:

١- مارەیی (مَهْر) دان بە ئافرەتانێك، کە دەخوازرێنو گرێبەستی هاوسەرێتی یان لەگەڵ دەبەسترێ، وەك: خوای کاربەجێ فەرموویەتی: ﴿وَءَاتُوا۟ ٱلنِّسَآءَ

صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗ ...﴿٤﴾ النساء﴾، واتە: وە بەبێ بەرانبەر مارەییەکان بدەنە ئافرەتان...

٢- دابین کردنی بژێوو بەرگ و پۆشاك بۆ ژنو منداڵ، وەك خوای زاناو شارەزا فەرموویەتی: ﴿وَعَلَى ٱلۡمَوۡلُودِ لَهُۥ رِزۡقُهُنَّ وَكِسۡوَتُهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِ ...﴿٢٣٣﴾ البقرة﴾، واتە: وە خاوەن (باب)ی منداڵەکە، لەسەری پێویستە بەشێوەیەکی بە باش زانراوو باو بژێوو پۆشاکیان (واتە: منداڵەکەو دایکی) بۆ دابین بکات.

٣- دابین کردنی جێگاو شوێنی تێدا حەوانەوەی ژنو منداڵ، وەك خوای بە بەزەیی فەرموویەتی: ﴿أَسۡكِنُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ سَكَنتُم مِّن وُجۡدِكُمۡ ...﴿٦﴾ الطلاق﴾، واتە: ژنو منداڵەکانتان بەپێی هەبوونتان هەرلەو شوێنەدا، کە خۆتان تێیدا نیشتەجێن، نیشتەجێ بکەن...

بەرێوەبردنو سەرپەرشتی کردنی ژنو خێزان، وەك خوای بەرزو مەزن فەرموویەتی: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ ...﴿٣٤﴾ النساء﴾، واتە: پیاوان چاودێرو سەرپەرشتیارن بەسەر ژنانەوە، بەهۆی ئەوەوە، کە خوا زێدەیی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا، لە سۆنگەی ئەوەشەوە، کە پیاوان لە سامانی خۆیانیان (بۆ ژنەکانیان) خەرج کردوە.

جێی سەرنجیشە، کە خوای کاربەجێ لێرەدا، کە باسی سەرپەرشتیارێتی پیاوانی کردوە بۆ ئافرەتان، مەبەست چوارچێوەی مالّو خێزانە، وەك لەسیاقی ئایەتەکانەوە دیارە، ئنجا کە ئاماژەش دەکات بەهۆکارو پاساوی سەرپەرشتیارێتی پیاوان بۆ ژنەکانیان، دوو شتان دەخاتە ڕوو:

یەک: زێدەیی (فضل)ی هەندێك لە پیاوانو ژنان بەسەر هەندێکیاندا.

دوو: مالّو سامانی خۆ خەرجکردنی پیاوان بۆ مالّو خێزانیان.

ئنجا هەرچەندە هەندێك لە تۆێژەرەوانی قورئان ئەم ڕستە قورئانییەیان ﴿...بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ...﴾ وا لێك داوەتەوە، کە زێدەیی‌و ئیمتیازی پیاوان بەسەر ژنانەوە دەگەیەنێ‌و ﴿بَعْضَهُمْ﴾ یان بە پیاوان‌و ﴿بَعْضٍ﴾یان بەژنان دانـاوە، بـەڵام لەڕاستیدا ئـەو لێکدانەوەیـە ڕاست نیە، چونکە ئەگەر وابووایە دەبوو گوترابا: (بما فضّل الله الرجال علی النساء)، کەواتە: ئایا مەبەست لەم ڕستە قورئانیە چییە؟!

مەبەست ئەوەیە، کە خوای کاربەجێ کۆمەڵێك تایبەتمەندیی دەروونیـی‌و جەستەیی لـەپیاوان‌و ئافرەتـاندا دانـاون، کـە بوونەتـە مایـەی زێـدەیی‌و ئیمتیازی هەرکام لەو دوو ڕەگەزە، بەسەر ئەوی دیکەدا، بۆ نموونە:

پیاوان بەگشتی جەستەیان قەبـەترو بـەهێزو پتـەوترو، دەنـگ‌و سـەدایان گڕترە لە ئافرەتان‌و، ئەوانیش لە بەرانبەردا جوانترو وردو نەرم‌و ناسکترن.

هەروەها پیاوان وێڕای هەبوونی سۆزو بەزەیی، عەقڵو هۆشیان بـەهێزترە لە ئافرەتان‌و، ئەوانیش هەرچـەندە لـە عـەقڵو هـۆش بەهرەمەنـدن، بـەڵام بەزەیی‌و سۆزیان لەهی پیاوان زیاترو بەهێزترە.

شـایانی باسیـشە، کـە جیاوازییـەکانی نێـوان پیـاوو ئـافرەت زۆر لـەوە ناشکراترو بەرچاوترن، کە پێویـست بەسـەلماندن‌و بەڵگـە لەسـەر هێنانـەوە بکات، زاناو بیرمەندی گەورەو خاوەنی پاداشتی (نۆبڵ)، (ئەلکسیس کاریل) لەوبارەوە لە کتێبێکیدا بـەناوی (مرۆڤـ ئـەو نەناسـراوەیە- الإنـسان ذلـك المجهول)دا گوتوویەتی:

﴿ڕژێن (غـدة)ە جینسییەکان بێجگە لە پاڵپێوەنانی مرۆڤـ بۆ ئەنجامـدانی

کاری جینسی، کە مایەی وەچە خستنەوەیە، چەند ئەرکێکی دیکەشیان هەن: هێزی چالاکییە جەستەیی‌و عەقڵیی‌و ڕووحییەکان زیادە دەکەن، هیچ کاتێك بابایەکی خەسێنراو نەبۆتە فەیلەسووفێکی گەورە، یان زانایەکی پایەبەرز، یان تەنانەت تاوانبارێکی بێڕەزاش!

چونکە گونەکان-ی پیاو-و هێلکەدانەکان-ی ئافرەت- چەندان ئەرکی زۆر گرنگیان هەن، ئەوانن، کە خانە نێرینەیی‌و مێینەییەکان بەرهەم دێنن، لەهەمان کاتیشدا چەند ماددەیەکی دیاریکراو دەڕژێننە نێو خوێنەوە، کە سەرجەم خانەو شانەو ئەندام‌و پێکهێنەرەکانی جەستەکان، وەك مۆرکردن بەتایبەتمەندییەکانی نێرینەیی‌و مێینەییەوە پابەند دەکەن... بێگومان جیاوازییەکانی نێوان پیاو و ئافرەت لە شێوەی تایبەتی ئەندامەکانی زاووزێ، یان منداڵدان‌و سکپڕی، یان شێوازی پەروەردەو فێرکردنەوە پەیدا نەبوون، بەڵکو ئەو جیاوازییانە خوارسکییەکەیان زۆر لەوە گرنگترە، چونکە جیاوازییەکە لەخودی خانەو شانەکانەوە هەڵقوڵاوەو، لەو ماددە کیمیاییە دیاریکراوانەوە هاتوە، کە هەرکام لە گون (خصية)و هێلکەدان (مبيض) دەیانڕژێننە نێو جەستەوە.﴾[1]

هەڵبەتە هەربۆیەش —وەك لە بڕگەی دووەم‌دا باسی دەکەین- ئایین‌و بەرنامەی خوای زاناو شارەزاو کاربەجێ بەڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی هەرکام لە پیاوو ئافرەت جیاوازیی خستۆتە نێوان بەشێك لە ئەرك‌و کارەکانیانەوە.

---

١) بڕوانە: (الإنسان ذلك المجهول- مرۆڤ ئەو نەناسراوەیە)، ص (٧٧-٨٠)، وەرگێڕانی: (عادل شقيق) وە بڕوانە: (ئافرەت‌و خێزان لەسایەی شەریعەت دا) ل(٣٣-٣٥)، چاپی دووەم.

ج- وە بەشێك لە یاساکانی شەریعەت تەنیا پەیوەستن بە ئافرەتانەوەو پیاوان ناگرنەوە، بۆ نموونە:

١و٢- فەرمانبەریی کردنی مێرد (لە سنووری شەریعەتدا)و، پاراستنی ئابڕوو کەرامەتو مالّو سامانی، وەك خوای تاكو پاك فەرموویەتی: ﴿...فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ...﴿٣٤﴾ النساء﴾، واتە: ... جا ئافرەتانی چاك فەرمانبەرن (بۆ مێردیان)و پارێزەرن (بۆ ئابڕوو مالّو سامانی مێردیان) لەکاتی لەمالّنەبوونیاندا بەهۆی ئەوەوە کە خوا (مافەکانی) ئەوانی پاراستوە...

٣- شیر پێدانی کۆرپە، وەك خوای بەبەزەیی فەرموویەتی: ﴿وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ۚ ...﴿٢٣٣﴾ البقرة﴾، وە دایکان دوو ساڵی ڕەبەق شیر بە منداڵەکانیان دەدەن، بۆ هەرکەسێك ویستی ماوەی شیر پێدان تەواو بکات...

٤- خۆ داپۆشینو جوانیی خۆ (بێجگە لە دەمو چاوو هەردووك دەست هەتا مەچەك) دەرنەخستن بۆ پیاوانی نا مەحرەم، وەك خوای بەرزو بێ وێنە فەرموویەتی: ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوْ نِسَآئِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيْرِ أُو۟لِى ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا

عَلَىٰ عَوْرَٰتِ ٱلنِّسَآءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾ النور ﴾،

واتە: وەبەئافرەتانی بڕوادار بڵێ با لەنیگای چاوەکانیان بگرنەوەو داوێنیان بپارێزن، وە باجوانیی خۆیـــــان جگە لەوەی، کە (بەشێوەیەکی ئاسایی) دەردەکەوێ دەرنەخەن، با سەرپۆشـــەکانیان بەسەر یەخـــەو بەرۆکیان دابـەنو جوانیی خۆیان دەرنەخـــــەن، مەگـــەر بۆ مێردەکانیـان، یان بابـــەکانیان، یـــان بابی مێردەکانـــیان، یان کـــوڕانی مێردەکانیـان، یان برایەکانیان، یان کوڕانی برایەکانیان، یان کوڕانی خوشـــکەکانیـان، یان ئافرەتانیان، یان کۆیلەکانیان، یان پیاوانێکی خزمەتکـــار کە پێویستییان بە ئافرەتان نیە، یان منداڵانێك، کە جارێ ئاشـــــنا نەبوون بە جەستەی ئافرەتان، با (ئافرەتان) پێیان بەزەویدا نەکوتن بەمەبەستی پەپێبرانی ئەو جوانییەی، کە پەنهانیان کردوە، تێکـــڕا بۆلای خوا بگەڕێنـــــــەوە ئەی بڕوادارینە بەڵکو سەرفرازبن.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەشدا دەڵێین:

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا، کە ڕابرد دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییـــە، کـــە پیـــاوانو ئافرەتانێك کە دەیانەوێ ئەرکی جێنشینایەتی خوا عزّوجلّ لەسەر زەوی بەباشی ئەنجام بدەنو، سپاردە (أمانة)ی خوا وەك بـــۆی شایـستەیە هـــەڵبگرنو، زایـــەی نەکەنو، بەهۆی بەندایەتی بۆ خوا کردنیانەوە حیکمەتو ئامانجی وەدیهێنرانیان بهێننەدیو، لـــە تاقیکردنـــەوەی خـــوا، کـــە لـــەژیانی دنیـــادا بـــۆی ســـازکردوون دەربچن، پێویستە:

هەوڵی جێبەجێکردنی هەرسێك بەشـــــەکەی یاســـاکانی شـــەریعەت بـــدەن، هەرکەسە بەپێی توانای بڕستیو بەگوێرەی چۆنیەتیو سروشـــتی یاســـاکان، کـــە پێشتر باسمان کرد.

دیارە دەعوای ئیمان هێنانو مسوڵمانەتییش، تەنیا کاتێك لە مرۆڤ دەسەلمێنرێو بەڕاست دادەنرێ، کە خاوەنەکەی چ نێر بێ، چ مێ بە قەناعەتەوە یاساو بڕیارەکانی شەریعەتی قبوولّ بنو بۆیان تەسلیمو ملکەچ بێ، ئەگەرنا ئیددیعای مسوڵمانەتی کردنو ناڕازیی بوونو ملنەدان بۆ یاساو بڕیارەکانی شەریعەت پێکەوە ناگونجێن، وەك خوا عزّوجلّ فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾ الأحزاب﴾، واتە: هیچ پیاوێکی بڕوادارو ئافرەتێکی بڕوادار، دوای ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی بڕیارێك دەدەن، بۆیان نیە لە بەرانبەریدا سەرپشك بن، هەرکەسێك سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە گومڕابوونێکی ئاشکرا گومڕابووە.

ئنجا لەڕاستیدا کۆمەڵو کۆمەڵگای مسوڵمان، بەبێ هاوکاریی‌و دەستبار بۆ یەکدی گرتنی هەردووك ڕەگەزی نێرو مێ، ناتوانێ ئەرکە شەرعییەکانی جێ بەجێ بکات، هەربۆیەش خوا سبحانه وتعالی فەرموویەتی: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾ التوبة﴾، واتە: پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوادار، هەندێکیان پشتیوانی هەندێکیانن، فەرمان بەچاکەو ڕێگریی لە خراپە دەکەنو نوێژ بەرپا دەکەنو زەکات دەدەنو، فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، ئا ئەوانە خوا بەزەیی پێیاندا دێ، بێگومان خوا زاڵی کاربەجێیە.

تـەوەرەی دووەم: سـروشتو پایەکـانی خێـزان:

ئیسلام گرنگیو بایەخێکی زۆری بە خێزان داوە، چ لەڕووی شێوازو چۆنیەتی بنیاتنانییەوە، چ لەڕووی پارێزگاریی لێکردنیو چۆنیەتی چارەسـەرکردنی ئـەو گرفتو کێشانەوە، کە لەنێوان ژنو مێـرددا پەیـدا دەبـن، باشـترینو زەقترین بەڵگەش لـەوبارەوە ئەوەیـە، کـە هـەم لـە قورئـانو هـەم لـە سـوننەتیش‌دا، ژمارەیەکی زۆر ئایەتو دەقی سوننەت هەن، کـە بەتـەواویی لـەبواری خێـزان (أُسـرة)دا –کـە ئێـستا زاراوەی بـاری کەسـێتی (الأحـوال الشخـصية)ی بـۆ بەکاردێ- نوختەیان خستۆتە سەر پیت، لەحاڵێك‌دا، کە بـوارێکی گرنگـی وەك حوکمو سیاسەت، شەریعەت بەوەندە وازی هێناوە، کە بە چەند دەقێکـی کـەم، هێڵە گشتییەکانیو چوارچێوەی فراوانی بۆ دیاری کردوە!

دیارە حیکمەتی ئەمەش ئەوەیە، کە بواری خێزان بوارێکی یەکجار گـرنگو هەستیارەو، عەقڵو ئەزموونی مرۆڤ، تواناو بڕسـتی بەسـەردا ناشـکێ، بۆیـە خوای کاربەجێ وەك بوارو لایەنەکانی دیکەی ژیانو گوزەران، بۆ وێنە: حـوکمو سیاسەتو ئابووریی‌و ڕاگەیاندنو هونەرو جەنگو ئاشـتی، هەربەوەنـدە لـێی نەگەڕاوە، کە چەند بنەماو هێڵێکی گشتی بۆ دابنێو بۆشایی زۆری تێدا بەجێ بهێڵێ، کە دوایی مرۆڤ بەگوێرەی گۆڕانو بەرەو پێشـچوونی ژیـانو گـوزەرانی لەبەر ڕۆشنایی بنەماو هێڵە گشتییەکان‌دا کۆشش (إجتهـاد)یـان بـۆ بکـاتو، بەیاساو بڕیاری گونجاو پڕی بکاتـەوە، وەك –لـەکتێبی (تـەوژمی ئیـسلامیی‌و عەلمانیی‌و خاڵە هاوبەشو جیاوازەکانیان)دا باسمان کردوە-، بـەڵکو خـوای بـە بەزەیی‌و کاربەجێ لەم بوارە گرنگو هەستیارەدا، زۆر بەوردی نوختـەی خـستۆتە سەرپیتو لە هیچ مەسەلەیەکی گـرنگو بنـەڕەتی‌دا، جێگـای بگـرەو بـەردەو مشتو مڕی نەهێشتۆتەوە.

ئێستاش بۆ ئەوەی هەم مەسەلەی گرنگیو بایەخ پێدانی شەریعەت بە خێزانو هەم سروشتو پایەکانیمان لەلا ڕوونتر بن، با سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدەین، کە دەمانەوێ بەپوختیو گوشراویی سروشتو پایەو بنەڕەتەکانی خێزانیان تێدا بخەینەڕوو:

یەک: خێزان تەنیا یەک جۆری هەیە، کە بریتیە لە: مێرد + ژنێک، یان زیاتر هەتا چوار:

ڕەنگە هەندێک کەس پێیان سەیربێ، کە ئەم مەسەلەیە باس دەکەین، بەڵام ئەگەر شارەزای دەنگو باسی وڵاتانی دنیا بەتایبەت ڕۆژئاوا بن، سەرسوڕمانەکەیان نامێنێ، چونکە ئێستا لە هەندێک وڵاتانی دنیادا، جگە لەخێزان بەو شێوە شەرعییو سروشتییەی، کە دەیزانین، چەند جۆرە خێزانێکی دیکەش پەیدا بوونو بەڕەسمییش دانیان پێدانراوە، وەک: دوو پیاو، دوو ژن، هاوەڵی کچ (girl friend)، هاوەڵی کوڕ (boy friend).

بەڵێ لە ئیسلامدا تەنیا یەک جۆرە خێزانی ڕەواو سروشتی هەیە، کە بریتیە لە پێک گەیشتنی پیاو و ئافرەتێکی بەیەک شیاو بەشێوەیەکی ئاشکراو، لەسەر بناغەی گرێبەستێکی ئازادانە، وەک دواتر ئاماژەی پێدەکەین.

بەڵگەش لەسەر ئەوە، کە شەریعەتی ئیسلامیی تەنیا ئەو جۆرە خێزانە بەخێزان دەزانێ، زۆرن بۆ نموونە:

﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَٰفِظُونَ ۝٥ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ۝٦ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ۝٧ المؤمنون، المعارج (٢٩،٣٠،٣١)﴾، واتە: وە ئەو کەسانەی، کە داوێنیان دەپارێزن، مەگەر لە هاوسەرانیان، یان ئەوانەی، کە بەدەستی ڕاستیانەوەن

(کەنیزەکەکانیان) ئەوە لەو بوارەدا سەرزەنشت ناکرێن . بەڵام هەرکەسێك شتێکی دیکەی بەدەر لەوە بخوازێ ئەوە ئەوانەن لادەر.

کـــەواتە:

بێجگە لە هاوسەرگیریی باوی نێوان پیاوو ئافرەت، هەرجۆرە پەیوەندییەکی دیکەی جینسی قەدەغەو ناڕەوایە.

دیارە کە باسی کۆیلەو کەنیزەکیش کراوە لە قورئاندا، چ لێرەداو چ لە هەر شوێنێکی دیکەدا، وەك شتێکی کردەیی و ئەمری واقیع باسکراوە، نەك وەك شتێکی پەسندو خوازراوی ئیسلام، بەبەڵگەی نەوە، کە لە هیچ ئایەتێکدا باسی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ نەکراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەچەندان ئایەتدا باسی ئازادکردنی کۆیلان کراوە، بۆ نموونە: ئایەتی ژمارە (٩٢)ی (النساء)، کە باسی کەفارەتی کوشتنی هەڵە (خطأ) دەکات، ئایەتی ژمارە (٨٩)ی (المائدة)، کە باسی کەفارەتی سوێند دەکات، ئایەتی ژمارە (٣)ی (المجادلة)، کە باسی کەفارەتی (ظهار) دەکات. قورئان یەکەمین کتێبو بەرنامە بوو، کە زەمینەی ڕزگارکردنی کۆیلانو بنەبڕکردنی دیاردەی بەکۆیلەکردنی مرۆڤی ڕەخساند.

دوو: ژنو میـــرد لـــە مرۆڤایـــەتیو بەندایـــەتییان بـــۆ خـــواو بەرپرسیارێتییان لە بەرانبەر دینو ژینی کۆمەڵگادا یەکسانن:

وەك خـــوای زاناو توانا فەرموویەتی:

* ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا ... ﴿٢١﴾ الـــــروم ﴾، واتە: وە لـە نیشانەکانی (پـەروەردگاریتی خـوا) ئەوەیـە، کـە لـەخۆتان هاوسەری بۆ ڕەخساندوون.

هەروەها فەرموویەتی:

* ﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾ النساء ﴾، واتە: هەرکەسێك لەنێر، یان لەمێ، کردەوە باشەکان بکاتو بڕوادارییش بێ، ئەوە ئەوانە دەچنە بەهەشتەوەو هێندەی شوێنەکەی سەر نێوکە خورما ستەمیان لێناکرێ.

هەروەها فەرموویەتی:

* ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ ... ﴿٧١﴾ التوبة ﴾.

پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی:

* (كلّكم راع وكلّكم مسئول عن رعيّة...) متفق عليه، واتە: هەرکامێکتان چاودێرەو بەرپرسیاریشە بەرانبەر بە کۆمەڵگاکەی...

بەڵێ ئیسلام لەو ڕووەوە، کە ژنو مێرد، یان ئافرەتو پیاو بەگشتی، هەردووکیان مرۆڤنو خاوەنی خود (نفس)ێکی بەشەرینو، لەو ڕووەوە، کە هەردووکیان بەندەی خوانو، لەو ڕووەوە، کە هەردووك ڕەگەزی نێرو مێ، دوو پێکهێنەری هەر کۆمەڵگایەکن، بەیەك چاو تەماشای کردونو، پێکەوەی یەکسان کردونو، هیچ فەرقو جیاوازییەکی نەخستۆتە نێوانیانەوە، بەڵام ئایا یەکسان بوونی ژنو مێرد، یان ئافرەتو پیاو لە مرۆڤ بوونو بەندەی خوا بوونو بەرانبەر بەکۆمەڵگا بەرپرسیاربوونداً، مانای وایە، کە ئافرەتو پیاو هیچ جیاوازییەکی سروشتییان لەنێواندا نیەو، لە هەموو شتێکداو لە هەموو

ڕووێکەوە وەك یەکن‌و، حەتمەن دەبێ هەردووکیشیان یەك جۆرە ئەرك‌و کار وەئەستۆ بگرن ؟!!

شەریعەت دەڵێ: بێگومان نەخێر، دیارە لەم نەخێر گوتنەشدا واقیع‌و فیطرەت‌و عەقڵ‌و زانست، پشتگیریی شەریعەتی خوای بەرزو مەزنن، بابزانین چۆن؟!

شایەدی دانی واقیع:

هەرکەسێك بەوردی سەرنج بداتە کۆمەڵگاکانی بەشەر بەگشتی‌و تێکڕایی، بە مسوڵمان‌و نا مسوڵمان‌و دیندارو بێ دین‌و کۆن‌و تازەوە، تەنانەت ئەوانەشیان، کە بەهەموو توانایانەوە دەهۆڵی بانگەشەی یەکسانیی‌و، وەك یەکبوونی ژن‌و پیاو دەکوتن‌و، لەمێژە ئافرەتیان لە مافۆ حاڵی خۆی وەدەرناوەو، وازیان پێ لە ئەرکی سروشتیی‌و فیطرپی خۆی هێناوە، مەگەر بەدەگمەن، ئەگەرنا ئافرەتێکی فەیلەسووف، یان سەرۆك‌و پاشا، یان فەرماندە، یان مێژوونووس، یان دۆزەرەوە (مُكْتَشِفْ)،..هتد، لەنێو ئاپۆڕای پیاوانی فەیلەسووف‌و پادشاو سەرۆك‌و فەرماندەو مێژوونووس‌و دۆزەرەوەو...هتددا نابینێ!

هەردوور نەڕۆین، ئەوەتا دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای هەڵگری مەشخەڵی لیبرالیزم‌و دیموکراسیی‌و یەکسانی ژن‌و پیاو، لەسەرەتای مێژوویەوە هەتا ئەمڕۆ، تەنانەت یەك جاریش ژنێك نەبۆتە سەرۆك!

جا دیارە ئەم دیاردەیە، ئەگەر تەنیا لە جیهانی ئیسلامییدا بوایە، دەگونجا بەوە پاساو بدرێتەوە، کە ئەوە فیتی پەروەردەی ئایینییە، بەڵام لە حاڵێکدا، کە خۆمان لە بەرانبەر حاڵەت‌و دیاردەیەکی ئاوا جیهانیی‌و گشتگیردا دەبینینەود، عەقڵ‌و مەنتیق ناچارمان دەکەن دانی پێدا بنێین، کە هۆکاری

پەیدابوونی ئەو حاڵەتو دیاردە مرۆیی‌و جیهانییە، هەر دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان پێکهاتەی سروشتیی پیاوو ئافرەت‌و، خوای کاربەجێ کەسایەتی هەرکام لە پیاو و ژنی وا هەڵخستوە، کە لە هەندێك کاروباردا، توانا و ئامادەیی زیاتری هەبێ‌و، پێش ڕەگەزەکەی دیکە بکەوێتەوە.

شایەدی دانی سروشت‌و فیطرەت:

ئافرەتان لە هەر کۆمەڵگایەك دابن‌و بەدرێژایی میژووی بەشەر، لەناخیانەوە هەستی دایکایەتی‌و مالداریی‌و کابانییان هەر هەبووەو، هیچ ئافرەتێك نیە — مەگەر میزاجی تێکچووبێ- کە حەزنەکات هێلانەو مالو حالی خۆی هەبێ‌و، لە سێبەری مالو میردی خۆیدا ژیان بگوزەرێنێ، کاتێکیش ئافرەتان لەو حالەتە خوارسك‌و خوازراوەی سروشتیان بەهەر هۆیەکەوە بێ، بێبەش دەبن، هەست بە دڵتەنگیی‌و نا ئارامیی‌و بەدبەختی دەکەن وا هەست دەکەن، کە شتێکیان لێ ون بووە، هەربۆیەش لەو ولاتانەدا، کە ئافرەتان ناچاری کارو کاسبیی‌و لەمالو چوونە دەرەوەو بژێو پەیداکردن دەکەن، بێزاریی‌و ناڕەزایی لەو حالەتە ناسروشتییەیان دەردەبڕن‌و، داوای بوونی مالو حالی خۆیان دەکەن!

بەڵێ مێینایەتی (أُنوثة) ئافرەت، داخوازیی چەند شتێك دەکات، کە بەتایبەتمەندێتی ئافرەت دادەنرێن، وەك چۆن نێرینایەتی (ذکورة) پیاویش چەند شتێك دەخوازن، کە بەتایبەتمەندی پیاو دادەنرێن‌و، وەك یەك تەماشاکردنی ئەو دوو ڕەگەزە لە هەموو شتێك‌دا، نادیدە گرتنی ئەو تایبەتمەندییانە (خصائص)یان، کە لەسروشت‌و ڕەگەزی هەرکامێکیانەوە هەڵدەقوڵن، شتێکی بێجێ‌و هەڵەو پێچەوانەو دژی فیطرەتیانە.

شایەدی دانی عەقڵو زانست:

بۆ خستنە ڕووی چۆنیەتی شایەدیی دانی عەقڵو زانست لەوبارەوە، کە ناگونجێو شتێکی ڕاست نیەو بەهەڵە لێتێگەیشتنی چەمکو واتای (یەکسانیی نێوان ئافرەتو پیاو)ە، کە بێنین لە هەموو ڕووێکەوە، یەک جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو ڕەگەزەدا بکەینو، لە هەموو شتێکدا وەک یەکیان لێ بکەین!! با جارێکی دیکە گوێ بۆ زاناو بیرمەندی ناودار (ئەلکسیس کاریل) بگرین، ئەم زانا ناوداڕە پاش ئەو قسانەی کە پێشتر لێیەوە نەقڵمان کردن، دەڵێ[1]:

(...جا لە ئەنجامی ئەوەدا، کە ئەوانەی بەرگرییان لە مێینەیی (أُنوثة) کردوە، لەو ڕاستییە جەوهەرییانە بێئاگابوونە، پێیان وابووە، کە دەبێ هەردووک ڕەگەزەکە یەک جۆرە خوێندن بخوێنن‌و، پێویستە یەک جۆرە هێزو وزەیان پێبدرێو بەرپرسیارێتی وەک یەکیان پێبسپێرێ!

بەڵام لەڕاستیدا ئافرەت زۆر لەپیاو جیاوازەو، هەر خانەیەک لە خانەکانی جەستەی، مۆرکی ڕەگەزەکەی خۆی پێوەیە... هەروەها هەموو ئەندامەکانیشی هەروان، لە سەروشیانەوە کۆتەندامی مێشکی...

دەبێ بزانین، کە یاسا کار ئەندامییەکان (القوانین الفسیولوجیة)یش، وەک یاسا گەردوونییەکان، کارشکێنییان لەگەڵ ناکرێو، ناکرێ ئارەزووە ئینسانییەکان جێگایان بگرنەوە، بۆیە ئێمە ناچارین وەک خۆیان، کە هەن ئاوا قبوڵیان بکەین.

جا لەسەر ئافرەتان پێویستە، کە کەسایەتی خۆیان بەگوێرەی سروشتی خۆیان گەشە پێبدەن‌و، هەوڵنەدەن لاسایی نێرینەکان بکەنەوە، چونکە بەتەنکید ڕۆڵی ئەوان لە پێشخستنی ژیار (حضارة)دا، لە هی پیاوان بەرزترە،

---

١) (مرۆڤ نەو نەناسراوەیە — الإنسان ذلك المجهول)، ص (٧٧-٨٠).

بۆیە نابێ دەستبەرداریی ئەرکە سروشتییە دیاریکراوەکانی خۆیان ببن.

پاشان لە کۆتاییدا دەڵێ:

بێگومان گرنگی ئەرکی سکپڕیی و منداڵ بوون بۆ دایك، هەتا ئێستا، وەك پێویست نەزانراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەو ئەرکە پێویستە بۆ کاملبوونو گەشەکردنی ئافرەت.

بۆیە زۆر کەودەنییە، کەوا لە ئافرەت بکەین نکوولیی لە دایکایەتی بکات.

لەبەرئەوە پێویستە هەمان فێرکردنو ڕاهێنانو هیواو ئاوات لەدڵدا ڕواندنی عەقڵیی و ماددیی، کە بۆ کوڕان تەرخانکراوە بۆ کچان دانەنرێ، بەڵکو پێویستە پەروەردەکەران، گرنگییەکی زۆر بەتایبەتەندییە عەقڵیی و ئەندامییەکانی نێرو مێ بدەن.

هەروەها گرنگی بە ئەرکە سروشتییەکان بدەن، چونکە لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا، چەندان جیاوازیی وا هەن، کە هەڵناوەشێنرێنەوە، بۆیە هیچ چارمان نیەو دەبێ لە بنیاتنانی جیهانێکی شارستانییدا، حیسابی ئەو جیاوازییانە بکەینو لەبەرچاویان بگرین).

دیارە هەر لێرەشدا، حیکمەتی قەدەغەکردنی خۆ وێکچواندن (تشبُّه)و، لاسایی کردنەوەی هەرکام لەژنانو پیاوانمان بۆ دەردەکەوێ، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((**ليس مِنَّا مَنْ تشَبَّهَ بالرجال من النساء، ولا مَنْ تشَبَّه بالنساء من الرجال**)) رواه أبو داود بسند صحيح، واتە: ئەو ژنانەی، کە خۆیان وەك پیاوان لێدەکەن لە ئێمە نین، ئەو پیاوانەش، کە خۆیان بەژنان دەچوێنن لە ئێمە نین.

لە (صحيح البخاري)دا هاتوە: ((**لَعَنَ رسول الله ﷺ المتشبِّهين من الرجال بالنساء، والمتشبِّهات من النساءِ بالرجال**))، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ

نەفرەتی لەو پیاوانە کردوە، کە خۆیان بەژنان دەچوێنن، ئەو ژنانەش، کە خۆیان بەپیاوان دەچوێنن.

ئنجا پێویستە لەو ڕاستییەش بێئاگا نەبین، کە پاڵنەرو هۆکاری سەرەکی جەختکردنەوەی ئەوانەی، کە بەڕواڵەت بەرگری لە ئافرەت دەکەن، لەسەر ئەوە، کە ئافرەتو پیاو لە هەموو شتێکدا وەک یەکن، ئەوەیە کە مێینایەتی (أُنوثة) بە کەمێتی (نقيصة) دەزانن و، پێیان وایە، کە بەبێ سەلماندنی وەک یەکبوونی پیاوو ئافرەت لە هەموو شتێکداو، بەبێ نکوولێی کردن لە جیاوازییەکانیان، یەکسان بوونی ئافرەتو پیاو لە مافەکانیاندا دەستەبەر نابێ! بەڵام بەڕاستی وانیەو خراپ بە هەڵەداچوونە، چونکە:

أ- نە نێرینایەتی (ذكورة) لە خودی خۆیدا پەسندیی (فضيلة)یەو، نە مێینایەتی (أُنوثة)یش کەمێتی (نقيصة)یە، چونکە ما قوولّ نیە هۆی بەرزیی و نزمیی مرۆڤەکان شتێك بێ، کە دەستیان لە وەدەستهێنانی دا نیە، لە هیچ دەقێکی شەریعەتیشدا شتی وا باس نەکراوە.

ب- ڕێزو حورمەتی مرۆڤەکانو دابینکردنی مافەکانیان، هیچ پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتوە، کە لە هەموو شتێکدا وەک یەک بن و هیچ جیاوازییەکیان نەبێ، با بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست وێنەیەک بێنینەوە:

ئاشکرایە، کە بابایەکی پزیشکو بابایەکی ئەندازیار، هەرچەندە لە مرۆڤبوونیاندا یەکسانن، بەڵام کارو پسپۆڕییان لەیەک جیاوازە، جا ئایا بۆ ئەوەی یەکسان بن پەکیان لەسەر ئەوە کەوتوە، کە واز لەکارو پسپۆڕیی تایبەتی خۆیان بهێنن و، هەرکامیان کاری ئەوی دیکە بکات؟! بێگومان نەخێرو هەر لێرەشەوەیە، کە پێشینانمان گوتیانە: (نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب).

کـــەواتە:

یەکسانیی پیاوو ئافرەتیش لە مرۆڤبوونیانو بەندەبوونیان بۆ خواو بەرپرسیارێتی‌یاندایە بەرانبەر بە دینو ژینی کۆمەڵگاکەیانو، بەهیچ جۆرێک ئافرەت بۆ یەکسانبوونی لەگەڵ پیاودا پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتوە، کە بیسەلمێنێ هیچ جیاوازیی لەگەڵ پیاودا نیەو، نکوولێی لەمێینایەتیو ئەو تایبەتمەندییانەی خۆی بکات، کە لە مێینایەتییەوە هەڵدەقوڵنو، بێنێ خۆی لەو ئیشوکارانەوە هەڵقورتێنێ، کە هی پیاونو بە پیاو نەبێ ناکرێن، یان بە پیاو چاکتر دەکرێنو واز لە ئەرکە خوارسكو سروشتییەکانی خۆی بێنێ، کە بەخۆی نەبێ ناکرێن! چونکە لە ئاوا حاڵێکدا:

یەکەم: هەرگیز ناتوانێ ئیسپاتی ئەوە بکات، کە هیچ جیاوازیی لەگەڵ پیاودا نیەو واقیعو فیطرەتو عەقڵو زانست لەدژینی.

دووەم: بەنکوولێی کردنی لە مێینایەتی خۆیو تایبەتمەندییە سروشتییەکانی، لە مێینە (أُنثی) بوون ناشۆرێو نابێتە نێرینە!

سێیەم: بە وازلێهێنانی ئەرکە خوارسكو سروشتییەکانیو خۆ هەڵقورتاندنی لە ئیشو کارەکانی پیاو، ئەوەی کە باشی دەزانێ ئەنجامی نادات‌و، ئەوەی کە تێبدا ناکارامەو کۆڵەوارە خۆی پێوە خەریک دەکات‌و، سەرەنجام لەدوو سەرەوە زیان دەکاتو عەلی کوڕی ئەبوو طالێبیش خوا لێی ڕازی بێ جوانی گوتوە: (قیمة المرءِ ما یُحْسِنُهُ)، واتە: نرخی مرۆڤ لە کارێکدا دەردەکەوێ، کە بە باشی دەیکات!

کـــەواتە:

ڕاستو ڕەوا ئەوەیە کە –وەک شەریعەتی خوای کاربەجێ فەرموویەتی-: پیاوانو ئافرەتان بەگشتیو ژنو مێردەکان بەتایبەت، ئەرکو کارە

هاوبەشەکانیان پێکەوەو بەهاوکاری ئەنجام بدەن، پاشان هەرکامێکیان بەئەرکو کارە خوا ڕسکاو سروشتییەکانی خۆی هەڵسێو، پیاوان پیاوەتی خۆیانو، ئافرەتانیش ژنایەتی خۆیان لە بواری پسپۆڕیی خۆیانداا بەرجەستەو ئیسپات بکەن، ئیدی بەجۆرە هەرکامێکیان بەچاکترین شێوە ئیسپاتی شایستەییو لێهاتوویی خۆیشی دەکاتو، خزمەتی خێزانو کۆمەڵگایەکەشی دەکات!

سێ: خێزان لەسەر بناغەی گرێبەست (عقد)ێکی ئازادانەو ئارەزوومەندانەی ڕوونو ئاشکرای نێوان پیاوو ئافرەتێکی بۆ یەک حەڵاڵ بنیات دەنرێ:

ئەم پایەو بنەڕەتە گرنگەی پێکەوەنانی خێزان لەم چەند خاڵەدا ڕوون دەکەینەوە:

١- ئەو پیاوو ئافرەتانەی دەیانەوێ ببنە هاوسەری یەکدی دەبێ بۆ یەک حەڵاڵ بن:

وەک خوای زاناو شارەزا فەرموویەتی: ﴿فَٱنكِحُوا۟ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ... ﴿٣﴾ النساء﴾، واتە: دەجا ئەو ئافرەتانەی، کە بۆتان حەڵاڵن بخوازنو مارە بکەن.

جا لە سۆنگەی ئەوەوە، کە ئافرەتانی حەڵاڵو شیاو بۆ هاوسەرگیریی زۆر زیاترن لەوانەی قەدەغەن، کێبی خوای کاربەجێ وەک عادەتی خۆی، هەموو ئەو جۆرە ئافرەتانەی، کە بەپیاو ناشێن سەرژمێری کردون، تاکو هەرچی نەکەوتە ئەو جوغزەوە بزانرێ، کە ڕەوایە، ئەو ئافرەتانەش، کە بۆ هاوسەرگیریی ڕەوانین ئەم چوارده (١٤)یەن وەک خوا عزّوجلّ لە ئایەتەکانی (٢٣، ٢٤)ی (النساء)دا باسی کردون:

١- دایك، ٢- كچ، ٣- خوشك، ٤- پوور (خوشكی باب)، ٥- پلك (خوشكی دایك)، ٦- كچی برا، ٧- كچی خوشك، ٨- دایكی شیریی، ٩- خوشكی شیریی، ١٠- خەسوو، ١١- كچی هاوسەرێك، كە مێرد چووبێتە لای، ١٢- بووك (هاوسەری كوڕ)، ١٣- كۆكردنەوەی دوو خوشك لە یەك كاتدا، ١٤- ژنی هاوسەردار.

٢- پیاوەكە داوای ئافرەت دەكاتو، مارەییەكەی وەك دیارییەكو بەڵگەیەك لەسەر ئارەزوومەند بوونی بۆی، بە ئافرەت دەدات:

وەك پێشتر باسمان كرد، شەریعەتی خوای كاربەجێ لە هەموو یاساكانیدا سروشتو پێكهاتەی مرۆڤەكانی ڕەچاوكردوە، جا لە سۆنگەی ئەوەوە، كە ئافرەت بەخواڕسك حەزدەكات، خوازراوو داواكراو (مرغوب و مطلوب)بێ، بەپێچەوانەی پیاوەوە، كە بەسروشت حەزدەكات دەستپێشخەرو داواكار (مبادر و طالب) بێ، شەریعەتی ئیسلام پیاوانی وادار كردوە، كە بە مەبەستی هاوسەرگیریی ئافرەتان بخوازنو مارەیان بكەن، وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِۦ مِنْ خِطْبَةِ ٱلنِّسَآءِ أَوْ أَكْنَنتُمْ فِىٓ أَنفُسِكُمْ ﴿٢٣٥﴾ البقرة﴾، واتە: گوناهتان ناگا بەهۆی ئەوەوە، كە ئاماژەی پێدەكەن بەخواستنی ئافرەتان، یان لەدڵی خۆتاندا پەنهانی دەكەن، هەروەها فەرموویەتی: ﴿..فَٱنكِحُوا۟ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ..﴿٣﴾ النساء﴾.

هەروەها فەرمانیشی پێكردون، كە مارەیی (مَهْر) وەك دیارییەكی ئارەزوومەندانە بدەنە ژنانێك، كە بەهاوسەریان دەگرن، وەك خوا (عزّوجلّ) فەرموویەتی: ﴿وَءَاتُوا۟ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحْلَةً ...﴿٤﴾ النساء﴾، واتە: وە وەك دیارییەكی بێ بەرانبەر، مارەییەكانیان بە ئافرەتان بدەن.

٣- کاکڵەی پرۆسەی بنیاتنانی ژیانی هاوسەریی ئەو گرێبەستەیە، کە بە شێوەیەکی ئازادانەو ئارەزوومەندانە لە نێوان ژنو میێرددا ئەنجام دەدرێ:

قورئان لە چەند شوێنێکدا باسی ئەو گرێبەستەی کردوەو بە ﴿عُقْدَةَ ٱلنِّكَاحِ﴾و بە ﴿مِّيثَٰقًا غَلِيظًا﴾ پێناسەی کردوە، بۆ نموونە:

یەک: لە ساقێکدا، کە باسی مارەکردنەوەی ژنانی بێوەژن دەکات، پاش بەسەرچوونی عیددەیان، کە چوار مانگو دە شەوە، فەرموویەتی: ﴿..وَلَا تَعْزِمُوا۟ عُقْدَةَ ٱلنِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْكِتَٰبُ أَجَلَهُۥ..﴾ (٢٣٥) البقرة، واتە: بڕیاری یەکجارەکی لەبارەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەوە مەدەن، هەتا کاتی عیددەکە بەسەر دەچێ.

دوو: هەروەها لە سیاقێکدا، کە باسی ڕەوا نەبوونی وەرگرتنەوەی هیچ شتێک لەو مارەییەی، کە پیاو دەیداتە ژنەکەی، پاش ئەوەی لەیەک جیادەبنەوە، خوا سبحانە وتعالی گرێبەستی هاوسەرێتی بە پەیمانێکی پتەو ﴿مِّيثَٰقًا غَلِيظًا﴾ ناوبردوە، وەک فەرموویەتی: ﴿وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُۥ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا﴾ (٢١) النساء.

پێغەمبەری خواش ﷺ لەوبارەوە فەرموویەتی:

((واتقوا الله في النساء، فإنكم أخذتموهنَّ بأمانة الله واستحللْتم فروجَهُنَّ بكلمة الله)) رواه مسلم، واتە: وە لەبارەی ژنانەوە پارێز لە خوا بکەن! چونکە ئێوە وەک سپاردەی خوا گرتوونو، بە وشەی خوا داوێنتانیان بۆ خۆتان حەڵاڵ کردوە.

بۆ سەلماندنی ئەوەش، کە ئەو گرێبەستە (عَقْد)ە پێویستە بە شێوەیەکی ئازادانەو ئارەزوومەندانەی هەردووک لا ئەنجام بدرێ، ئەگەرنا ڕەوا نیە، بەڵگە زۆرن، بۆ نموونە:

١) خودی گرێبەست بوونی پرۆسەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە، کە دەبێ هەردوولای گرێدەری ئەو پەیمانە بە ئیرادەو خواستی ئازادانەو ئارەزوومەندانەی خۆیانەوە بیبەستن، ئەگەرنا لەکاتی هەبوونی فشارو ناچارکردن (ضغط وإكراه)دا، ئەو پرۆسەیە نێوەڕۆکی خۆی لەدەست دەدات‌و، پێویستە ناوەکەیشی لەسەر نەمێنێ!

٢) خوای بەرزو بڕۆێنە لەبارەی چۆنیەتی‌و سروشتی پەیوەندی نێوان ژن‌و مێردەوە فەرموویەتی: ﴿..هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ﴿١٨٧﴾ البقرة﴾، واتە: ژنەکانتان پۆشاکن بۆ ئێوەو، ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان.

جا دیارە هیچکەس بەویست‌و خواستی ئازادانەی خۆی نەبێ پۆشاک ناپۆشێ، ئەدی چۆن شەریعەتی دادگەری خوا (عزّوجلّ) ڕێ دەدا، کە ژن‌و مێرد بەسەر یەکدا فەرز بکرێن، کە دەبێ تەمەنێک پێکەوە بگوزەرێنن؟!

٣) (البخاري) لە کتێبەکەی خۆیدا لەژێر ناوونیشانی: (باب لاينكحُ الأبُ وغيرُهُ البكر والثَّيِّبَ الاّ برِضاها)، واتە: (باسی ئەوە کە، نە باب‌و، نە کەسی دیکەش کچ‌و بێوەژن بە ڕەزامەندیی خۆی نەبێ مارە نابڕێ)دا، ئەم فەرمایشتەی هێناوە: (لا تُنْكَحُ الأيِّم حتى تُسْتَأْمَر ولاتُنْكحُ البكر حتى تُسْتَأْذَنَ) ژمارە: ٥١٣٦، واتە: بێوەژن مارە ناکرێ، هەتا ڕاوێژی پێ نەکرێ، کچیش مارە نابڕرێ، هەتا ڕەزامەندیی وەرنەگیرێ.

٤) هەروەها (البخاري) لەژێر سەرباسی: (بابُ اذا زوَّجَ ابنتَهُ وهي كارهة فَنِكاحُهُ مَرْدود)، واتە: (باسی ئەوە، کە هەرکەسێک کچەکەی مارەبڕی لە یەکێک، کە پێی ڕازی نەبوو، ئەوە مارەبڕانەکەی هەڵوەشاوەیە)، ئەم

فەرمایشتەی هێناوە: (عن خَنساء بنت خِذام الأنصارية أنَّ أباها زوَّجها وهي ثَيِّبٌ فكرِهَتْ ذلك فأتت رسول الله ﷺ فَرَدَّ نِكاحَهُ)، واتە: خەنسائی کچی خیذامی ئەنصاریی گوتوویەتی: بابی بە بێوەژنیی لە کەسێکی مارەبڕی، ئەویش پێی ناخۆش بوو، جا هاتەلای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش ئەو مارەکردنەی، کە بابی پێی هەڵسابوو، هەڵوەشاندەوە.

٤- پێویستە ئەو گرێبەستە بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بێتو هیچ تەمومژێکی بەسەرەوە نەبێ:

زانایانی ئیسلام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەبێ گرێبەستی نێوان ژنو مێرد بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بێتو پەنهان نەبێ، جا دیارە هەندێکیان لەوبارەوە، کە ئایا هەبوونی سەرپەرشتیار (ولي الأمر) لەکاتی مارە بڕینەکەدا پێویستە، یان هەر سوننەتە؟ وە ئایا هەرکام لە شایەدیی لەسەردرانو ئاشکرا کران، پێویستن، یان یەکێکیان بەسە؟ ڕاجیاییان هەیە، کە بە پێویستی نازانم لێرەدا بچینە نێو ئەو وردەکارییانەوەو لەجێی دیکەدا باسمان کردوون[1]، بەڵام ئەوەی هەموویان لەسەری یەکدەنگن ئەوەیە، کە هەرکات پڕۆسەی مارەبڕین شایەدیی لەسەردرانو ئاشکراکرانی تێداهاتنەدی، ئەوە هیچ مشتومڕێك لەڕاستو دروستیدا نیە، وەك (ابن تيمية) گوتوویەتی: (اذا اجتمع الإشهاد والإعلان فهذا الذي لانِزاع في صِحَّتِه)[2]، هەروەها هەمووشیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە هەر مارە کردنێك هیچ کام لە شایەدیی

---

١) بڕوانە: (تافرەتو خێزان لەسایەی شەریعەتدا)، چاپی دووەم، بەشی چوارەم: گرنگیی و چۆنیەتی بنیاتنانی خێزان، لاپەڕە (٣٠٧-٣٦٧).

٢) بڕوانە: (مجموع الفتاوى)، ج٣٣، ص١٥٨.

لەسەردرانو ئاشکراکرانی تێدا نەهاتبنە دی، ناڕەوایەو لە حوکمی زینا دایە، وەك (إبن تيمية) لەوبارەوە گوتوویەتی: (نِكاحُ السِّرِّ الذي يتواصون بِكتمانه ولايُشْهِدون عليه احداً باطلٌ عند عامة العلماء وهو من جنس السِّفاح)[1]، ئەمەش چەند فەرمایشتێك لەبارەی پێویست بوونی هەرکام لە:

ئامادەبوونی سەرپەرشتیار (ولیِّ الأمر)و شایەدیی لەسەردرانو ئاشکراکران، لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی مارەکردندا، بۆ ڕەوابوونی:

(لانكاح الاّ بوليٍّ وشاهِدَيْنْ) رواه ابن حِبّان في صحيحه والدار قطني والبيهقي وصَحَّحه الألباني من عائشة رضي الله عنها، واته: مارەکردن بەبێ سەرپەرشتیارو دووشایەد دروست نیە.

(أَعْلِنوا هذا النكاح واجعلوه في المساجِد واضْرِبوا عليه بالدُّفوف) رواه الترمذي عن عائشة رضي الله عنها، واته: ئەم مارەکردنە ئاشکرا بکەنو، با لە مزگەوتان بێتو دەفانیشی لەگەڵ لێبدەن.

چوارەم: هەوێنو هەناوی ژنو مێردایەتیو هاوسەرێتیی بریتیە لە پێکەوە هۆگربوونو یەکدی خۆشویستنو سۆزو بەزەیی بۆیەك هەبوون:

بەڵێ لەڕوانگەی شەریعەتی بێ هەڵەو پەڵەی خوای بەرزو بێ وێنەوە، پەیوەندی نێوان ژنو مێرد بەرلەوەی بەیەکگەیشتنی جەستەییو ڕواڵەتی بێت، پێکەوە ئاوێتەبوونێکی ڕووحییو مەعنەوییە: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ

---

٣) هەمان سەرچاوەو بەرگ، ص١٣٠.

﴿لَآيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ الروم﴾، واتە: لە نیشانەکانی (پەروەردگاریتی خوا) ئەوەیە، کە لەخۆتان هاوسەرانێکی بۆهێناونە دی تاکو پێیانەوە هۆگربن، خۆشەویستی‌و بەزەیی خستۆتە بەینتانەوە، بێگومان لەوەدا نیشانە گەلێك هەن بۆ کەسانێك، کە بیردەکەنەوە.

لەڕاستیدا هەرکاتێك ژن‌و مێرد بەوشێوەیە نەبوون، کە خوای کاربەجێ باسی کردوە، دەبێ نیشانەی پرسیار بخەنەسەرخۆیان‌و، چاو بەخۆیاندا بگێڕنەوە‌و، خۆیان ڕاست بکەنەوە.

شایەنی باسیشە، کە هەرکارێك بناغە‌و سەرەتایەکەی ڕاست‌و ڕێك بوو، مەگەر چۆن، دەنا دوایی ناڕێك‌و لار دەرناچێ، هەربۆیەش شەریعەتی خوای پەروەردگار -وەك پێشتر خستمانەڕوو- گرنگیی‌و بایەخێکی زۆری بە بناغە‌و سەرەتاو شێوازی بنیاتنانی خێزان‌و گرێدانی پرۆسەی هاوسەرگیریی داوە، بۆ نموونە: باسەرنجی ئەم چەند فەرمایشتە بدەین، کە چۆن پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری هەرکام لەپیاوی عەودالّی هاوسەرگیریی‌و، کەس‌وکارو سەرپەرشتیاری ئافرەتی خواستراو دەکات، کە بێگومان ئەگەربێت ئەم ڕێڕوونیی‌و ئامۆژگارییانە‌و هاووێنەکانیان، لەلایەن هەرکام لە بابای ژنهێن‌و، خێزان‌و کەس‌وکاری ئافرەت بەشوودەرەوە ڕەچاو بکرێن‌و کاریان پێ بکرێ، خێزانێك بنیات دەنرێ، کە وەك خوای بەبەزەیی پێناسەی کردوە، هەوێنەکەی بەزەیی‌و سۆزو خۆشەویستی‌و ڕێزو حورمەتی دووسەرەی نێوان ژن‌و مێرد دەبێت:

١- ((تُنكحُ المرأةُ لأربعٍ: لمالها ولِحَسَبِها ولِجمالِها ولِدينها، فاظْفَرْ بِذات الدين تَرِبَتْ يَداك)) متفق عليه، واتە: ئافرەت لەبەر چوار شتان بەهاوسەر دەگیرێ: بۆ سامانەکەی، بۆ خانەدانییەکەی، بۆ جوانییەکەی، بۆ دینداربیەکەی، دەجا هەولّی دەستگیرکردنی دینداڕەکە بدە دەستت بە خۆڵ بێ! (واتە: ئەگەر وانەکەی نەداربی!).

٢- ((تزوَّجوا الودود الولود فـأنّي مكـاثِرٌبكم الأمـم)) رواه أبـوداود، واتـه: ئافرەتی میّرد دۆستی زاووزێکەر بێنن، چونکه من شـانازیی بەزۆریتانـەوه دەکەم بەسەر ئۆمەتانی دیکەدا.

٣- ((تَخَيَّروا لِنُطفِكم وانكِحوا الأكْفاءَ وأنكِحوا اليهم)) رواه إبـن ماجـه، واته: ئافرەتانی باش بۆ کۆرپەکانتان هەڵبژێرنو، هاوسەرانی شایستە بێننو ژنیش بەخەڵکی شایستە بدەن.

٤- ((عن المغيرة بن شعبة قال: خَطَبتُ امـرَأةً فقـال لـي النبـي ﷺ: أنظرت اليهـا؟ قلـت: لا، قـال: أنظـر اليهـا فأنّـه أحْرى أن يُـؤْدَم بينكمـا)) رواه الترمـذي وحَسَّنَه و رواه النسائي، واته: موغـەیرەی کـوڕی شـوعبە دەڵـێ: ئافرەتێکم خواستبوو، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرمووم: تەماشات کردوە؟ گـوتم: نـا، فـەرمووی، تەماشـای بکـە، چـونکه ئەوەباشـترە بۆهـۆگریی‌و پتەوبوونی پەیوەندی نێوانتان.

٥- ((عن جابرؓ قال: تزوجتُ فقال لي رسول الله ﷺ: ماتزوَّجْتَ؟! فقلـت: تزوجت ثَيِّباً، فقال: فهلاّ جاريةً تُلاعِبُهـا وتلاعِبَـكَ)) متفـق عليـه، واتـه: جابیر خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ ژنم هێنـا، پێغەمبـەر ﷺ پـێی فـەرمووم: کێت هێنا؟ گوتم: بێوەژنێکم هێناوە، فەرمووی: دەبوایە کچێکت هێنابایـە گاڵتەت لەگەڵ کردبا‌و گاڵتەی لەگەڵ کردبای!

٦- ((اذا خطب اليكم مَنْ تَرضَون دينَهُ وخُلُقَهُ فزوِّجوه، إلاّتفعلـوا تكُـنْ فتنـةٌ فـي الأرض وفسادٌ عريض)) رواه التـرمذي عن أبي هريـرة وصـحَّحه، واتـه: هەرکات کەسێك، کە لە دینداریی‌و ڕەوشتی ڕازی بوون خوازبێنی ئـافرەتی لێکردن، پێی بدەن، ئەگەر وانەکەن ئاشووب‌و خراپەکاریـیـەکی بـەربلاّو لـە زەویدا پەیدا دەبێ.

کــەواتە:

سەرجەم ڕێنماییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ کەسانێك، کە بەتەمای ژنهێنــانو خێــزان پێکــەوەنانن -وەك لــە فــەرموودەکانی (١-٥)دا دەبینــرێ- ئەوەیە، کە هەوڵبدەن ئەو ئافرەتەی دیاری دەکەن بۆڕیانی هاوسەرێتیان، ئەم خەسڵەتانەی تێدابن:

یەکــەم: دینداریی: وەك لە فەرموودەی یەکەمدا پێغەمبەری خوا ﷺ لەنێو ئەو چوار خەسڵەتەدا، کە لە ئــافرەتدا ڕەچــاو دەکــرێن بــۆ خواســتنی، کــە سامانو خانەدانییو جــوانییو دینــداریین، جــەختی لەســەر چــوارەمیان کردۆتەوە.

دووەم: مێرد دۆستیی: وەك لە فەرموودەی دووەمدا پێغەمبەری خوا ﷺ ژنــی پەسندی بە (الودود) پێناسەکردوە.

سێیەم: زاوزێکــەر: کــە لەهــەمان فــەرموودەی پێــشوودا هاوســەری پەســند بەوشەی (الولود) وەسف کــراوە، شــایانی باسیــشە، کــە ئــەم ســیفەتەی ئافرەت هەرچــەندە پــێش شــووکردنی نــازانرێ، بــەڵام دەگونجــێ لــەڕێی تێوەڕامانی ئافرەتانی خزمو نێزیکییەوە بەمەزەننە بزانرێ.

چوارەم: شایســتەو گونجاو: وەك لە فــەرموودەی ســێیەمدا ئامــاژەی پێکــراوە، مەبەســتیش لــە شایــستەییو گونجــاویی ئەوەیــە، کــە لــەڕووی ئاســتی کۆمەڵایەتیو ژیانو گوزەرانەوە هاوئاستو هاوکووف بێت.

پێنجەم: بینراوبێو ناسراوبێت: وەك لە فەرموودەی چوارەمدا باســکراوە، پێــشم وایە ڕســتەی (انظر الیهــا) تــەنیا بینینــی ڕووالــەتی ناگەیــەنێ، بــەڵکو شارەزابوونو پێناشنابوونیشی دەگەیــەنێ، چــونکە پاســاو دانــەوەی ئــەو بینرانە بەوە، کە دەبێتە مایەی ئولفەتو هــۆگریو خۆشەویــستی (فإنــه

أحْرى أن يؤدم بينكما) بە ڕوونیی ئەوەی لێ دەفامرێتەوە .

شەشەم: کەچ بێت و شووی دیکەی نەکردبێ: وەك فەرموودەی پێنجەم بەڕاشکاویی خستویەتەڕوو.

بەڵام پێویستە بزانرێ، کە لە چەند حاڵەتێكدا بێوەژن باشترە، وەك ئەوە، کە بێوەژنەکە خزم بێت، یان بێ سەرپەرشت بێت، یان لە کچەکە بەدینتر بێ، یان پیاوەکە منداڵی وردی هەبن و...هتد[1].

هەروەها ئەو فەرموودەیەش، کە پێشتر لە (جابر)ەوە هێنامان دەلالەتی لەسەر دەکات، چونکە: لە تەواوکەری فەرموودەکەدا هاتوە، کە (جابر) خوا لێی ڕازی بێ کاتێك بۆ پێغەمبەری خوای ڕوون دەکاتەوە و پاساو دێنێتەوە، کە هۆی هێنانی بێوەژنەکە لەجیاتی کچێك ئەوەیە، کە چەند خوشکێکی بچووکی هەن، کە پاش مردنی بابی بەسەریدا بەجێماون و ئەویش نەیویستوە، کە کچێکی هاوتەمەنیان بەهاوسەر بگرێ، بەڵکو ئافرەتێك بێ سەرپەرشتییان بکات، پێغەمبەر ﷺ هەڵوێستەکەی پەسندکردوە.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ ڕێنمایی ئەوکەسانە دەکات، کە خوازبێنی ئافرەتیان لێ دەکرێ، کە سێ مەرجی سەرەکی لەوکەسەدا ڕەچاوبکەن، کە خزمایەتی لەگەڵ دەکەن:

یەکەم: لە دینداریی و مسوڵمانەتیی ڕازی بن.

دووەم: لە ڕەوشت و خووی ڕازی بن، وەك لە فەرموودەی شەشەمدا هاتوە.

سێیەم: شایستە و گونجاوبێ، وەك لە فەرموودەی سێیەمدا هاتوە.

شتێکی ئاشکراو ڕوونیشە، کە وەك چۆن پیاوێك، کە نیازی هاوسەرگیریی هەیە لەگەڵ ئافرەتێکدا، بۆی هەیە هەوڵی بینینی و ناسینی و پێ ئاشنابوونی —

---

١) بڕوانە: (المفصّل في أحكام المرأة والبيت المسلم) د.عبدالكريم زيدان، ج٦، ص٤٨-٤٩.

لە سنووری شەرعدا- بدات، ئافرەتیش هەمان مافی هەیە، هەروەها وەك چۆن جوانییو مالّو سامانو خانەدانەیی لە ئافرەتاندا، وێڕای دینداریو خووڕەوشتی جوان، جێی سەرنجی پیاوانن، ئافرەتانیش هەروانو هەمان ئەو مافەی، کە پیاو هەیەتی لەوبارەوە، ئافرەتیش هەیەتی، وەك شەرعزانان باسیان کردوەو ڕستەی: ﴿... وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ...﴿٢٢٨﴾ البقرة﴾یش دەیگەیەنێ، واتە: وە ئافرەتان مافیان بەسەر پیاوانەوە هەیە، وەك چۆن ئەرکیان لەسەرشانە بەشێوەیەکی پەسندو باش.

هەربۆیەش لە (عبدالله بن العباس)ەوە -خوا لێی ڕازی بێ- گێڕراوەتەوە، کە گوتوویەتی: ((إنيِّ لأحِبُّ أنْ أتَزَيَّنَ للمرأة كما أحِبُ أن تتزيَّين لي المرأة، لأنَ الله تعالى يقول: ﴿...وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ...﴾)) رواه ابن جرير وابن أبي حاتم[1]، واتە: من حەزدەکەم خۆم بۆژن بڕازێنمەوە، وەك چۆن حەزدەکەم ژن خۆیم بۆ بڕازێنێتەوە، چونکە خوای بەرز دەفەرموێ: ئافرەتان مافیان بەسەر پیاوانەوە هەیە، وەك چۆن ئەرکیان لەسەرشانە بەشێوەیەکی پەسندوباش.

هیچ گومانیشی تێدانیە، کە هەرکاتێك لە پڕۆسەی هاوسەرگیریو خێزان پێکەوەنانداً، ئەو ڕێنماییانە لەلایەن هەرکام لە پیاوو ئافرەتو کەسوکاریانەوە ڕەچاوکران، ئەوە ئەوخێزانە بناغەیەکی پتەوو مەحکەمی مەعنەویی دەبێو، لە بەرانبەر ئەو گرفتو کێشانەدا، کە هیچ خێزانێك بەتایبەت لە سەرەتاوە، کەمو زۆر لێیان سەلامەت نابێ، خۆگرو دامەزراوو نەلەخشاو دەبێ.

---

١) بڕوانە: (المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير)، ص١٦٦.

پێنج: ئەرکەکانی ژن و مێرد لە جوغزی مالّو خێزان دا، لەبەر ڕۆشنایی پێکهاتەی سروشتیان دا دیاریکراون:

بەڵێ، لە شەریعەتی خوای کاریەجێدا، ئەرکەکانی هەرکام لە ژن و مێرد لە جوغزی مالّو خێزاندا بە لەبەرچاو گرتنی پێکهاتەی سروشتیی هەرکامێکیان بە ڕووحو جەستەو عەقڵەوە، دیاری کراون، کە پێشتر تیشکمان خستە سەریان، لێرەدا بەپێویستی نازانم دووبارەیان بکەینەوە، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بۆ دوو مەسەلان بکەم:

١- ئەوانەی کە بەچاوی بەکەمدانان سەیری ئەرکی سەرەکی و خوارسکی ژن دەکەن، لە جوغزی مالّوخێزاندا، کە بریتیە لە کابانێتی و مالّداریی و دایکایەتی و منداڵ بەخێوکردن! پێویستە بەجددیی چاو بەو بیروبۆچوونەی خۆیاندا بگێڕنەوە، چونکە ئەو بیرکردنەوەیە وێڕای ناواقیعی و نامەنتیقی بوونی، دژو پێچەوانەی ماف و بەرژەوەندیی منداڵو خێزانو کۆمەڵگاشە، کێش دەیەوێ بەچاوی سەر بەرو بەرهەمی ژەقنەموت ئاسای ئەو بیرۆکەیە ببینێ، باسەرنجێکی واقیعی خێزانیی و کۆمەڵایەتی ئەو ولاتانە بدات، کە ئەرکی مالّداریی و دایکایەتییان لەلای ژنان کردۆتە شتێکی بەکەم سەیرکراو، تابزانێ چۆن ڕێژەی منداڵی زۆڵو تەلاق و نەخۆشییە جینسییەکانو دەردو نەهامەتییەکانیان، ڕۆژ بۆ ڕۆژی لەزیاد بوون دایە!

٢- هەرکام لە ئافرەتو پیاو، وێڕای ئەرکە سروشتییەکانیان لە چوارچێوەی مالّو خێزاندا، چەندان ئەرکو کاری دیکەی جیاوازو هاوبەشیشیان هەن لە چوارچێوەی کۆمەڵگاداو، هەرکەسێك پێی وابێ، کە ئیسلام ڕێی لە ئافرەت گرتوە، کە لە دەرەوەی جوغزی مالّو خێزاندا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، خراپ بەهەڵەدا چووە، وەك بەدریژیی لە کتێبی، (ئافرەتو خێزان لەسایەی

شەریعەتدا)[1] باسمان کردوەو، ئەم ئایەتەش، کە پێشتریش هێناومانە، چاکترین بەڵگەیە لەوبارەوە، کە خوای کاربەجێ لە پێناسەی پیاوانو ئافرەتانی بڕوادارو ئەرکەکانی سەرشانیاندا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾ التوبة ﴾.

کەواتە:

هەرکام لە پیاوانو ئافرەتان، پێویستە هاوکارو پشتیوانو دەستبارگری یەکدی بن لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا بۆ:

١- فەرمان کردن بە چاکە.
٢- ڕێگریی کردن لە خراپە.
٣- نوێژ بەرپاکردن.
٤- زەکات دان.
٥- فەرمانبەریی کردنی خوا عزّوجلّ.
٦- فەرمانبەریی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ.

شایانی باسیشە، کە هەرکام لە وشەی (المعروف)و (المنکر)، کە ئەلیفو لامی (تعریف)یان لەسەرە، سەرجەم جۆرو تاکەکانی چاکەوخراپە دەگرنەوە، لە هەموو بوارەکانی فیکریی و عەقیدەیی و سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و...هتددا.

---

١) بڕوانە: بەشی دووەم، کەسایەتی و ڕێزوپایەی ئافرەت لە سایەی شەریعەتدا. ل (٩٥-١٦٢)، چاپی دووەم.

نوێژو زەکاتیش، دوو پایەو دروشمی مەعنەویی و مادیی هەرە گەورەی تاك و کۆمەڵگای مسوڵمانن و، فەرمانبەریی کردنی خواش لەپابەندیی بەقورئانداو، هی پێغەمبەریش لەپابەندیی بەسوننەتدا خۆیان دەنوێنن، کەواتە: ئەم شەش ئەرکەی، کە خوای بەرزومەزن لەسەر هەردوو ڕەگەزی نێرومێی کۆمەڵگای ئیسلامیی پێویست کردوون، کە بۆ ئەنجامدانیان پێکەوە هاوکارو پشتیوان بن، تێکڕای شەریعەت دەگرنەوە.

شەش: پیاو سەرپەرشتیارەو ژن لە سنووری شەرع دا گوێڕایەڵیەتی و بە ڕاوێژ کاروباری ماڵ بەرێوە دەبەن:

یەکی دیکە لە پایەو بنەڕەتەکانی خێزان لە ئیسلامدا ئەوەیە، کە پیاو مشوورخۆرو سەرپەرشتیارەو، ژنیش فەرمانبەروگوێڕایەڵی میێردیەتی لەسنووری شەریعەتداو، هەردووکیشیان پێکەوەو بەڕاوێژ کاروباری مااڵو خێزان بەڕێوەدەبەن، وەك خوای کاربەجێ فەرموویەتی: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ ... ﴿٣٤﴾ النساء﴾، واتە: پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر ژنانەوە لە سۆنگەی ئەوەوە، کە خوا هەندێکیانی بەسەر هەندێکیاندا پەسند کردوە، بەهۆی ئەوەوە، کە (پیاوان) سامانی خۆیانیان (بۆ ژنەکانیان) خەرج دەکەن، جا ژنانی چاك گوێڕایەڵن (بۆ میێردەکانیان) وە بەهۆی ئەوەوە، کە خوا مافەکانیانی پاراستوە، ئەوانیش پارێزەری (کەرامەتو سامانی) میێردەکانیانن لەکاتی لە ماڵ نەبوونیاندا.

بەڵگەی ئەوەش، کە پێویستە ژنومێرد بەڕاوێژو هاوکاری نێوانیان کاروباری ماڵو خێزان بەڕێوە ببەن، ئەوەیە، کە خوا سبحانەو تعالی لەبارەی کۆمەڵو

کۆمەڵگای بڕوادارەوە بەگشتی فەرموویەتی: ﴿...وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ...﴿٣٨﴾ الشورى﴾، واتە کاروبار بەڕێوەبردنیان لەنێوانیاندا بە ڕاوێژە.

ئاشکراشە، کە چەمکو واتای ئەم ڕستە قورئانییە، وێڕای کۆمەڵگا، خێزان (أسرة)یش دەگرێتەوە، چونکە ئایەتەکە بەگشتی باسی مسوڵمانان دەکاتو، دیارە خێزانیش کۆمەڵگایەکی گچکەیەو، کۆمەڵگاش خێزانێکی گەورەیە.

بەڵگەیەکی دیکەش ئەوەیە، کە خوای بێ وێنە لە سیاقێکدا، کە باسی شیرپێدان (رضاع)و لە شیر بڕینەوە(فطام)ی منداڵ دەکات، فەرموویەتی: ﴿... فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ...﴿٢٣٣﴾ البقرة﴾، واتە: جا ئەگەر دایکو باب بە ڕەزامەندیی و ڕاوێژی خۆیان ویستیان لە شیری ببڕنەوە، گوناهیان ناگات.

دەجا بێگومان وەک چۆن دیاری کردنی ماوەی شیر پێدانو لەشیر بڕینەوەی منداڵ پێویستی بە لەیەک گەیشتنو ڕاوێژ پێکەوەکردنی ژنو مێردەکەیە، سەرجەم کاروبارەکانی دیکەش بەهەمان شێوە.

ئنجا ئەگەر یەکێکیش پرسیار بکات:

بۆچی پیاو سەرپەرشتیاری ژنو مااڵ بێ، نەک بە پێچەوانەوە، ئایا ناگونجێ، کە هیچ کامیان سەرپەرشتیارنەبن؟!

لە وەاڵمدا دەڵێین:

جارێ ئەوە، کە مااڵو خێزان هیچ سەرپەرشتیارێکی دیاریکراوی نەبێ، شتێکی بێ مانا و نەگونجاوە، چونکە وەک چۆن واڵت بەبێ حوکمڕان بەڕێوەناچێ، هەروەها هیچ فەرمانگەیەک نیە، کە بەڕێوەبەر (مُدیر)ێکی نەبێ، مااڵو خێزانیش بەهەمان شێوە پێویستی بەحوکمڕانو بەرپرسو مشوور خۆرێک

هەیە، ئەگەرنا وەك هەرشتێکی دیکە سەرپەرشتیارو بەرپرس نادیار، زایەدەبێو تێکدەچێ.

بەڵام ئەوە، کە بۆچی پیاو سەرپەرشتیارە نەك ژن؟ ئەوە وەڵامەکەی هەر لەخودی ئایەتەکەدا هەیە، چونکە خوای کاربەجێ سەرپەرشتارییەتی پیاوانی بۆ ژنان -لەجوغزی خێزانو مااڵدا- بەوە پاساو داوەتەوە، کە هەرکام لە پیاوانو ژنان ئیمتیازو پەسندیی (فضل)یان بەسەر یەکدا هەیەو، پیاوان لە ماڵو سامانی خۆیان بۆ ژنەکانیانو خێزانیان خەرج دەکەن: ﴿...بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ...﴿٣٤﴾ النساء﴾، جا ئێمە پێشتر باسی چەمكو واتای ڕاستو ڕوونی ڕستەی: ﴿بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾مان کردو، لێرە دووبارەی ناکەینەوە، ئەوەندە دەڵێین: کە خوای زاناو شارەزا بەم ڕستەیە، کە لە سیاقی پاساودانەوەی سەرپەرشتیارێتی پیاودا بۆ ژنو ماڵ فەرموویەتی، دەیەوێ تێمان بگەیەنێ، کە ئەوە تایبەتمەندییەکانی هەرکام لە پیاوانو ژنانن، کە واپێویست دەکەن پیاو سەرپەرشتیارو مشوورخۆرو چاودێری ژنو منداڵ بێت‌و، ژنیش وێڕای بەرپرسیارێتی گشتی بەرانبەر بەماڵو مێردی، بەقسەی مێردی بکات‌و گوێڕایەڵی بێت.

کەواتە: پاساوی یەکەمی سەرپەرشتیارێتی پیاو بۆ ژن، لە جوغزی ماڵو خێزان‌دا، بریتیە لەوە، کە لەڕووی پێکهاتەی سروشتییەوە، پیاو شیاوترە بۆئەوەی ئەم ئەرکو بەرپرسیارێتییەی پێ بدرێ، کە لەڕاستی‌دا بارو تەکلیفە، نەك خەڵات‌و تەشریف! پاساوی دووەمیش بریتیە لە خەرجکرانی ماڵو سامان لەلایەن پیاوەوە بۆ ژنو ماڵ، کە هەم لە مارەیی (مهر)و، هەم لە مەسرەفکێشانو دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی ژیانو گوزەران‌دا خۆی دەنوێنێ.

ئاشکراشە، کە هەردووك پاساوەکە زۆر مەنتیقی‌و بەجێن، چونکە:

یەکەم: ئەگەر بەراوردێکی خێرای نێوان جەستەی پیاوو ژن بکەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە سپێڕرانی ئەرکی سەرپەرشتیارێتی ژن‌و مانۆ، دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان‌و گوزەرانی خێزان بەپیاو، وەك هەر یاسایەکی دیکەی شەریعەتی خوای کاربەجێ، شتێکی یەکجار بەجێ‌و پڕ بەپێستە:

١- پەیکەری ئێسکیی (الهيكل العَظمي) پیاو بەگشتی، لە هی ژن درێژترە‌و ئێسکەکانی پیاو لەهی ژن قەبەترو پتەوترن.

٢- ڕۆیشتنی پیاوو ئافرەت لەیەك جیان، هەرچی پیاوە هەنگاوەکانی فراوانن‌و بە ڕێکی دەڕوات، بەڵام ئافرەت هەنگاوەکانی وردن‌و جۆرێك لە لەنجەو لاریش لە ڕۆیشتنیدا هەیە، بەهۆی شێوەی پێکهاتەی جەستەیەوە.

٣- دەنگی پیاو بەهێزو گرەو، هی ئافرەت نەرم‌و ناسك‌و کپە.

٤- پێستی پیاو لەهی ئافرەت بەهێزترو زبرترە.

٥- کەللەی سەری پیاو لەهی ئافرەت گەورەترو قورسترە.

٦- ددانەکانی ئافرەت لەهی پیاو وردترن.

٧- سینگی ئافرەت لەهی پیاو کورتترو کەمبەرترە لەلای خوارەوەی، هەربۆیەش ئافرەت کەلەکەی (خصر)ی باریك دەردەکەوێ.

٨- ڕێژەی چەوری (نسبة الدهن) لە جەستەی ئافرەتدا لەهی پیاو زیاترە، هی ئافرەت بەگشتی (٢,٢٨٪) بەڵام هی پیاو بەگشتی (٢,١٨٪)یە، هەربۆیەش جەستەی پیاوان پتەوترو ماسوولکەدارترو بۆ سەرماو گەرماش خۆڕاگرترە لە هی ئافرەتان‌و، بەپێچەوانەوە جەستەی ئافرەتان نەرم‌و ناسکترو بێهێزترەو، لەمەشەوە ئافرەت نازناوی: ڕەگەزی ناسك (الجنس اللّطيف)ی وەرگرتوە.

٩- دڵی پیاو بەگشتی لەهی ئافرەت گەورەترەو قورستر، چونکە دڵی پیاوان لەنێوان (٢٨٠) تا (٣٤٠) گرام دایە، بەڵام هی ئافرەت لەنێوان (٢٣٠)، تا (٢٨٠) گرام دایە.

١٠- ئنجا جیاوازی نێوان پیاوو ئافرەت لەڕووی کۆئەندامی زاووزێو کەوتنە حەیزی ئافرەتانو سکپڕیی بوونو منداڵبوونیانو شیرپێدانی کۆرپەو...هتد، لەوە ئاشکراترن، کە لە ئاماژە پێکردن زیاتریان پێویست بێ[1]!

دیارە جیاوازییەکانی نێوان پیاوو ئافرەتیش تەنیا جەستەیی و ڕواڵەتیی نین، وەک پێشتریش باسمان کردوە، لەڕووی جەستەییشەوە تەنیا ئەو شتانە نین کە باسمان کردن، بەڵکو وەک پێشتر لە زانای ناودار (ئەلکەسیس کاریل)ەوە نەقڵمان کرد، جیاوازی نێوان پیاوو ئافرەت شتێکی قووڵو ڕیشەدارە، کە لە خودی نێرایەتی (ذکورة)و مێیایەتی (أنوثة)یانەوە سەرچاوەی گرتوە.

کەواتە:

ئایا شەریعەتی خوای بەبەزەیی و کاربەجێ، بڕیارێکی یەکجار مەنتیقی و پڕ بە پێستی نەداوە، کە ئەرکی سەرپەرشتیارێتی ژنو مااڵو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانو گوزەرانی خێزانی بەپیاو سپاردوە، کە بێگومان ئەو ئەرکە پەکی لەسەر جەستەیەکی زبرو بەهێزو پتەو کەوتوە، کە بتوانێ تەحەمولی سەختییو گرفتارییەکانی مەیدانی بژێو پەیداکردنو مااڵوحاڵ بەڕێوەبردن بکات؟! بێگومان، با.

دووەم: مادام شەریعەت لەسەر پیاوی پێویست کردوە، کە خەرجییو مەسرەفی

١- بڕوانە: (فنّ احتواء المشكلات الزوجية)، ج١، ص(٩٢،٩٣) المستشار الأُسري: أ. محمد العزي، کە ئەویش لە کتێبی (الرجال من المريخ، النساء من الزهرة)ی دکتۆر جۆن کیری، وەریگرتوە.

خۆی‌و ژن‌و منداڵی دابین بکات، ئەویش لەسۆنگەی ئەوەوە، کە ئەم ئەرکە زیاتر بەو جێبەجێ دەکرێ، بۆیە شتێکی سروشتی‌و چاوەڕوان کراویشە، کە هەرئەویش ئەرکی سەرپەرشتی کردن‌و بەڕێوەبردنی ئەو ژن‌و ماڵەی پێ بسپێررێ، کە خۆی مەسرەفیان دەکێشێ.

چونکە هیچ ماقوولێ نیە کەسێك پارەو بژێو پەیدا بکات‌و، یەکی دیکە بکرێتە بەرپرس‌و سەرپەرشتیاری!

ئنجا پێشینانیش گوتوویانە: (ئەوەی دەکا دەزانێ، ئەوەی دەخوات چووزانێ!) دیارە پیاویش، کە ڕەنج‌و تەقەللای بژێو پەیداکردن دەدات، لە ژن باشتر دەزانێ بژێوو ماڵ‌و سامان پەیداکردن، چ زەحمەتێکی دەوێ‌و، زیاتر بەتەنگ ماڵ‌و سامانەکەیەوە دەبێ‌و، خۆی لە زێدەڕۆیی (إسراف) دەپارێزێ .

لە کۆتایی ئەم باسەشدا دەڵێین:

بێگومان سەرپەرشتیارێتی (قِوامة) پیاو بەسەر ژنەوە، بەمانای کۆخایەتی‌و دیکتاتۆریی پیاو نیە، بەڵکو مەبەست لەسەرپەرشتیارێتی پیاو، مشوورخواردن‌و چاودێریی کردن‌و بەسەر ڕاگەیشتنیەتی بۆ ژن‌و منداڵەکانی، کە لە ڕووی دڵسۆزیی‌و بەزەیی‌و پەرۆش‌و هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە، بەپێی توانای خۆی کەمتەرخەمی نەکات لە بەڕێوەبردنی کاروباریان‌و، دابینکردنی پێداویستییەکانیان‌و چارەسەرکردنی گرفت‌و کێشەکانیان‌دا، چونکە وشەی (قَوّامون) کۆی (قوّام)ەو، ئەمیش ڕێژگەی داکۆکیکردنی (صیغة المبالغة)ی وشەی (قائم)ە، (قائم)یش (إسم الفاعل)ی (قامَ)یە، دەگوترێ: (قامَ بالأمر) واتە: کارەکەی هەڵسووڕاندو جێبەجێ کرد، کەواتە: (الرجال قَوّامون علی النساء) یانی: پیاوان زۆر سەرپەرشتیاری ژنانن، واتە: زۆر بە جەخت کردنەوە مشووریان دەخۆن‌و خزمەتیان دەکەن‌و کاروباریان بەڕێوەدەبەن.

ئاشکراشە، کە بەرپرسیارێتی پیاو بەرانبەر بەژن‌و منداڵی‌و سەرپەرشتیار

بوونی، مانای ئەوەنیە، کە ژن هیچ ڕۆڵێکی نیە لە مشوور خواردنو سەرپەرشتیاریێتی‌دا، بەڵکو ئەویش هەربەر پرسیارەو، پێویستە ژنو مێرد پێکەوەو بەڕاوێژ کاروباری ماڵو خێزان بەڕێوە ببەن، ئەوەندە هەیە قسەو بڕیاری کۆتایی هی پیاوەو، پێویستە ژن فەرمانبەریی مێردی بکات، وەك چۆن لەسەر پیاو پێویستە ڕاوێژ بە ژنەکەی بکات‌و، بەشێوەیەکی پەسندو باش ڕەفتاری لەگەڵ بکات، وەك لەخاڵی داهاتوودا باسی دەکەین، پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی بەرپرسیارێتی ژن بەرانبەر بە ماڵو مێردی فەرموویەتی: ((**کلکم راعٍ وکلکم مسئول عن رعیّته ... والمرأة راعیة علی بیت زوجها وولَدِهِ**)) متفق علیە، واتە: هەرکامێکتان چاودێرەو، هەر کامێکتان بەرانبەر بە کۆمەڵگایەکەی بەرپرسیارە... ژنیش بەسەر ماڵی مێردەکەی‌و منداڵکانییەوە چاودێرە.

حەوت: ژنو مێرد پێویستە بەچاکترین شێوە پێکەوە ڕەفتار بکەن‌و، بۆ چارەسەری گرفت‌و کێشەش پێنج ڕێیان لەپێشن‌و لەکاتی گەیشتنە بنبەستیش‌دا پیاو تەڵاق‌و ژن داڕنین (خُلْع)ی بۆ هەیە:

وەك پێشتر باسمان کرد بناغە لەژیانی ژنو مێردایەتی‌دا، بریتیە لە بەزەیی‌و ڕێزوخۆشەویستی دووسەرەو، دڵی یەکدی ڕاگرتن‌و پێکەوە ڕاوێژو هاوکاری کردن.

دیارە لە بواری هەڵسوکەوتی نێوان ژنو مێردیش‌دا، پێویستە مێرد دەستپێشخەری چاکەو جوامێریی‌و خۆشڕەفتاریی بێت‌و، لە بەرانبەر هەڵەو کەموکوڕییەکانی ژن‌دا، لێبوردەو سینگ فراوان‌و بەخشندە بێت، ئەم ڕاستییەش زۆر جوان لەم ئایەت‌و فەرمایشتانەدا دەدرەوشێتەوە:

١- خوای بەبەزەیی پیاوانی دواندوەو پێی فەرموون: ﴿... وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾ النساء﴾، واتە: وەڕنەی پیاوینە!- بە شێوەیەکی پەسند مامەڵەیان لەگەڵ بکەن (واتە: لەگەڵ ژنەکانتان)، ئەگەر (لەبەر خەسڵەتێکی خراپ) ڕقتان لێیان بۆوە، نزیکە شتێکتان بەدڵ نەبێ و، خواش خێرێکی زۆری تێبخات.

٢- پێغەمبەریش ﷺ هەر لەوبارەوە ڕوو بە پیاوان فەرموویەتی: ((**لا يَفْرَكْ مؤمِنٌ مَؤْمِنةً، إنْ سَخِطَ منها خُلُقاً رضي منها آخر**))، رواه مسلم، واتە: با هیچ پیاوێکی بڕوادار ژنێکی بڕوادار نەبوغزێنێ، چونکە ئەگەر لە خەسڵەتێکیشی ناڕازی بێ، خەسڵەتێکی باشی هەیە پەسندی بکات.

٣- هەروەها فەرموویەتی: ((**خيركم خيركم لأهْلِهِ وأنا خيركم لأهْلي**))، رواه الترمذي، واتە: چاکترینتان، باشترینتانە بۆ هاوسەرەکەی، منیش لە هەموتان بۆ هاوسەرم باشترم.

بەڵام بێگومان مەل بەبااڵێك نافرێ و، چەپڵە بەدەستێك لێنادرێ و، ژنیش لە بەرانبەردا لەسەری پێویستە، کە لەگەڵ مێردیدا خۆش ڕەفتار بێ و، ڕێزی لێبگرێ و، لە سنوری شەرعدا بەقسەی بکات، وەك خوای کاربەجێ لەپێناسەی ژنانی چاك و دینداردا فەرموویەتی: ﴿فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ۚ ...﴿٣٤﴾ النساء﴾، کە پێشتر مانامان کردوە، پێغەمبەری خواش ﷺ لەوبارەوە فەرموویەتی: ((**خير النساء إمرأةٌ إذا نَظَرْتَ اليها سَرَّتْكَ، واذا أمَرْتَها أطاعَتْك، وإذا غِبْتَ عنها حَفِظَتْكَ في نفسها ومالك**)) رواه الطبري وأورده ابن كثير في تفسيره[1]، واتە: چاکترین ئافرەت

---

١) بروانە: (المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير)، ص٢٩٠.

ژنێکە هەرکات تەماشات کرد دڵخۆشت بکات، کە فەرمانت پێکرد بەقسەت بکات، ئەگەر لە ماڵ نەبووی لەخۆی‌و ماڵو سامانت دا بتپارێزێ.

بەڵێ پێویستە ژنو مێرد، هەتا دەتوانن پێکەوە خۆش ڕەفتارو چاکەکاربن، بەلاّم بێگومان ژنو مێرد بەحوکمی جیاوازی پێکهاتەی سروشتیان، گرفتو تێککگیرانیان لەنێواندا هەردەبێ، هەربۆیەش شەریعەتی خوای زاناو شارەزا، ئەو ڕاستییەی ڕەچاو کردوەو سێ جۆرە ڕێی خستۆتە بەردەم پیاو- بەحوکمی ئەوەی، کە سەرپەرشتیارو مشوورخۆری خێزانە- بۆئەوەی چارەسەری ئەو گرفتو کێشانە بکات، کە لەنێوان خۆی‌و ژنەکەیدا سەرهەڵدەدەن، هەروەها ڕێیەکیشی خستۆتە بەردەم ژنو، ڕێیەکیشی بۆ خزمو کەس‌و کاری هەردووک لایان داناوە، جا ئێمە بەڕیزو پلەپلە باسیان دەکەین، بەلاّم بەرلەوە، بەپێویستی دەزانم ڕاستییەکی گرنگ لەبارەی تێککگیران‌و گرفتو کێشەی نێوان ژنو مێردەوە بخەمەڕوو:

پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەند فەرمایشتێکی‌دا فەرمانی بەپیاوان کردوە، کە لەگەڵ ژنەکانیان‌دا باش بن‌و چاوپۆشییان لێبکەن، پاشان ئەو لەگەڵ چاکبوون‌و چاوپۆشییەی بەوە پاساو داوەتەوە، کە ئافرەت لە پەراسوو (ضِلَعْ) دروستبووە، یان وەک پەراسوو وایە، کە یەکێک لە فەرمایشتەکان ئەمەیە:

((استوصوا بالنساءِ خيراً، فـأن المـرأة خُلِقَتْ مـن ضِـلَعٍ وانَّ أعْـوَج مـا في الضِّلَعِ أعلاهُ، فأن ذهَبْت تُقيمُهُ كَسَرْتَه، وانْ تركته لم يَـزَلْ أعـوج، فاستوصـوا بالنساءِ)) متفق عليه، واتە: ئامۆژگارییتان دەکەم، کە چاکە لەگەڵ ژنان‌دا بکەن، چونکە ئافرەت لەشێوەی پەراسوودا دروستکراوە، پەراسووش لای سەرەوەی لە هەمووی خوارترە، جا ئەگەر بتەوێ ڕاستی بکەیەوە دەیشکێنی، ئەگەر لێی بگەڕێی هەر بە خواری دەمێنێتەوە، دەجا ئامۆژگاریتان دەکەم، کە لەگەڵ ژنان‌دا باش بن.

هەڵبەتە لێرەدا مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونکردنەوەی ئەوە بووە، کە وەک چۆن پەراسوو خوار دروستکراوەو، ناشگونجێ ڕاستی بکەیەوە، مەگەر بیشکێنی، ئافرەتیش لەوڕووەوە لە شێوەی پەراسووی لار دایە، پێویستە وەک خۆی قبوولّمان بێت، نەک هەوڵ بدەین بیهێنینە سەر سروشتو میزاجی پیاوانەی خۆمانو، بەحیسابی خۆمان ڕاستی بکەینەوە، کەواتە: ئەوانەی کە بەهەڵە وا لەوجۆرە فەرمایشتانە حاڵی بوون، کە مەبەست پێیان هەواڵدانی پێغەمبەرە ﷺ بەچۆنیەتی دروستبوونی ئافرەت، پێویستە چاو بەخۆیاندا بگێڕنەوە، ڕیوایەتێکی دیکەی ئەو فەرموودەیەی لەسەرێ هێنامان، ئەو مەبەستەی گوتمان بەڕوونی ڕادەگەیەنێ، کە دەفەرموێ: ((**المرأة كالضِّلَع إنْ أقَمْتَهَا كَسَرْتَها وان استمتعت بها استمعت بها وفيها عِوَج**)) متفق علیه، واتە: ژن وەک پەراسوویە، ئەگەر ڕاستی بکەیەوە دەیشکێنی، ئەگەر لێی بەهرەمەندبی، هەر بەلاری لێی بەهرەمەند دەبی.

جا لێرەدا دەپرسین؟:

ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ لەوێچواندن (تشبیه)ی ژنان بەپەراسووی خواردا مەبەستی چییە؟ ئایا وەک هەندێک کەس لێی تێگەیشتون، بەکەم سەیر کردنی ژنە، یان شتێکی دیکەیە!؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

لەڕاستیدا جگە لەگومانی خراپ بردن (سَوْء الظنّ)، ئەوجۆرە تێگەیشتنە لەو فەرموودەیە، هیچ بنەمایەکی دیکەی نیەو، مانای ڕاستو دروستی ئەو فەرمایشتە هەرئەوەیە، کە پێغەمبەر ﷺ لەسۆنگەی ئەوەوە، کە ئافرەت لە چاو پیاو، خوای کاربەجێ سۆزو بەزەیی زیاتری داوەتێ، چونکە ئەرکە سروشتییو خوارسکەکانی ئەوە دەخوازن، جا لە ئەنجامی بەهێزیی سۆزو

بەزەییەوە لە چاو پیاودا، جۆرێك لەلاریی و لاسەنگی بەهەندێك هەڵوێستو ڕەفتارییەوە دەبینرێ.

ئنجا هەربۆیەش، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەپیاوان ڕادەگەیەنێ، کە ئەگەر بیانەوێ ژنەکانیان لەدەست نەدەن، بەهۆی جیابوو نەوەوە -چونکە لە هەندێك فەرموودانداا هاتوە: (وکسْرُها طلاقها) واتە: وەشکاندنی تەلاقدانیەتی-، ئەوە پێویستە تەحەمولی ئەو تایبەتمەندییەیان بکەن، کە لەچاوی ئەواندا بەلۆژێکی پیاوانەی ئەوان، لاریی و خواریە، ئەگەرنا بۆخۆیانو ئەرکە خواپسکەکانیان، شتێکی پێویستو ڕاستو دروستە[1]! چونکە:

وەك چۆن ئەگەر پەراسووەکانی سینە خوار نەبن، ناگونجێ قەفەزەی سینگ دروست بکەنو، جەرگو دڵو هەناوی مرۆڤ لەنێو خۆیان بگرنو بیانپارێزن، بەهەمان شێوەش ژنیش بەحوکمی ئەو زێدە سۆزو بەزەییو پەرۆشەی، بۆی دەلوێ، کە ئەرکە خواپسکو سروشتییەکانی جێبەجێ بکات، کە پێش عەقڵو بیرکردنەوە، پەکیان لەسەر سۆزو بەزەییەکی زێدە کەوتوە، سەرەنجام کۆرپە بەخێو بکات، وەچەی نوێ پێبگەیەنێ، کە هەناوی کۆمەڵگایە! ئێستاش با سەرنجی ئەو پێنج ڕێبازو شێوازە بدەین، کە شەریعەت خستوویەتە بەردەستی ژنو مێردو خزمانیان، بۆ چارەسەری ئەو کێشەو گرفتانەی، کە لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدەن، کە سەرجەم سێ جۆرن:

جۆری یەکەم: چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی، کە لەنێوان ژنو مێرددا پەیدا دەبن، بەهۆی یاخیبوونی ژنەوە، کە بریتیە لە سێ شێوازی پلەپلەیی لەبەردەم پیاودا.

---

١) شایانی باسە (بخاري) ئەو فەرموودەیەی لەژێر ناوونیشانی: (باب المداراة مع النساء)داو (المسلم) لەژێر ناوونیشانی: (باب الوصية بالنساء)دا، هێناوە.

جۆری دووەم: چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی، کە بەهۆی یاخیبوونی پیاوەوە لەنێوان ژنو مێرددا سەر هەڵدەدەن، کە بریتیە لە شێوازێك لەبەردەم ژندا.

جۆری سێیەم: چارەسەری ئەو ناکۆکییەی، کە دەکەوێتە نێوان ژنو مێردەوە، لەلایەن خزمو کەسی هەردوولایانەوە، کە بریتیە لە شێوازی پێنجەمو کۆتایی.

جۆری یەکەم: شێوازی: ١و٢و٣: ئامۆژگاریی کردن، سەرجێی نەکردن، لێدان:

خوای کاربەجێ دەربارەی ئەم سێ شێوازو رێبازەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان ژنو مێرد، مادام خەتا لە ژنەوەبێ، فەرموویەتی: ﴿... وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِي ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾ النساء﴾، واتە: ئەو (ژنان)نەی مەترسی یاخیبوونیانتان هەیە ئامۆژگارییان بکەن، خۆتانیان لێ دووربگرن (سەرجێییان مەکەن)و، (ئەگەر هەر لەسەر یاخییبوون سوورببوون) لێیان بدەن، جا ئەگەر گوێڕایەڵێتانییان کرد، بیانوویان پێمەگرن، چونکە بێگومان خوا بەرزو گەورەیە (واتە: ئەگەر بە ناهەق تێیان هەڵپێچنو بیانوویان پێبگرن، ئەوە خوا بەرزو گەورەیەو تۆڵەتان لێدەستێنێ).

جا ئێمە لەبارەی ئەم سێ شێوازەی چارەسەرکردنی یاخیبوونو سەرەڕۆیی ژن، لە بەرانبەر مێردیدا، پێویستە چەند ڕاستییەکمان لەبەرچاو بن:

یەکەم: زانایان هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە ڕەچاوکردنی پلە پلەییو ڕیز بەندیی (التدّرج والترتیب) لە جێبەجێنەکردنو گرتنەبەری ئەو سێ

شێوازو ڕێبازەدا، پێویستە، واتە: دروست نیە مێرد شێوازی دووەم: سەرجێینەکردن (هَجْر) لەگەڵ ژنەکەیدا لەکاتی یاخیبوونیدا بەکاربێنێ، مەگەر پێشتر شێوازی یەکەم: ئامۆژگاریی (وَعْظ)ی لەگەڵ بەکارهێنابێ و دادی نەدابێ، هەروەها دروست نیە شێوازی سێیەم: لێدان، بەکاربێنێ، مەگەر پێشتر هەردووک شێوازی ئامۆژگاریی و پشتتێکردنی لەگەڵ بەکار هێنابن و سوودیان نەبووبێ.

(القرطبي) لەوبارەوە گوتوویەتی:

((أمَرَ الله أن يُبْدأ النساء بالموعظة أولاً ثم بالهجر، فأن لم يَنْجحا فالضَّرْبُ، فأنه هو الذي يُصْلِحُها ويَحْمِلُها على توفية حقه...))[1]، واتە: خوا فەرمانی کردوە، کە بۆ ئەدەب دادانی ژنان — ژنان-ی یاخیی- سەرەتا بەئامۆژگاریی لەگەڵیان دەست پێبکرێ، دوایی بەخۆ لێدوورگرتن، ئنجا ئەگەر ئەم دوانە سوودیان نەبوو، بەلێدان، چونکە وا دیارە، کە بەوە چاک دەبێ و واداری دەکات کە مافەکەی جێبەجێ بکات.

(الـرّازي)یش لەوبارەوە گوتوویەتی:

((...انه تعالى ابتدأ بالوعظ، ثم ترقّى منه الى الهجران في المضاجع، ثم ترقّى الى الضَرْب وذلك تنبيه يجري مَجْرى التصريح في أنه مهما تحقّق الغرض بالطريق الأخف وجب الأكتفاء به ولم يَجُز الأقدام على الطريق الأشق))[2]، واتە: خوای بەرز بەئامۆژگاریی دەستی پێکردوە، پاشان لەوەوە بۆ سەرجێیی نەکردن هەڵکشیوە، دوایی لەوەوە بۆ لێدان هەڵکشیوە، ئەوەش ئاگادارکردنەوەیە لەئاستی ڕاشکاویی دایە، کە هەتا مەبەست

---

١) بڕوانە: (الجامع لأحكام القرآن)، ج٣، ص١٤٣٣.

٢) بڕوانە: (مَفاتيح الغيب)، ج١٠، ص٩٠.

بەڕێیەکی سووکتردا بێتەدی، پێویستە ئەوە بەس بێ‌و، پەنا نەبرێتە بەر ڕێیەکی قورس.

شایانی باسیشە، کە شەرعزانان (الفقهاء)یش، هەمان ڕای تۆێژەرەوانی قورئانیان هەیەو، جەختیان لەسەر پێویست بوونی پلەپلەیی‌و ڕێزبەندیی لە جێبەجێکردنی ئەم سێ جۆرە چارەسەرەدا کردۆتەوە[1].

دووەم: لێدانی مێرد بۆ ژن تەنیا لەکاتێکدا دروستە، کە ژنەکە یاخیی‌و سەرەڕۆ بێ، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ: {...تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ...وَاضْرِبُوهُنَّ...}، کەواتە: بەهیچ ڕەنگێك دروست نیە پیاو لەژنەکەی بدات، مادام لێی یاخیی‌و سەرپەل نەبووبێ، بگرە دروست نیە بە کەمتر لەوەش سزای بدات، کە سەرجێیی نەکردنە!

سێیەم: ئێجا بێگومان ئەولێدانەش ئەگەر مەرجەکانیشی هاتبنەدی، تەنیا شتێکی ڕەوا (مُباح)یەو، نە فەرزەو نە سوننەتو پەسندیشە، چونکە وێڕای دەلالەتی سیاقی ئایەتەکە، کە تەنیا مۆڵەت (رخصة) هەبوون‌و ڕەوایی دەگەیەنێ، چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەریش ﷺ هەن لەوبارەوە، بۆ نموونە:

- ((لايَجْلِدْ أحدكم امرأتَهُ جَلْدَ العَبْدِ ثم يُجامِعُها آخر اليوم)) رواه البخاري، واتە: با یەکێکتان وەك کۆیلە بە قامچی لە ژنەکەی نەدات‌و، پاشان ئێوارەش لەگەڵی جووت بێ!
- ((لاتَضْرِبوا إماء الله)) رواه أبو داود، واتە: لە بەندە مێینەکانی خوا مەدەن!

---

١) بڕوانە: (المغني) لابن قدامة، ج ص٤٦، وە (بدائع الصّنائع) للكاساني، ج٢، ص٣٣٤، وە (الفقه الإسلامي وأدلّته)، د. وهبة الزحيلي، ج٩، ص٦٨٥٤، وە (المفصّل في أحكام المرأة والبيت المسلم) د. عبدالكريم زيدان، ج٧، ص(٣١٠-٣١٩).

- شایانی باسیشە پاش ئەم قەدەغەکردنەی پێغەمبەر ﷺ وادیارە ژنان لە مێردەکانیان یاخیی‌و بێ منەت بوونە، بۆیە پێغەمبەر مۆڵەتی‌دا، کە لەکاتی ناچارییدا بەلێدان سزا بدرێن، بەڵام پاش سکاڵای کۆمەڵێك لە ژنان فەرموویەتی: ((لَيْسَ أولئك بخياركم)) رواه أبو داود، واتە: ئەو جۆرە کەسانەتان باش نین (واتە: ئەوانەی لە ژنەکانیان دەدەن).

چوارەم: پاشان لێدانەکەش نابێ توند بێ، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا تهجروا النساءَ الاّ في المضاجع، واضربوهنَّ ضَرْباً غير مُبَرِّحٍ)) رواه مسلم عن جابر، واتە: لەسەر جێگا نەبێ پشت لە ژنان مەکەن، وە بە لێدانێك لێیان بدەن توند نەبێ.

مەبەست لە توند (شدید) نەبوونی ئەو لێدانەش، ئەوەیە کە نەك هەر ئێسکی نەشکێنێ، بگرە گۆشتیشی بریندار نەکات‌و زۆریش ئازاری پێنەگات[1].

پێنجەم: حیکمەتی مۆڵەت پێدرانی ئەو پیاوانەش، کە ژنەکانیشیان لێیان یاخیی‌و سەرکەش دەبن، بەلێدانیان، پاش ئەوەی شێوازی ئامۆژگاریی‌و پشت تێکردن سوودی نەبوو، ئەوەیە کە:

دوای ئەوەی مێرد بەقسەی خۆش‌و ئامۆژگاریی باش ژنەکەی دەدوێنێ‌و، دەیەوێ عەقڵ‌و هۆشی وەخەبەر بێنێ، کە واز لەیاخیبوون‌و سەرکێشی بێنێ، بەڵام ژنەکەی گوێ بۆ حوکمی مەنتیق‌و عەقڵ ڕانەگرێ، ئەو جارە پیاوەکە شێوازێکی دیکەی لەگەڵ بەکاردێنێ، کە بریتیە لە پشتتێکردن‌و وازهێنان لەسەر جێیی، تاکو ژنەکەی حاڵی بکات، کە ئەگەر نەو گوێ بەپیاوەتی (رجولة) مێردەکەی نەدات، ئەویش دەتوانێ مێینەیی (أُنوثة)

---

١) بڕوانە: (جامع البيان) للطبري، ج٤، ص(٩٦،٩٧)، وە (الجامع الأحكام القرآن) للقرطبي، ج٣، ص ١٤٣٣.

ئەو پشتگوێ بخات! ئنجا ئەگەر ئەم شێوازەش کاریگەر نەبوو لە گێڕانەوەی ژنەکەی بۆ هەق و دادگەریی، واتە: نەبە مەنتیقی عەقڵ و هۆش تێگەیشتو، نە بە مەنتیقی جینسیش، هەر لەسەر لاملیی و سەرپێچی خۆی مکوور بوو، ئەو جارە بەناچاری شێوازی سێیەم خۆی فەرز دەکات، کە بریتیە لە (لێدان)، بەڵام لێدانێك، کە نەئێسك بشکێنێ و، نە پێستیش بڕووشێنێ، واتە: زیاتر ئازاردانێکی دەروونییە لەڕێی جەستەوە، نەك ئازاردانی خودی جەستەکە!

شەشەم: بێگومان نەهەموو ژنێك شایستەی لێدرانەو، نە هەموو پیاوێکیش لێدانی ژنەکەی لەخۆی دەوەشێنێتەوە، وەك فەرمایشتەکانیش ئاماژەی پێدەکەن. پێغەمبەریش ﷺ هەرگیز لە هاوسەرانی خۆی نەداوە، وەك (عائشة) خوا لێی ڕازی بێ گوتوویەتی: ((ما ضرب رسول الله ﷺ خادماً له ولا امرأةً ولا شيئاً بيده)) رواه ابن ماجه، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ کات بەدەستی خۆی لە خزمەتکارێکی، یان ژنێکی، یان شتێکی نەداوە.

کەواتە: •

لێدانی میرد بۆ ژنەکەی وەك دوا چارەسەری ناچاریی نەخۆشیی یاخیبوونو سەرەڕۆییەتیو، دەرمانێکی تایبەتو ناچارییە، بۆ هەندێك کەس و هەندێك حاڵەت، نەك یاسایەکی گشتی مامەڵە کردنی پیاوان بێ لەگەڵ ژنەکانیاندا، بەڵکو یاساو شێوازی گشتی مامەڵەو هەڵسوکەوتی ڕاستو دروستی پیاوان لەگەڵ ژنەکانیاندا، وەك پێشتریش باسمان کرد، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی پەسندو جوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەنو، ئەگەر ڕقیشیان لە هەندێك هەڵسوکەوتو خەسڵەتیان بوو، چاو پۆشییان لێبکەنو دان بەخۆیاندا بگرنو، خەسڵەتو ڕەفتارە چاکەکانیان بهێننە بەرچاوی خۆیان، وەك خوای بەبەزەیی فەرموویەتی:

﴿...وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا

﴿وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾ النساء﴾، کە پێشتر ماناماں کردوە.

حــەوتــەم: پاشــان دەپرسیــن:

ئایا ئەوانەی ڕەخنەو گلەییان لــەم یاســاو بڕیــاری شــەریعەت هەیــە — کــە بێگومان ڕەخنەگر لە ئایینو شەریعەتی خوا هەرچــییەك بــێ مــسوڵمان نیــە-، بەدیلیان چییە بۆ ئەوەی ئیسلام گوتوویەتی؟!

بێگومان لە حاڵەتی یاخیی بوونی ژنداً، تــەنیا ســێ ئەگــەرمان لەپێــشنو، ناچارین یەکیان هەڵبژێرین:

یــەك: کە بە پیاوەکــە بڵێیــن: بۆت نیە هــیچ جــۆرە لێپرسیــنەوەیەك لەگــەڵ ژنەکەت دا بکەی، جا دیارە ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی تیــۆریی‌و ڕەســمیی ئــەم ڕێبەی هەڵبژاردوە، بەڵام واقیع شتێکی دیکەیەو ئــەو هــەموو ژنــە ســەرو گــوێلاك شــکێنراوو کوتــەککاریی کراوانــەش، کــە لەلایــەن مێــرد، یــان دۆستەکانیەوە لێیان دەدرێو پێیاندا دەدرێ، وەك لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا باس دەکرێ، بەڵگەیەکی زەقــە[1]!

دوو: کە بە پیاوەکــە بڵێیــن: کەیفی خۆتەو، چۆن عــەقڵت دەیبــڕێ، ئاوا کێشەو گرفتەکەت چارەسەر بکەو، هیچ پێوەرو سنوورێکی بۆ دانەنێین!

ســێ: کە بە پیاوەکــە بڵێیــن: هەرکات ژنەکەت بــەپێی تــەرازووی شــەریعەت لایدا، بەو سێ شێوازو میکانیزمــە ڕیزکــراوەی، کــە دیــاریکراون، پلەپلــە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکــەی! دیــارە هــەموو خــاوەن عــەقڵو ویــژدانێکیش دەزانێ کام لەم ســێ ئەگــەرە ڕاســتو بــەجێنو، وێــڕای گونجــاویی لەگــەڵ فیطرەتی ژنو پیاویشدا، بەرژەوەندیی پیاو و ژنو خێزانیش دابین دەکات.

---

١) بڕوانە: (ئافرەتو خێزان لەسایەی شەریعەت دا) لاپەڕە: ٢١٥، چاپی دووەم.

بۆیە دەتوانین بەڕوونیی‌و ڕاشکاویی بڵێین:

بۆ چارەسەری کێشەو گرفتی یاخیبوونی ژن لە مێردەکەی —مادام بوێستێ لە جوغزی خێزانداا چارەسەربکرێ— لەوەی شەریعەت دیاریکردوە ڕاستترو بەجێتر نیە‌و بەدیلی ئەوە بریتیە لە تێکبەردانی ژنو مێردو، ئاشکراشە، کە هەمیشە ئاکامی دەست لەیەخەی یەکدی نانی ژنو مێرد، بەقازانجی پیاو تەواو دەبێ، مەگەر بەدەگمەن!

جۆری دووەم: شێوازی: ٤: پێکهاتن (صلح)و ئاشتەوایی:

چوارەمین شێواز کە شەریعەت ڕەچاوی کردۆوە، بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی نێوان ژنو مێرد، کە بەهۆی یاخیبوون‌و سەرەڕۆیی پیاوەوە سەرهەڵدەدەن، بریتیە لە پەنابردنەبەر پێکهاتن (صلح)و ڕێککەوتن‌و ئاشتەوایی، وەک خوای کاربەجێ فەرموویەتی: ﴿وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا ۚ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌ ۗ وَأُحْضِرَتِ ٱلْأَنفُسُ ٱلشُّحَّ ۚ وَإِن تُحْسِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾ النساء﴾، واتە: هەرکات ژنێک مەترسی یاخیبوون، یان پشتگوێ خستنی لە مێردەکەی هەبوو، ئەگەر لەنێو خۆیاندا پێکبێن گوناهیان ناگات، پێکهاتن چاکترە (لە یەک جیابوونەوە)، ڕژدیی لەنێو دەوروونەکاندا دانراوە، ئەگەر چاکە بکەن‌و پارێز بکەن، ئەوە بێگومان خوا بەوەی دەیکەن شارەزایە.

بۆ ئەوەی چەمک‌و واتای ئەم ئایەتەمان بۆ ڕوونتر بێتەوە، وابباشە سەرنجی هۆی هاتنە خوارێ بدەین[1]:

---

١) بڕوانە: (المصباح المنير في تذهيب تفسير ابن كثير)، ص ٣٢٨.

أ- ((عن ابن عباس قال: خَشِيَتْ سَوْدَةُ أن يُطلِّقها رسول الله ﷺ فقالت: يارسول الله لاتُطَلِّقني واجعل يومي لعائشة ففَعل، ونزلت هذه الآية: ﴿..وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ ...﴾ الآية، قال ابن عباس: فما اصطلحا عليه من شيءٍ فهو جائز)) رواه أبو داود الطيالسي ورواه الترمذي وقال: حسن غريب، واتە: سەودە (خوا لێی ڕازی بێ) - کە هاوسەری پێغەمبەر بووە ﷺ- ترسا، کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەلاقی بدات (لەبەر پیریی) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! تەلاقم مەدەو ڕۆژەکەی من بۆ عائشە دابنێ، ئەویش وایکردو، ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: ﴿... وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا ...﴾ عەبدوللای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ گوتوویەتی: لەسەر هەرشتێك ڕێك بکەون (واتە: ژنو مێرد) دروستە.

تێبینی:

هەلبەتە ناگونجێ ئەم دەقە بکرێتە بەڵگەی ئەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەتەما بووە لەبەر تەمەنو پیریی (سەودە)ی هاوسەری تەلاق بدات، چونکە مەرج نیە ئەوەی (سەودە) خوا لێی ڕازی بێ مەترسیی لێی بووە، پێغەمبەر ﷺ بیری لێکردبێتەوەو، پێویستە بشزانرێ، کە ئەو کاتە تەمەنی (سەودە) لە هەشتا تێپەڕیوە وەك لە کتێبەکانی سیرەدا هاتوە.

ب- ((عن عائشة (وانْ امرأة خافت من بعلها نشوزاً أو إعراضاً) قالت: الرجل تكون عنده المرأة المُسِنَّة لَيْس بِمُسْتَكْثِرٍ منها، يُرِيدُ أن يُفارِقها فتقول: أجعلك من شأني في حِلٍّ، فنزلت هذه الآية)) رواه البخاري، واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ لەبارەی ئایەتی: ﴿... وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ ...﴾ەوە گوتوویەتی: وا دەبێ پیاوێك ژنێکی بەتەمەنی دەبێ، کە زۆر ئارەزووی

ناکات، دەیەوێ لێی جیابێتەوە، ئەویش دەڵێ: لەبارەی خۆمەوە ئازادت دەکەم، ئیدی ئەم ئایەتە لەوبارەوە هاتەخوار.

(ابن کثیر)یش دوای ئەوەی، کە چەند شتێك لەبارەی ئەم ئایەتەوە دێنێ، دەڵێ: (والظاهر من الآية أن صُلْحَهما على ترك بعض حقّها للزوج وقبول الزوج ذلك خير من المفارقة بالكلّية، كما أمسك النبي ﷺ سودة بنت زمعة على أن تركَتْ يومها لعائشة رضي الله عنها، ولم يُفارقها بَلْ تركها من جملة نسائه، وفِعْلُهُ ذلك لتتأسَّى به أمتهُ في مشروعية ذلك وجوازه...)[1]، واتە: ئەوەی لەڕوالّەتی ئایەتەکە دەفامرێتەوە ئەوەیە، کە مەبەست لەپێکهاتنەکەیان دەستبەرداربوونی ژنە لە هەندێك لە مافەکانی بۆ مێردو، قبوولکردنیەتی لەلایەن مێردەوە، وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ سەودەی کچی زەمعەی هێشتەوە، لە بەرانبەر ئەوەدا، کە ڕۆژەکەی خۆی دایە عائیشە خوا لێیان ڕازی بێ، وەدەستی لێهەڵنەگرت، بەڵکو لەڕیزی هاوسەرەکانیدا هێشتیەوە، دیارە ئەمەشی بۆیە کرد، تاکو بۆ ئومەتەکەی ڕەوابێو، لەوەدا شوێنی بکەون.

پوختەی مەبەست:

ئەم شێوازی چوارەمە، کە شەریعەت داینناوە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی نێوان ژنو مێرد، بریتیە لەوە، کە هەرکاتێك ژن بەهەر هۆیەکەوەبێ، هەستی کرد، کە لەگەڵی ساردە، یان دەیەوێ دەستی لێبەربدات، ئەویش (واتە ژنەکە) حەزی نەدەکرد لێی جیابێتەوە، بۆی هەیە بە لەیەك تێگەیشتن (تفاهم)، پێکەوە صولّحو ئاشتەوایی بکەنو ڕێك بکەون، جا چ بەوەبێ، کە ژنەکە دەستبەرداری بەشێك لە مافەکانی بێو باری شانی مێردەکەی سووك بکات، چ بەهەرشێوەیەکی دیکەی شەرعییو ڕەوابێ، گرنگ ئەوەیە بەڕەزامەندیی هەردووك لابێت.

---

١) سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٢٩.

جۆری سێیەم: شێوازی: O: دادوەرێتی نوێنەرێکی کەسوکاری پیاوو نوێنەرێکی کەسوکاری ژن:

ئەم جۆرەشیان، کە شێوازی پێنجەم دەگرێتە خۆی، بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکیەیە، کە لەنێوان ژنو مێرددا سەر هەڵدەدا، جا هۆیەکەی هەرچیەک بێتو خەتابار هەرکەسێک بێ، ئەویش ئەوەیە، کە خێزانو کەسوکاری هەرکام لەژنو مێرد، یەکی نوێنەرێک تەرخان دەکەن، کە وەک حەکەم دڵسۆزانەو خێرخوازانە قسە لەگەڵ ئەو ژنو مێردەدا بکەنو، هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکەیانو پێکهێنانەوەیان بدەنو، سەرەنجام چییان بۆ هەردووک لایان بەباش زانی، بۆیان بڕیار بدەن، وەک خوای زانا و توانا فەرموویەتی: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُوا۟ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴿٣٥﴾ النساء ﴾، واتە: ئەگەر لە ناکۆکیی نێوانیان ترسان، ئەوە حەکەمێک لە کەسوکاری پیاوەکەو، حەکەمێک لەکەسو کاری ژنەکە بنێرن، جا ئەگەر ڕێککەوتنیان مەبەست بێ خوا پێکیان دێنێ، خوا زانای شارەزایە.

(ابن كثير) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا گوتوویەتی: ((وقال الفقهاء: اذا وقع الشِّقاق بين الزوجين أسكنهما الحاكم الى جَنْبِ ثقةٍ ينظر في أمرهما ويمنع الظالم منهما من الظلم، فأن تفاقم أمرهما وطالتْ خُصومتهما، بعث الحاكم ثقةً من أهل المرأة وثقةً من قوم الرجل لِيَجْتَمِعا فينظرا في أمرهما ويفعلا ما فيه المصلحة، مما يَرَيانِهِ من التفريق أو التوفيق...))[1]، واتە: شەرعزانان گوتوویانە: هەرکات ناکۆکیی کەوتە نێوان ژنو مێردەوە، حوکمڕان لە نێزیک

---

١) سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٩١.

بابایەکی متمانە پێکراو نیشتەجێیان دەکات، تاکو لە حاڵیانەوە ڕامێنێ، دەستی ئەوەیان دەگرێ، کە ستەم لەوی دیکەیان دەکات، بەڵام ئەگەر حاڵیان بەرەو خراپیی چوو، ناکۆکییەکەیان دریژەی کێشا، ئەوجار حوکمڕان باوەڕ پێکراوێك لە کەسوکاری ژنەکەو، باوەڕ پێکراوێك لە کەسوکاری پیاوەکە دەنێرێ، تاکو کۆبنەوەو لەحاڵو باڵیان بکۆڵنەوەو، ئەوە بکەن، کە بەرژەوەندیی تێدایەو بە باشی دەزانن، لەیەك جیاکردنەوە، یان پێکهێنانەوە.

شایانی باسیشە، کە (أبو عمر ابن عبد البَرّ) یەکدەنگیی زانایانی لەسەر ئەوە هێناوە، کە دوو حەکەمەکە ئەگەر ڕایان جیاواز بوو ئیعتیباری پێناکرێ، بەڵام ئەگەر ڕایان یەك بوو، ئەوە بۆ پێکهێنانەوە هەرچەندە ژنو مێردەکە نەشیان کردبنە وەکیل، بەڵام قسەکەیان دەبێتە بڕیارێکی پابەندکەر، بەڵام بۆ لەیەك جیاکردنەوەیان ڕایەکەیان هەردەبێتە بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە[1].

کەواتە:

شەریعەت بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی نێوان ژنو مێرد، پێنج ڕێبازو شێوازی دەستنیشان کردوون، کە سێیان پیاو بەکاریان دێنێ، لەحاڵێکدا، کە ژن دەست دەداتە یاخیبوونو سەرکەشییو، یەکیشیان ژن بەکاری دێنێ لەکاتی یاخیبوونی پیاوداو، یەکیشیان ئەرکی کۆمەڵگاو دەستەڵاتە، کە دوای ئەوەی ژنو مێرد ناتوانن لە چوارچێوەی خێزانەدا گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکەن، کۆمەڵگاو دەستەڵات بەدەم کێشەکەیانەوە دەچێو، هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، ئەویش لەڕێی نوێنەری هەردووك لایانەوە، کە وەك دوو حەکەمی دڵسۆز بڕیاری پێویستیان بۆ دەدەن.

---

١) هەمان سەرچاوە، ص (٣٩١،٣٩٢).

لە کاتی گەیشتنە بنبەست دا چارە چیە؟!

ئنجا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات:

ئەدی ئەگەر گیروگرفتو کێشەی نێوان ژنو مێرد، بەهیچ کام لەو پێنج شێوازە نەگونجا چارەسەربکرێ، پەیوەندییەکانیان بەتەواوی تێکچوونو گەیشتنە بنبەست؟!

وەڵام ئەوەیە، کە لەو حاڵەتەدا ئیسلام بۆ هەرکام لە ژنو مێرد دەروازەی دەربازبوونی لەو ژیانە دژوارە داناوەو، پیاو لە ڕێی تەڵاقدانەوەو، ژنیش لە ڕێی داڕنین (خُلعْ)ەوە، دەتوانن کۆتایی بەحاڵەتی ژنو مێردایەتییان بێنن.

جا دیارە تۆڕینەوەی مەسەلەی تەڵاق (طلاق)و (خُلعْ) لە حەوسەلەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا نیەو، شۆێنێکی تەرخانکراوی پێویستە، بەڵام بەپێویستی دەزانم لەبارەی هەرکام لە تەڵاقو داڕنینەوە، کە یەکەمیان مافی پیاو و دووەمیان مافی ژنە، سەرو دوو تێیبینی بخەینە ڕوو:

یەکەم: تەڵاقدانی پیاو بۆ ژنەکەی پاش گەیشتنە بنبەستیان، بەسێ قۆناغ تەواو دەبێو، هەرجارەی تەڵاقێك دەخرێ، خوای کاربەجێ تبارك وتعالى لەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ ... ﴿٢٢٩﴾ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوۡجًا غَيۡرَهُۥۗ ... ﴿٢٣٠﴾ البقرة﴾، واتە: تەڵاقدان دووجارە (واتە ئەو تەڵاقدانەی کە بگونجێ مێرد ژنەکەی بگێڕێتەوە لای خۆی) جا دوایی، یان دەستپێوەگرتنێکی پەسند، یان بەرهەڵدانێکی باش... ئنجا ئەگەر (بۆ جاری سێیەم) تەڵاقیدا، ئەوە هەتا مێردێکی دیکە نەکات (وە لەگەڵی جووت نەبێ) بۆی حەڵاڵ نابێتەوە.

دووەم: پاش تەڵاقدانی یەکەمو دووەم مادام ژن هەر لە عیددەدا بێ، مێرد بۆی

هەیە یەکسەر بیهێنێتەوە ژێر نیکاحی خۆی، هەربۆیەش بەتەلاقی یەکەمو دووەم دەگەڕێتەوە (الطلاق الرَّجعي)، هەروەها پاش بەسەرچوونی عیددەش مێرد، دەتوانێ بە گرێبەستێکی تازەو مارەییەکی تازە (عقدٍ جديد ومهر جديد) پرۆسەی هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنەکەی دەست پێبکاتەوە بەمەرجێك ژنەکەی ڕازی بێ ، هەربۆیەش بە لەیەکترازانی ژنو مێرد پاش بەسەرچوونی عیددە، دوای تەلاقی یەکەمو دووەم دەگوترێ: لێك ترازانی گچکە (البينونة الصّغرى).

کەواتە:

لە قۆناغی یەکەمو دووەمی تەلاقداندا، چ لەنێو عیددەداو چ پاش عیددە، ژنو مێرد دەرفەتی گەڕانەوەی نێو ژیانی هاوسەرێتیان لەبەردەستدا دەمێنێ.

بەڵام پاش تەلاقدانی سێیەم، کە لە قۆناغو جاری سێیەمدا دەبێ، تازە ئەو دەرفەتە نامێنێ، هەربۆیەش بە لەیەکترازانی ژنو مێرد پاش تەلاقدانی سێیەم گوتراوە: لە یەکترازانی گەورە (البينونة الكبرى).

سێیەم: لەخۆڕانینی ژن بۆ مێردەکەی بە هەر هۆیەکەوە بێ، مادام ژنەکە سووربێ لەسەر جیابوونەوەی، شتێکی ڕێپێدراوە، بەوجۆرە، کە ژنو مێردەکە لەسەری پێك دێن، وەك گێڕانەوەی مارەییەکەی بۆ مێردەکەی، وەك خوا عزّوجلّ فەرموویەتی: ﴿... فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا ٱفْتَدَتْ بِهِۦ...﴿٢٢٩﴾ البقرة﴾، واتە: بەڵام ئەگەر ترسان، کە (ژنو مێردەکە) یاساکانی خوا بەرپا نەکەن، ئەوە گوناهیان ناگات لەوەدا، کە ژنەکە خۆی پێ دەرباز دەکات...

چـوارەم: هەرکاتێك مێرد ئامادەنـەبوو دەسـتبەرداری ژنەکـەی بـێ‌و، ئـەویش سوور بوو لەسەر داوایەکەی، ئەوە دادوەر (قاضي) بە قازانجی ژنەکـە بڕیـار بەسەر پیاوەکەدا دەدا، ئـەم ڕایـەش لـەڕووی بەڵگـەوە، زۆر بـەهێزترە لـە ڕایەکەی بەرانبەری، کە دەڵێ: قازی ئەو مافەی نیە، بەسەرهاتی (ثابت بـن قیس بن شماس)و ژنەکەیشی (حبيبة بنت سهل) لەوبارەوە باشترین بەڵگەیە:

((عن ابن عباس أن امرأة ثابت بن قيس بن شماس أتتْ النبـي ﷺ فقالـت: يارسول الله ما أعتب عليه في خلق ولادين، ولكني أكره الكفر في الإسلام! فقـال رسول الله ﷺ: أتَرُدِّين عليه حديقته؟ قالت: نعـم، قـال رسـول الله ﷺ: إقبَـلِ الحديقة وطَلِّقْها تطليقة)) رواه البخاري والنسائي، واتـە: ژنـی سـابیتی کـوڕی قەیسی کوڕی شەماس هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبـەری خـوا لەڕووی ڕەوشتو دینداریيەوە هـیچ گلـەییم لێـی نیـە، بـەڵام حەزناکـەم بـە مسوڵمانەتیی تووشی گوناە ببم، پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرمووی: ئایـا باغـە خورمایەکەی (کە مارەیی بووە) دەدەیەوە؟ گوتی: بەڵێ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: باغەکەی لـێ وەربگرەوەو یەك تەڵاقی بدە.

لەکۆتایی ئەم بەشی یەکەمەشدا، کە تەرخانمان کردبوو بۆ توێژینەوە لەبارەی بناغەی عەقیدەیی‌و فیکریی خێزان‌و سروشت‌و پایەکانی لە ئیسلام دا، دەڵێین:

هەرکەسێك سەرنجی یاساکانی شەریعەت بدات لەبواری خێـزان‌و پەیوەنـدیی نێوان ژن‌و مێرددا‌و، بەراوردیان بکات لەگەڵ یاساو بڕیارەکانی هـەر بەرنامـەو سیستەمێکی دیکەدا، بێ سێ‌و دووکـردن‌و دوو دڵیـی، دانـی پێـدادێنێ، کـە ڕاستڕو چاکترو واقیع بینانەتر لەوەی، کە ئیسلام گوتوویەتی، لە هیچ بەرنامەو سیستەمێکدا بوونی نیەو، هەر کۆمەڵگایەك بیەوێ خێزانەکانی تۆکمەو تونـدو تۆڵۆ بەختەوەرو ساغ‌و سەلامەت بن‌و، کەمترین گرفت‌و کەم‌وکوڕییان هـەبێ‌و، لەکاتی هەبوونی گرفت‌و کێشەشدا، بە سێناترین شێوازو کەم زیانتـرین ڕێبـاز،

چارەسەر بکرێ، دەبێ پەنا بەرێتە بەر شەریعەتی خوای کاربەجێو، یاساو بڕیارە سەرڕاستو پڕ پێستەکانی.

بەشـی دووەم

چـەندژنیـی و هەڵسـەنگاندێکی شـــەرعییـانەو ژیرانـــە

خوێنەری بەڕێز !

خوا یاربێ لەم بەشی دووەمەی لێکۆڵینەوەکەماندا لەبارەی خێزانەوە، دەچینە سەروکاری مەسەلەیەکی گەرم و زۆر وروژێنراوی ئەم ڕۆژانە، کە مەسەلەی چەندژنیی (تعدُّد الزوجات)یەو، هەوڵ دەدەین هێمنانە بیخەینە بەر ڕۆشنایی شەرع و عەقڵ و، دادگەرانە هەڵی بسەنگێنین و سەرەنجام بیسەلمێنین، کە ئەو یاساو بڕیارەی شەریعەتیش، وەک سەرجەم بڕیارو یاساکانی، ئەگەر وەک خۆی فام بکرێ و بەهۆی نەشارەزاییو بێئاگاییەوە، یان بەهۆی بوغزو کینە بەرانبەر بەئیسلام و مسوڵمانانو، بێدینی و دوور لە خوایی یەوە، ستەمی لێنەکرێ، دانی پێدا دەهێنرێ، کە یاساو بڕیارێکی ڕاست و دروست و پەسندو پێویست و پڕ بەپێستەو، لەبواری خۆیدا هیچ بەدیلێکی نیە، کە شایستەی مرۆڤ بێ و، ڕووی بەرو مەجلیسی هەبێ!

شایانی باسە من بۆیە وشەی (چەندژنیی)م بۆ تەرجەمەی (تعدُّد الزوجات) بەکارهێنا، وەک کاتی خۆی لەکتێبی (ئافرەت و خێزان لەسایەی شەریعەتدا)ش دا بەکارم هێناوە، چونکە وشەی (فرەژنیی)، کە ئێستا باوەو بەکاردێ، بەهەڵە دەزانم، چونکە:

(فرە) واتە: (زۆر)، ئنجا بێگومان شەریعەت ڕێی هێنانی زۆر ژنانی بەپیاو نەداوە، بەڵکو ئەو پەڕی ڕێی هێنانی چواری پێداوە، دیارە لە زمانی کوردیش دا وشەی (فرە - زۆر) بۆ شتێك بەکاردێ، کە لەبەر زۆریی نەژمێرێ، یان بەزەحمەت بژمێرێ، بەڵام وشەی (چەند) بۆ شتی سنووردارو ژمێرراوە.

ئێمە -وەک عادەتی خۆمان- بۆ وەسێنا خستنی لێتێگەیشتنی ئەم بابەتە، دابەشمان کردوە بۆ دە (١٠) خاڵی سەرەکی، کە ئەمە ناوونیشانەکانیانە:

١- چەندژنیی یاسایەکی شەرعیی ڕوونو بێ چەندو چوونە.

٢- بێجگە لەدادگەریی، بەمەرجگرتنی هەر شتێکی دیکە بۆ ڕێپێدانی چەندژنیی، قسەیەکی بێ بەڵگەو پووچە.

٣- ئەسڵ لە بنیاتنانی خێزانداد یەك ژنیی بێ، یان چەندژنیی، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

٤- پاساوو حیکمەتەکانی چەندژنیی.

٥- هەوێداریی گرفتی هەن، بەڵام بەدیلەکانی کارەساتیان هەن.

٦- بەهەڵە بەکارهێنانی هەق، نابێ هەقمان لەبەرچاو بخات.

٧- ئایا ڕەخنەگران لە چەندژنیی بەدیلیان چیە؟

٨- نەپیاو سالاریی و نە ژنسالاریی، بەڵکو شەرعسالاریی.

٩- چەند قسەو بۆچوونێکی کرچو کاڵو هەڵەی ڕەخنە لێگرانی چەند ژنیی.

١٠- چەند قسەیەکی دڵسۆزانە لەگەڵ داکۆکیکەراندا لەمافی ئافرەت.

ئێستاش ڕاستەوخۆ دەچینە سەرخاڵی یەکەمی ئەم بابەتە:

١- چەندژنیی یاسایەکی شەرعیی ڕوون و بێ چەندو چوونە :

بۆیە ئەم خاڵەم کردە سەرەتاو دەستپێکی ئەم بابەتە، چونکە بەداخەوە هەندێك کەس لە سۆنگەی نەشارەزایی، یان خۆ نەشارەزا کردنەوە، چ لە قسەو باس و مشتو مڕەکانی نێو پەرلەمانو، چ لەهۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، دەیانەوێ بەخەڵکی مسوڵمانی بسەلمێنن، کە مەسەلەی چەندژنیی، هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە لە ئیسلامداو، قورئان ئەوەی لێنافامرێتەوە، کە چەندژنیی شتێکی ڕەوایە!

بەڵام بێگومان وانیەو، یاسای چەندژنیی شتێکی یەکجار ڕوونو ڕاشکاوەو، هیچ تەمو مژێکی لەسەر نیەو، دەتوانین لەوبارەوە سێ جۆرە بەڵگان بێنینەوە:

یەکەم: چەند ئایەتێکی قورئان :

لەکتێبی خوای بێ وێنەدا چەند ئایەتێك هەن، کە بێ پێچو پەنا، ڕەوایی چەندژنیی (تعدُّد الزوجات) ڕادەگەیەنن، بۆ نموونە:

أ- ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا۟ فِى ٱلْيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُوا۟ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ فَوَٰحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُوا۟ ﴿٣﴾ النساء﴾، واتە: ئەگەر ترسان، کە لەگەڵ کچانی هەتیودا دادگەریی نەکەن (لەکاتێدا کە بەهاوسەریان دەگرن) ئەوە لە ئافرەتانێك، کە بۆتان حەڵاڵن مارەبکەن، دوو دوو و سێ سێو چوار چوار، بەڵام ئەگەر ترسان، کە (لەگەڵیان) دادگەریی نەکەن، با هەریەکێك بێ، یان ئەو (کەنیزەك)انەی، کە بەدەستتانەوەن، ئەوە نێزیکترە لەوە، کە لانەدەن.

وەك دەبینین خوای کاربەجێ دوای ئەوەی بەبڕوادارانی ڕادەگەیەنێ، کە

ئەگەر هات‌و مەترسییان هەبوو لەکاتی هاوسەرگیریی، لەگەڵ کچانی بێ باب‌دا تووشی ستەم بێن‌و، دادگەر نەبن، با وازیان لێبێنن، ئاگادارییان دەکاتەوە، کە بۆیان ڕەوایە، هەرکامێکیان دوو، یان سێ، یان چوار ژنان بێنێ، لەئافرەتانی دیکەی پێ شیاویان، ئەوەندە هەیە مەرجێك دادەنێ بۆ هەرکەسێك، کە بیەوێ ژنێك زیاتر بێنێ، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ لەنێوانیان‌دا دادگەر بێ‌و، لەمامەڵە لەگەڵیان‌دا تووشی ستەم (جَوْر) نەبێ.

ب- ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓاْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٢٩﴾ النساء ﴾، واتە: هەرچەندە سووربن لەسەر ئەوە، کە دادگەریی (تەواو) لەنێوان ژنان‌دا بکەن، بۆتان ناکرێ، بەڵام یەکجاریی لامەدەن بەجۆرێك، کە ژنەکە وەك هەڵواسراو لێبکەن، ئەگەر چاکسازیی‌و پارێزکاریی بکەن، بێگومان خوا لێبوردەی بە بەزەییە.

لەم ئایەتە بەپێزەشدا خوای پەنهان بێن، پیاوانی بڕوادار ئاگادار دەکاتەوە، کە هەرچەندە سووربن لەسەر دادگەرییکردنی تەواو لەنێوان هاوسەرەکانیاندا —واتە لەکاتێك، کە یەکێکیان لەژنێك زیاتری دەبێ- هەر بۆیان ناکرێ، پاشان پێیان دەفەرموێ: کە ئەگەر دادگەریی تەواویشتان بۆ ناکرێ، لەو ئەندازە دادگەرییەدا، کە گونجاوەو دەکرێ، کەمتەرخەمیی مەکەن‌و وازەفتار مەکەن، کە یەکێك لە ژنەکانتان، وەك هەڵواسراو (مُعلّقة) بێتە بەرچاو، کە نەمێرددار بێ‌و، نە بێ مێردیش!

شایانی باسیشە، کە هەندێك کەسی سەرکێڵ‌و نەشارەزا ئەم ڕستە قورئانییەیان کردۆتە بەڵگەی ڕەوانەبوونی چەندژنیی: ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓاْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ ... ﴿١٢٩﴾ النساء ﴾، گوتوویانە: لە

ئایەتی ژمارە (٣)ی (النساء)دا دادگەریی بۆ ڕەوایی چەندژنیی مەرج گیراوە، لەئایەتی ژمارە (١٢٩)شدا ڕاگەیەنراوە، کە دادگەریی لەنێوان چەند ژنێکدا ناکرێ، کەواتە: چەندژنیی دروست نیە!

بەڵام لەڕاستیدا قسەی گۆرین دەعوایەکی پووچ و بێ بنەمایە، چونکە:

١- ناگونجێ خوای کاربەجێ شتێك لەسەر مرۆڤ پێویست بکات، کە لەتوانایدا نەبێ، وەك فەرموویەتی: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ..﴿٢٨٦﴾ البقرة ﴾، واتە: خوا لەتوانا بەدەر لەهیچ کەس داوا ناکات.

کەواتە: ئەو جۆرە دادگەرییەی، کە خوا سبحانه وتعالی ڕایگەیاندوە بە کەس ناکرێ، ناگونجێ خوا پێویستی کردبێ!

٢- وەك ئەو جۆرە کەسانە دەڵێن، لەنێوان ئایەتی ژمارە (٣)و ئایەتی ژمارە (١٢٩)ی (النساء)دا دەبێ ناکۆکیی (إختلاف) هەبێ، بەڵام بێگومان فەرمایشتی خوا (عزّوجلّ) لە ناکۆکیی (إختلاف) دوورە، وەك فەرموویەتی: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ النساء ﴾، واتە: ئەوە لەقورئانەوە ڕانامێنن! ئەگەر هاتباو لەلایەن خواوە نەبوایە، ناکۆکیی زۆریان تێدا دەبینی.

٣- ئێجا هەر ڕستەی دوای ڕستەی: ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓا۟ أَن تَعْدِلُوا۟ ... ﴿١٢٩﴾ النساء ﴾، کە بریتیە لە: ﴿ ... فَلَا تَمِيلُوا۟ كُلَّ ٱلْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِ ۚ ... ﴿١٢٩﴾ النساء ﴾، بەڵگەیە لەسەر ئەوە، کە ئەو جۆرە دادگەرییەی خوا فەرموویەتی: هەرچەندە بشتانەوێ پێیان ناکرێ، جیایە لەوەی، کە لەئایەتی ژمارە (٣)دا بەگونجاو(ممکن) دانراوەو بەمەرج گیراوە،

چونکە ئەو ڕستەیە: ﴿... فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ ...﴾ ڕێگریی دەکات لە مەیلکردنو لادانی یەکجارەکیی، کەدیارە لادانو مەیلکردنی یەکجارەکیی مێرد بەلای یەکێك لە ژنەکانیدا لەسەر حیسابی ئەوی دیکە، لەگەڵ ئەو دادگەرییە گونجاوو بەمەرجگیراو (العدل الممكن والمشروط)ەدا تێك دەگیرێ، نەك لەگەڵ دادگەریی تەواو (العدل التام)دا، کە خوا (عزّوجلّ) خۆی فەرموویەتی پێتان ناکرێو بەمەرجیشی نەگرتوە.

واتە: دەگونجێ پیاو دادگەریی تەواویشی لەنێوان ژنەکانیدا نەبێو، بەیەکجارەکییش بەلای یەکێیاندا لاینەدابێ، بەڵام ناگونجێ دادگەریی ئاسایی نەبێو، بەیەکجارەکییش بەلای یەکێك لە ژنەکانیدا لاینەدابێ!

٤- ئنجا تێکڕای تۆێژەوەرانی قورئان لەسەر ئەوە کۆکو یەکدەنگن، کە مەبەست لە دادگەریی (عَدْل) لە ئایەتی ژمارە (٣)ی (النساء)دا، بریتیە لە یەکسانکردنی ژنان لە: مەسرەف کێشانو بەرگو پۆشاکو جێگاو شەو لەلامانەوە (النفقة والكِسْوة والسُّكْنى والمَبيت)دا، کە دیارە ئەمەش کەسێك خاوەنی ئیرادە بێو، مەبەستی بێ شتێکی گونجاوەو بۆی دەکرێو واقیعیش -وێڕای دەلالەتی عەقڵ- باشترین بەڵگەو شایەدە لەوبارەوە[1].

هەروەها سەرجەم تۆێژەرەوانی قورئان لەسەر ئەوەش کۆکن، کە مەبەست لە دادگەریی (عدل) لە ئایەتی ژمارە (١٢٩)ی (النساء)دا، کە خوای پەنهانبین فەرموویەتی: هەرچەندە زۆریشتان مەبەست بێ بۆتان ناکرێ: ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓا أَن تَعْدِلُوا۟ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ... ﴾، بەڵێ مەبەست لەو دادگەرییە نەگونجاوو بە هیچکەس نەکراوە، ئەوەنیە، کە لە

---

١) بڕوانە: (التفسير الكبير)، ج٩، ص(١٧٧،١٧٦)، وە: (تفسير ابن كثير)، ج١، ص٤٥١، وە: (الجامع لأحكام القرآن) للقرطبي، ج٣، ص١٦.

ئایەتی ژمارە (٣)دا بەمەرج گیراوە، بەڵکو مەبەست پێی خۆشویستنو سەرجێیکردن (المحبَّة والجماع)ە، وەك (الطبري) لەوبارەوە گوتوویەتی:[١] ((لن تطيقوا أيها الرجال أن تُسَوُّوا بين نسائكم وأزواجكم في حُبِّهِنَّ بقلوبكم حتى تَعدلوا بينهنَّ في ذلك)) واتە: ئەی پیاوینە ناتوانن کە لەنێوان ژنو هاوسەرەکانتاندا یەکسانی بکەن، لە ڕووی خۆشەویستیانەوە بە دڵەکانتان، تاکو لەوەدا دادگەرییان لە نێواندا بکەن.

هەروەها (القرطبي)یش لەوبارەوەو لە تەفسیری ڕستەی گۆڕینداگوتوویەتی:[٢] ((أخبر تعالى بنفي الأستطاعة في العدل بين النساءِ وذلك في مَيْل الطَّبْع بالمحبّة والجماع والحظّ من القلب))، واتە: خوای بەرز هەواڵی داوە، کە ناگونجێ دادگەریی لەنێوان ژنانداا بکرێ، لەبواری دڵ بەلادا چوونو خۆشویستنو سەرجێیدا.

٥- بەڵگەیەکی دیکەش لەوبارەوە ئەوەیە، کە دایکمان (عائشة) خوا لێی ڕازی بێ گوتوویەتی: ((**كان رسول الله يَقْسِمُ بين نسائه فَيَعْدلُ ثم يقول: " أللّهم هذا قَسْمي فيما أَمْلِكُ، فلا تَلُمْني فيما تَمْلِكُ ولا أَمْلكُ " يعْني القَلْبَ**)) رواه أحمد وأهل السُّنن، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ عادەتی وابوو بەدادگەریی هەموو شتێکی لەنێوان هاوسەرەکانیدا دابەش دەکرد، ئنجا دەیفەرموو: "ئەی خوایە ئەمە دابەشکردنی منە، لەوەدا، کە پێم دەکرێ، دەجا لەوەدا، کە تۆ پێت دەکرێو من پێم ناکرێ، لۆمەم مەکە" مەبەستی مەیلی دڵ بوو.

ج- خوای بەرزو مەزن لە ئایەتی ژمارە (٢٣)ی (النساء)دا، کە باسی ئەو ئافرەتانە دەکات، کە لەپیاو قەدەغەن هاوسەرگیرییان لەگەڵ بکات،

---

١) بڕوانە: (جامع البيان)، ج٤، ص٤٢٢.

٢) بڕوانە: (الجامع لأحكام القرآن) ج٣، ص١٥٩١.

فەرموویەتی: ﴿...وَأَن تَجْمَعُوا بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ...﴿٢٣﴾ النساء﴾، واتە: قەدەغەیە دوو خوشك پێکەوە کۆبکەنەوە، جگە لەوەی تێپەڕیوەو کاتی خۆی کراوە.

جا دیارە ئەگەر چەندژنیی قەدەغەبوایە، هیچ پێویستی نەدەکرد باسی قەدەغەیی پێکەوە کۆکردنەوەی دوو خوشك کرابایە، چونکە ئەگەر چەندژنیی قەدەغە بێ، جیاوازیی لەنێوان دوو خوشكو دوو ئافرەتی بە یەك بێگانەدا نیە!

دووەم: چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ:

فەرموودەی پێغەمبەریش ﷺ لەسەر نەوە، کە (چەندژنیی) یاسایەکی ڕوونو ڕاشکاو و بێ گرێو گۆڵی شەریعەتە، زۆرن، بۆ نموونە:

١- ((عن أبي هريرة قال: قال رسول الله ﷺ: مَنْ كانَتْ لَهُ امرأتان فمال الى إحداهما جاء يوم القيامة وأحد شِقَّيْهِ ساقِطٌ)) رواه أبو داود الطيالسي، واتە: هەرکەسێك دوو ژنی هەبنو بەلای یەکێکیان دا لابدات –واتە: نەو دادگەرییەی، کە گونجاوە پێی هەڵنەستێ- ڕۆژی هەڵسانەوە، کە دێ لایەکی لاربووەو داکەوتوە.

٢- ((لايُجْمَعُ بين المرأة وعَمَّتِها، ولا بين المرأة وخالتها)) متفق عليه، واتە: نابێ ژنێك و خوشکی بابیو، ژنێك و خوشکی دایکی پێکەوە کۆبکرێنەوە.

ئنجا وەك پێشتریش لەبارەی قەدەغەبوونی پێکەوە کۆکردنەوەی دوو خوشکدا گوتمان، ئەگەر چەندژنیی دروست نەبوایە، پێویستی نەدەکرد پێغەمبەر ﷺ لێرەدا باسی ڕەوا نەبوونی پێکەوە کۆکردنەوەی ئافرەتێك و پوورێکی بکات، چونکە ئەوکاتە پێکەوە کۆکردنەوەی هەموو دوو ئافرەتێك ناڕەوا دەبوو، هەرکێیەك بن!

سێیەم: یەکدەنگیی زانایان و کردەوەی ئۆممەت بە پێشین و پاشینەوە:

هەرچەندە پاش دەقی قورئان، یان سوننەت، بۆ ئیسپاتی یاسایەکی شەریعەت، پەکمان لەسەر هیچی دیکە نەکەوتوە، بەڵام بەڵگەیەکی دیکەش لەسەر ڕەوایی (چەندژنیی) ئەوەیە، کە زانایانی ئیسلام و سەرجەم ئۆممەت بە پێشین و پاشین (سَلَف وخلف)ەوە لەسەر ئەو یاسا شەرعییە یەکدەنگ و یەک هەڵوێست بوونەو، بەکردەوەش یاسای چەندژنیی لەلایەن چوار جێنشینە سەرڕاستەکان (الخلفاء الأربعة الراشدون) ئەبووبەکرو عومەرو عوسمان و عەلی یەوە خوا لێیان ڕازی بێ و، ژمارەیەکی زۆر لەزاناو پێشەوایانی دیارو بەرجەستەی ئیسلامەوە جێبەجێ کراوەو، هەرگیزیش نەزانراوەو نەبیستراوە، هیچ زاناو پێشەوایەکی ئیسلام، نکوولێی لەڕەوایی ئەو یاسا شەرعییە کردبێ.

ئێستاش، کە ڕوونیی و بێ چەندوچوونی ڕەوایی یاسای چەندژنیی خرایە ڕوو دەڵێین:

ئەوکەسەی، کە دەڵێ: (هیچ جیاوازییەک لەنێوان چەندژنیی و زیناکردندا نیە) لە دوو حاڵان بەدەر نیە، یان خۆی بەمسوڵمان دەزانێ، یان بەناشکرا کوفرو بێ بڕوایی خۆی ڕاگەیاندوە.

جا ئەگەر خۆی بە مسوڵمان دابنێ، پێی دەگوترێ:

ئەگەر تا ئێستاش مسوڵمان بووبی، ئەم قسەیەت کوفرەو، پێی لە بازنەی ئیسلام دەچیە دەرێ، چونکە:

أ- وەک یەک تەماشاکردنی حەاڵڵو حەڕامو یەکسان کردنیان، ئەنجامەکەی درۆ پاڵدانە لای خوایە سبحانە وتعالی، کە فەرموویەتی: هەرچی پاک و چاک و سوود بەخشە حەاڵڵی کردوەو، هەرچی پیس و خراپ و زیانبەخشە قەدەغەی کردوە: ﴿..وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ..﴿١٥٧﴾ الأعراف﴾.

دیارە هەرکەسێکیش درۆ پاڵداتە لای خوا، ئەگەر پێشتر مسوڵمانیش بووبێ، فڕی بەسەر مسوڵمانەتییەوە نامێنێ، وەك خوا عزّوجلّ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَا يَفْتَرِي ٱلْكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ ﴿١٠٥﴾ النحل ﴾، واتە: بێگومان تەنیا ئەوانە درۆ بەخواوە هەڵدەبەستن، کە بڕوایان بەئایەتەکانی خوا نیەو، هەر ئەوانەن درۆزنان.

ب- خوای پەروەردگار لە ئایەتی ژمارە (٢٧٥)ی (البقرة)دا مۆری کوفرو لە دۆزەخدا بەهەمیشەیی مانەوەی بەنێوچاوانی ئەوانەوە ناوە، کە بازرگانییو سوودخۆریی (البیع والربا)یان وەك یەك داناوە، وەك فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰا۟ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَـٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰا۟ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰا۟ ۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾ البقرة ﴾.

ئەگەر کافریش بێ پێی دەگوترێ:

جیاوازیی لەنێوان چەندژنیی حەڵاڵو زینای حەرامدا زۆرن، بۆ نموونە:

یەك: بابای خاوەن چەند ژن، لەسەری پێویستە مەسرەفو پۆشاكو جێگاو رێگا بۆ ژنەکانی دابین بکات، بەڵام بابای زیناکەر پاش زینا لەگەڵ کردن، پوولێکی قەڵب بەوانەوە دەنێ، کە تەنیا کاری خۆ پێ دامرکاندنەوەی پێیان بووە!

دوو: ئەو ژنانەی هاوسەرێکی حەڵاڵیان هەیە، لەنێو کۆمەڵگادا سەربەرزن، کە شتێکیان نەکردوە دژو پێچەوانەی ئایینو بەهاو ڕەوشتەکانی کۆمەڵگا بێت،

بەڵام ئافرەتانی داوێن پیس، سەرشۆڕو شەرمەزارن!

سێ: ئەو ژنانەی هاوسەری حەڵاڵی پیاوێکن، منداڵەکانیان بابێکی ئاشکراو شەرعییان هەیەو لەدایکیان ناپرسن: بابمان کێیە؟! بەڵام منداڵەکانی ئافرەتانی داوێن پیس، ئەگەر هەر بەڕێوەش لەبار نەچوێنرابن، کاتێک گەورە دەبن، نازانن بابیان کێیەو، خەڵکیش بە زۆڵو بیژوو ناویان دەبات!

چوار: لە ئەنجامی زیناو داوێن پیسیدا، چەندان نەخۆشی کوشندەو بێرەزای وەک: ئیدز، سیەیلان، زوهریی، هەربس، بالووکەی کۆئەندامی زاووزێ...هتد پەیدا دەبن، بەڵام هیچ کام لەو جۆرە نەخۆشیانەو هاوڕێنەکانیشایان، بەهۆی پەیوەندی شەرعیی لەنێوان پیاوو ژنەکانیدا پەیدا نابن[1]!

کەواتە:

بێگومان کەسێک چەندژنییو زیناکردنی پێ وەک یەک بێ، نە دەتوانێ خۆی بە مسوڵمان دابنێ، نە بە خاوەن عەقڵو وێژدان!

ئێستاش نۆرەی خاڵی دووەمە:

---

١) بڕوانە: (الجنس والتربية الجنسية في ضوء الشريعة الأسلامية) د. محمد الهواري، المجلة العلمية للمجلس الأوربي للأفتاء والبحوث، ص (١٢٢-١٢٧).

٢- بێجگە لە دادگەریی، بەمەرجگرتنی هەرشتێکی دیکە بۆ ڕێپێدانی چەندژنیی، قسەیەکی بێ بەڵگەو پووچە:

بێگومان بەندو مەرج (قیدو شرط) خستنە سەر ئەو شتانەی، کە خوا حەڵاڵی کردون، بەجۆرێك کە ئەو بەندو مەرجانە ببنە مایەی قەدەغەکرانی ئەو شتانەو، پەکخستن (تعطیل)و لەنێوەڕۆك خاڵیکردنەوەی ئەو دەقە شەرعییانەی لەوبارەوە دەدوێن، جۆرێکە لەگۆڕینو لادان (تغییرو تحریف)ی ئاییینی خوای کاربەجێ، جا ئەو ڕەفتارە لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ و بەهەر بیانوو و پاساوێکەوە بێ.

بۆیە پێویستە هەموو ئەو کەسانەی، کە بەو جۆرەی باسمان کرد، لەگەڵ یاسای (چەندژنیی)دا ڕەفتاریان کردوەو دەکەن، زۆر باش بزانن، کە بەو هەڵوێستو ڕەفتارەیان بیانەوێ یان نا، ئاوێ بە ئاشی ئەوانەدا دەکەن، کە دژی ئەو یاسا شەرعییەن، چونکە ئاکامی هەردووك لایان هەریەکە، کە بریتیە لە پەکخستنی ئەو ئایەتو فەرموودانەی، کە ئەو یاسا شەرعییەیان گرتۆتە خۆ، کوردەواریش گوتوویانە: (چ گورگ بتخوا چ سوار بتبا!).

چونکە خوای بەبەزەییو دادگەر (عزّوجلّ) لەکاتی ڕاگەیاندنی ڕێپێدانی چەندژنییدا، تەنیا یەك مەرجی داناوە، کە بریتیە لە دادگەریی (عدل)، کە تەمیش -وەك لە خاڵی پێشوودا خستمانەڕوو- مەبەست پێی یەکسان کردنی مێردە بۆ ژنەکانی لە مەسرەف کێشانو پۆشاکو جێگاو ڕێگاو شەو لەلامانەوە (النفقة والکِسْوة والسُّکْنی والمَبیْت)دا، کەواتە: زیاد کردنی هەر بەندو مەرجێکی دیکەی وەك:

نەخۆشیی، نەزۆکیی، ڕازی بوونی ژنی یەکەم ... قسەیەکی هەڵەو پووچەو، یاسای (چەندژنیی)یش دەکاتە نیمچە پەکخراو (شبه مُعطّل)، ئیدی سەرەنجام

ئەوەی، کە خوای بەرزو بێ وێنە بەڕوونیی‌و ڕاشکاویی حەڵاڵی کردوە، هەندێك کەس -هەر بەناوی ئاینیشەوە- بە پێچو پەناو فرت‌و فێڵ، قەدەغەی دەکەن!!

جادیارە ئێمە لێرەدا ڕووی قسەو ڕەخنەو گلەییمان لە کەسانێك نیە، کە خۆیان بەمسوڵمان نازانن، چونکە ئەو جۆرە کەسانە پێش ئەومەسەلەیە، گەلێك شتی دیکەیان هەیەو لێپێچانەوەیان لەسەر ئەو مەسەلەیە، ئەوپەندەی بەسەردا دەچەسپێ، کە دەڵێ: (گاڕانیان بە خڕی دەبرد لە گۆلکە سووری دەپێچایەوە!)، بەڵکو ڕووی قسەو ڕەخنەو گلەییمان لەو کەسانەیە، کە لە بازنەی ئیسلامدان‌و بەناوی شەریعەتەوە دەدوێن!

چونکە نە قورئان‌و سوننەت‌و، نە بەرهەم‌و کەلەپووری زانایانیش[1]. بێجگە لە دادگەریی‌و توانای مەمرەفکێشان، هیچ مەرجێکی دیکەیان بۆ بابای چەند ژنهێن (مُعَدِّدْ) دیاری نەکردوە، ئنجا لەڕاستی‌دا توانای مەسرەفکێشانیش هەر دەچێتەوە نێو دادگەرییەوە، چونکە دادگەریی کردن بەبێ ئیمکانیەت‌و هەبوون نابێ، وە لەڕاستی‌دا کەسێك لەڕووی هەبوونەوە دەسترۆیشتوو نەبێ، نەك چەند ژن، بگرە یەك ژنیشی بۆ مەیسەر نابێ، وەك خوای کاریەجێ فەرموویەتی: ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ..﴿٣٣﴾ النور﴾، واتە: ئەوانەی توانای ژنهێنانیان نیە، با خۆیان پاك داوێن ڕابگرن، هەتا خوا لە بەخششی خۆی بێنیازیان دەکات.

---

١) بڕوانە: (المفصّل فی أحكام المرأه والبيت المسلم)، ج٦، ص(٢٩٣، ٢٩٤).

٣- ئەسڵ لە بنیاتنانی خێزان دا یەك ژنیی بێ، یان چەندژنیی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ:

لەوبارەوە، کە ئایا ئەسڵو بناغە لە بنیاتنانی خێزانداد، یەك ژنییە، یان چەندژنیی؟ کەموزۆر لەنێو زانایانداد ڕاجیایی‌و مشتومڕ هەیە، ئەوانەی، کە دەڵێن: چەندژنیی ئەسڵە، ئەوە بە بەڵگە دێننەوە، کە خوای بێهاوتا (عزّوجلّ)، کە باسی ژنهێنانی کردوە، لە ئایەتی ژمارە (٣ی النساء)دا بە دوودوو (مَثْنى) دەستی پێکردوە: ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ...﴾.

کەواتە: ئەسڵ ئەوەیە پیاو لە ژنێکی زیاتر هەبێ!

جا دیارە ئەوانەش، کە دەڵێن ئەسڵ یەك ژنییەیە، بۆیان هەیە بڵێن: ئەم ئایەتە باسی ڕەوایی هێنانی زیاتر لە ژنێك دەکات هەتا چوار، بۆ کەسێك لەخۆی ڕابەبینێ، کە دادگەر دەبێ، نەك باسی ئەوە، کە خێزان چۆنو لە چەند ژن پێکدێ، بۆیە ناگونجێ ئەو ئایەتە بکرێتە بەڵگەی ئەسڵ بوونی چەندژنیی لە بنیاتنانی خێزانداد.

بەڵام بە هەرحاڵ، من ڕام وایە، کە بە ئیسپات بوونی هەر کام لەو دوو ڕایە، مەسەلەی ڕەوا بوونی چەندژنیی، هیچ گۆڕانی بەسەردا نایەت، پێشم وایە ئەو مەسەلەیە عورف‌و باوی کۆمەڵگاو هەڵومەرجەکانی ژیانوگوزەران، کاریگەریی زۆریان لەسەری هەیەو، زیادبوونی ڕێژەی ئافرەتانیش، لە کچانی قەیرەو بەتەمەنو بێوە ژنان لە نێو کۆمەڵگاو خەڵکێکی مسوڵمانداد، حوکمی ئەو مەسەلەیە زۆر دەگۆڕێ، چونکە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی مسوڵمان، بەنێرو مێی‌و درشت‌و وردەوە بەرانبەر بەیەکدی بەرپرسیارنو، هیچ ماقوولّ نیە پیاوانی مسوڵمانی خاوەن‌توانا، لەکاتی‌بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژمارەی‌ئافرەتانداد، دەستەوئەژنۆ دابنیشنو بیر لە چارەسەرێك نەکەنەوە! ئاشکراشە، کە ئەوە ئەرکی هەرکام لە

حکوومەت‌و دامەزراوە ئەهلیی‌و مەدەنییەکانە، کە لەو حاڵەتەدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بۆ ڕاستکردنەوەو هێنانەوە تایمی تەرازووی لاری کۆمەڵگاو، دەربازکردنی ئافرەتان لە قەیران‌و کێشەی بێماڵو حاڵی‌و ژینتاڵیی، وەک خوای کاربەجێ فەرموویەتی: ﴿وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ ۚ إِن يَكُونُوا۟ فُقَرَآءَ يُغْنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٢﴾﴾ النور، واتە: هاوسەرگیریی بۆ پیاوان‌و ئافرەتانی بێ هاوسەرتان بکەن، هەروەها بۆ ئەو کۆیلەو کەنیزانەتان کە شایستەن، ئەگەر هەژاریش بن خوا لە بەخششی خۆی بێ نیازیان دەکات، خوا (بەخشش) فراوانی زانایە.

دیارە بە پێی ئەم ئایەتە بەپێزەی کتێبی بەڕێزی خوا (عزّوجلّ)، ئەرکی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامییە، کە هەڵسێ بەئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیریی بۆ سەرجەم ئەو پیاوو ئافرەتانەی، کە لەبەر هەر هۆیەک بێ نەیانتوانیوە هاوسەردار بن، جا ئەو پیاوو ئافرەتانە، چ هەر لە ئەسڵدا هاوسەردار نەبووبن، چ هاوسەریان هەبووبێ‌و ئێستا سەڵتو تەنیابن، چونکە وشەی (أیامی)کۆی (أیِّم)ەو، ئەمیش بۆ هەرکام لە پیاوو ئافرەتی بێ هاوسەر بەکاردێ، جا چ هەر نەیانبووبێ، چ هەیانبووبێ‌و نەیانمابێ، وەک (الجوهري) لە شارەزایانی زمانەوە هێناویەتی[1].

کەواتە:

ئەوە ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگاو دەوڵەتە لە ئیسلامدا، کە لەکاتێکدا پیاوان‌و ئافرەتان دووچاری ئەو حاڵەتە دەبن، کە بێگومان کێشەو قەیرانێکی کۆمەڵایەتییەو دەرەنجامی زۆر خراپی لێ دەکەونەوە، بە جددیی خەمیان لێ بخۆن‌و هاوکارو دەستبارگریان بن، ئاشکراشە کاتێک کە ڕێژەی ئافرەتان بەرزتر

---

١) بڕوانە: (المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير)، ص٩٤٠.

دەبێتەوە لەهی پیاوان، بێجگە لە (چەندژنیی) هیچ چارەسەرێکی دیکەی شەریف و شەرعیی نیە، بۆ چارەسەری کێشەی بێ هاوسەریی ئافرەتان، وەك دواتریش زیاتر لەوبارەوە دەدوێین.

ئێستاش نۆرەی خاڵی چوارەمە.

٤- پاساوو حیکمەتەکانی چەندژنیی:

لە ئەلفو بێو سەرەتایەکانی ئیمانو عەقیدەی ئیسلامییە، کە بابای مسوڵمان لە سەداسەد قەناعەتی وابێ: کە هیچ یاسایەکی شەریعەتی خوای پەروەردگار نیە، کە حیکمەتو پاساوی مەنتیقی خۆی نەبێ، چونکە شەریعەت بە هەردووك بەشی قورئانو سوننەتییەوە، سەرچاوەکەی سرووش (وەحی) خوای بەرزو بێ وێنەیەو، دیارە خواش (عزّوجلّ) خاوەنی ئەوپەڕی بەزەییو ئەوپەڕی زانیاریی و حیکمەتی بێ سنوورو، هەموو سیفەتێکی بەرزو پەسندی پەهایە، کەواتە:

ناگونجێ خوای کاربەجێ (حکیم) شتی بێحیکمەتو نابەجێ بفەرموێو بڕیار بدات، پاکییو بەرزیی بۆ خوا، کە جگە لە هەقو ڕاستیی، شتێکی دیکەی لێ بوەشێتەوە.

کەواتە:

ئایا شەریعەتی خوای کاربەجێ تبارك وتعالی، چ حیکمەتو بەرژەوەندییەکی ڕەچاو کردوە لە دانانی یاسای (چەندژنیی)دا؟!

لە وەڵامدا دەڵێین:

شەریعەتی خوای کاربەجێ عزّوجلّ لە دانانی یاسای (چەندژنیی)دا کۆمەڵێك حیکمەتی ڕەچاو کردوون، بۆ نموونە:

یەکەم: ڕاستییەکی سەلمێنراوی واقیعی و زانستییە کە لە ڕووی جەستەیی و جینسیەوە ئافرەت زووتر لە پیاو پێدەگات و زووتریش دەوەستێ و پەکی دەکەوێ:

زووتر باڵغ بوونی کچ لە کوڕو وەستانی لە گەشەی جەستەیی شتێکی ئاشکرایە و، ئافرەتیش لای زۆری هەتا تەمەنی (٤٥-٥٠) ساڵی توانای منداڵبوونو وەچە خستنەوەی هەیە، بەڵام پیاوان هەتا (٧٠) ساڵیی و زیاتریش ئەو توانایەیان هەر دەمێنێ.

کەواتە:

بەلای کەمەوە ماوەیەکی (٢٠) ساڵیی، ئافرەت لە پیاو بەجێ دەمێنێ، ئنجا بەتایبەت، ئەگەر ژنو مێردەکە بەدرەنگەوە ژیانی هاوسەریان پێکەوە نابێ، ئەوە هێنانی ژنێکی دیکە بۆ پیاوەکە پێویستتریش دەبێ.

دووەم: هەمیشەو بەدرێژایی مێژوو لە سەرجەم کۆمەڵگایەکان دا ژمارەی ئافرەتان لە هی پیاوان زیاتر بووە، بەهۆی تێداچوونی پیاوان لە کاروکاسبی وجەنگ و کوشتارو ڕوبەڕووبوونەوەکاندا:

ئەمیش ڕاستییەکی مێژوویی و واقیعیی و کۆمەڵایەتییەو نکوولێی لێ ناکرێ، کاتێکیش کە هاوسەنگی (تەوازن)ی نێوان ڕێژەی پیاوانو ئافرەتان تێکدەچێ، بێجگە لە یاسای شەرعیی چەندژنیی، هیچ شتێکی دیکە نابێتە فریادڕەسی ئەو ئافرەتانەی، کە مێردێکی تەنیاو سەڵتیان چنگ ناکەوێ، دیارە بەهیچ ڕەنگێکیش نە ئیسلامو نە هیچ ئافرەتێکی پاکو شەریفیش بە داوێنپیسی ڕازی نابێ، هەروەها ئیسلام لەوەش زیاترو واقیعبین ترو بەبەزەیی تره، کە بەئافرەتانی زیاد لە ژمارەی پیاوان بڵێ: پێویستە هەر خۆتان کپ بکەنو لەمالێ بابتان کەزی سپی بهۆننەوە! چونکە وەك دواتریش دەخەینە

ڕوو، لەکاتی زیاتربوونی ژمارەی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا، هیچ بەدیلێك بۆ چەندژنیی نیە، بێجگە لە زیناو داوێن پیسی، یان خۆ کپ کردنەوەو پرچی سپی هۆنینەوەی ئافرەتانێکی زۆر لەمانّی بابیان!

سێیەم: ئافرەت جگە لە حاڵەتی منداڵبوونو زەیستانی، کە دەوری چل شەو یان زیاتریش دەخایەنێ، مانگانەش دەکەوێتە حەیزەوە کە لای کەمی چەند ڕۆژێك و لای زۆری هەتا پازدە ڕۆژ، ناگونجێ سەرجێیی لەگەڵ بکرێ:

بەڵێ ئەمیش پاساوێکی دیکەی هێنانی زیاتر لەژنێکەو، لەبەر ڕوونیشی پێویستی بەڕوونکردنەوە ناکات.

چوارەم: مەگەر چۆن دەنا هیچ کۆمەڵگایەك نیە ڕێژەیەك لەکچانی قەیرەو بەتەمەنو بێوەژنی تێدا نەبێ، ئاشکراشە کەمتر وایە کە کوڕێکی گەنج ئامادەبێ کچێکی بەتەمەن یان بێوەژنێك بهێنێ:

بەڵێ، بەڕاستی پاساوی (چەندژنیی)، دەروازەیەکە بۆ لێوە دەرباز بوونی کچانێکی بەتەمەنو، ژنانێکی بێوە ژن، لەژیانی تەنیایی‌و بێ مانّو مێردیی، بۆیە ئەگەر عەقڵو مەنتیقو بەرژەوەندی هەموولایەك ڕەچاو بکرێ، پێویستە ئافرەتان پێش پیاوان داکۆکیی بکەن لە کارپێکردنو کاراکردنی یاسای چەندژنیی، بەتایبەت کچانی قەیرەو ژنانی بێوەژن!

ئنجا ئەوانەش، کە دەڵێن:

ئەو پیاوانەی، کە ژنێك زیاتر دێنن، هەرگیز چاویان لە کچێکی بەتەمەن یان بێوەژنێك نیە، هەرچەندە قسەکەیان تاڕادەیەك ڕاستیی تێدایە، بەڵام زێدەڕۆیشی تێدایە، چونکە زۆرێك لە پیاوان کچی بەتەمەنو بێوەژنیشیان

هێناوە، پاشان هەر چۆن بێ کەمبوونەوەی ڕێژەی ئافرەتانی بێ مێـرد، بـەهۆی چەند ژنییەوە هەڵو دەرفەتی زیاتر بۆ کچانی قەیرەو بێوەژنەکان دەڕەخسێنێ، ئەگەرنا بەهۆی ڕێگرتن لـە چـەندژنییـەوە، بـەردەوام ڕێـژەی ئافرەتـان زیـاد دەکات‌و، ئەوجۆرە ئافرەتانەش دەرفەتی شوو کردنیان کەمتر دەبێتەوە!

پێنجـەم: نـەزۆکـیی ژن:

ئەمیش حیکمەت‌و پاساوێکی دیکەی یاسای چەندژنییە، چـونکە پیاوێـک کەژنەکەی نەزۆکەو منداڵی نابێ‌و، حـەزیش دەکـات وەچـەی هـەبێ، بێجگـە لەهێنانی ژنێکی دیکە، هیچ ڕێ چارەیەکی دیکەی نیە، جـا ئایـا وابـاشـە بـۆ ژنەکەی، کە مێردەکەی ناچاربێ تەڵاقی بدات، تاکو بۆی بلـوێ ژنێکـی دیکـە بێنێ، یان بەڕێزوحورمەت‌و وەفادارییەوە پێکەوە بمێننەوە؟!

دیارە لە حاڵەتی نەزۆک (عقم) بـوونی پیـاویش‌دا، ژن بـۆی هەیـە، ئەگـەر منداڵبوونی لەلا مەبەست تـر بـێ لـە مانـەوە لـەلای مێردەکـەی، کـە داوای جیابوونەوە بکات‌و، مێردێکی دیکە بکات.

جاهەر چەندە شەرعزانان لە بارەی ئەم مەسـەلەیەوە -کـە ئایـا ژن بـەهۆی نەزۆکیی پیاوەوە بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکـات؟!- ڕاجیـایی‌یـان هەیـە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی گومان لەڕووی بەڵگەوە بەهێزترە، چونکە:

١- ڕسـتەی ﴿... وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ... ﴿٢٢٨﴾ البقـرة﴾، چەمکەکەی فراوانەو تێکڕای مافەکانی دەگرێتەوە، کەواتە: ئەگەر پیاو بۆی هەبێ لە بەر پەیدابوونی منداڵ‌و مادام ژنەکەی ڕازی نەبێ ژنـی بەسـەربێ، دەستبەرداری ژنەکەی ببێ، دەبێ ئافرەتیش هەمان مافی هەبێ.

٢- پێشتر باسمان کرد، کە ژنێـک نـەتوانێ لەگـەڵ مێردەکەیـدا بژیـەت‌و لێـی بێزاربێ، جا بەهەر هۆیەکـەوە بـێ، شـەریعەت ڕێی دەدات، کـە لـە ڕێی

داڕنین (خُلع)ەوە خۆی لێ دەرباز بکات، بە بەڵگەی ئەوە، کە (بخاري) لە (ابن عبّاس)ەوە گێڕاویەتەوە، کە کاتێك ژنی (ثابت بن قيس بن شمّاس) هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و داوای کرد، کە لە مێردەکەی جیابێتەوە، گوتی: (ما أعْتَب عليه في خُلُقٍ ولادين) واتە: لە ڕووی ڕەوشت و دینداریيەوە هیچ گلەییم لێی نیە، کەواتە: دیارە هەر لێی بێزار بووەو پێی ناڕازیی بووە، دەجا ئەگەر بەهۆی بێزاریی و ناڕازیبوونەوە ژن بۆی هەبێ لە مێردی جیابێتەوە، دیارە بەهۆی نەزۆکییەوە چاکتر بۆی هەیە.

٣- زانای ناوداری ئیسلام (عبدالرزاق) لە کتێبی (مُصَنَّف)دا هێناویەتی، کە (عومەری کوڕی خەتتاب) خوا لێی ڕازی بێ لە ڕۆژگاری فەرمان ڕەوایەتی خۆیدا، پیاوێك، کە نەزۆك بووە لەسەر کاری کۆکردنەوەی زەکات دادەنێ، ئەویش ژنێك مارە دەکات، جا عومەر پێی دەڵێ: (أأعْلَمتَها؟!) ئایا پێت ڕاگەیاندوە -کە نەزۆکیی-؟ دەڵێ: نەخێر، ئەویش دەڵێ: (فَانْطَلِقْ فأعْلِمْها ثم خَيِّرْها) واتە: دەجا بچۆ ئاگاداری بکەوە، پاشان سەرپشکی بکە[1].

شەشەم: نەخۆشیی ژن:

نەخۆشیی ژنیش پاساوو حیکمەتێکی دیکەی دانرانی یاسای چەندژنییەیە، دیارە مەبەستیش لە نەخۆشیی زۆر شتە، نەك تەنیا ئەو نەخۆشیانەی، کە وا لە ژن دەکەن توانای سەر جێیی نەبێ، جادیارە لەوحاڵەتەشدا، هەم بۆ پیاو هەم بۆ مااڵو منداڵەکەیشی، هەبوونی هاوسەرێکی دیکە، دەبێتە شتێکی پێویستو ناچاریی.

شایانی باسیشە، کە ژنیش لەم مەسەلەیەدا مافی ئەوەی هەیە، کە ئەگەر

١- بڕوانە: (مصنَّف عبدالرزاق)، ج٦، ص١٦٢، وە بڕوانە: (التفريق القضائي من خلال قنوات مجلس القضاء في الشريعة الأسلامية) د.صهيب حسن، (المجلة العلمية للمجلس الأوربي للأفتاء والبحوث)، ص(٢٤٥-٢٦٠).

مێردەکەی نەخۆش بوو لێی جیابێتەوە، جا هەرچەندە شەرعزانان لەم مەسەلەیەشدا ڕاجیایی (إختلاف)یکی زۆریان هەیە، کە لەژێر باسی لێکترازاندن بەهۆی ناتەواوییەکی سڵەمێنەرەوە (التفريق للعيب المُنفّر)دا باسکراوە، بەڵام واپێدەچێ ڕایەکەی (الزّهري)و (شريح القاضي)کە (ابن القيِّم)یش پەسندی کردوە، لە هەموو ڕایەکان بەهێزتر بێ، کە هەرکام لە ژنو مێرد بۆیان هەیە، بەهۆی هەبوونی ناتەواویی سڵەمێنەرە (عيب مُنَفّر)ەوە، چ بەردەوام بێ چ کاتیی، وەک: نەزۆکیی، بەڵەکیی، سەرجێیی پێنەکران،...هتد، لەیەک جیابێنەوە[1].

حەوتەم: ئافرەت هەیە لەبەر هەر هۆیەک بێ، حەزدەکات ژنی دووەم، یان سێیەم، یان چوارەمی پیاوێکی هاوسەردار بێ، نەک ژنی یەکەمو تەنیای پیاوێکی دیکە:

حیکمەتو پاساوێکی دیکەی یاسای چەندژنیی ئەوەیە، کە ڕێ لەبەردەم ئافرەتێکدا ناچووغو تەخت بێ، کە سێبەری پیاوێکی بەژنو مالّ هەڵدەبژێرێ، بەسەر هی یەکێکی سەڵتو بێو ژنو مالّدا ، بەڵێ چ ئیشکالێکی تێدایە، ئەگەر ئافرەتێک نیوەی، یان کەمتری تەمەنو ژیانی پیاوێکی بەژنو مالّی پێ باشتربێ، لە تێکڕای تەمەنو ژیانی یەکێکی سەڵتو تەنیا ؟!

ناشکراشە، کە نەک هەموو پیاوێکیش شایستەیی و توانا و بڕستی مەعنەویی و جەستەیی و ماددیی، زیاتر لەژنێکی نیەو، ئافرەتانیش ئامادەیی شوو پێکردنیانیان نیە، بەڵکو پیاو هەیە ژنێکیشی لێ زیادەو شایستەی ئەوە نیە، کە ژنێکیشی هەبێ! کەمیش نین ئەو ژنانەی، کە گیرۆدەی داوی ئەو جۆرە پیاوانە بوونەو، دووچاری مەینەتیی و ژینتاڵییەکی زۆر هاتوون.

---

١) سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦٠.

هەروەها لە بەرانبەر ئەو جۆرە نێرینانەدا، مێینەی واش هەنو، پێشینانیش بەخۆڕایی نەیانگوتوە: (پیاو هەیە پیاویلکەش هەیە)و (ژنیش هەیەو ژانیش هەیە)!

بەڵێ:

ئەمانە حەوت جۆرە حیکمەتو پاساو بوون، کە شەریعەتی بێ هەڵەوپەڵەی خوای بەرزو مەزن، لە دانانی یاسای (چەندژنیی)دا ڕەچاوی کردون‌و، لە خاڵی داهاتووش‌دا تیشك دەخەینە سەر گیروگرفتەکانی ژیانی هەوێداریی، کە بەهۆی چەند ژنییەوە سەر هەڵدەدەن، چونکە دەزانم کە پرسیاری: ئەدی بۆچی باسی گیروگرفتەکانی ژیانی چەندژنیی ناکەی؟! لە دەلاقەی زۆر بیرو زەینانەوە سەرەتاتکەیەتی!

٥- هەوێداریی گرفتی هەن، بەڵام بەدیلەکانی کارەساتیان هەن:

ژیانی هاوسەری بەگشتی لە گیروگرفتو چەرمەسەرێو خەم‌و خەفەت خاڵی نابێ، ئنجا بێگومان خێزانێکیش، کە لە چەند ژنێك پێکدێ، زیاتر زەمینەی گیروگرفتو ئاژاوە تێدا پەیدا بوونی تێدا ڕەخساوەو، ئەمە ڕاستییەکە نکوولێیی لێناکرێ، بەڵام پێویستە لەکاتی قسەلێکردنی ئەم مەسەلەیەدا، لە چەند شتێکیش بێ ئاگا نەبین:

یەك: نابێ بەهۆی هەبوونی گیروگرفت لە ژیانی چەندژنیی‌دا، هیچکەس خەیاڵ پڵاوی وابکات، کە ژنو مێردی تەنیا هەموو ژیانیان خێرو خۆشییەو، هیچ گیروگرفتێکیان نیە!

بەڵکو ژیانی بەشەر بەگشتی گرفتاریی‌و ناڕەحەتیی، هەر تێدایە، تەنانەت هی مرۆڤێکی تەنیاش، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا

﴿أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ ۝٨ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ۝٩ وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ ۝١٠ فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ ۝١١ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ ۝١٢ فَكُّ رَقَبَةٍ ۝١٣ أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ ۝١٤ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ۝١٥ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ۝١٦ ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ ۝١٧ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ ۝١٨ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا هُمْ أَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ ۝١٩ عَلَيْهِمْ نَارٌ مُؤْصَدَةٌ ۝٢٠﴾ البلد، واتە: بێگومان مرۆڤمان لە گرفتارییو ڕەنجدا دروست کردوە.

دوو: گیروگرفتەکانی خێزانی چەندژنیی زیاتر لەوەوە سەر هەڵدەدەن، کە پیاو نادادگەر بێ، هەربۆیەش خوای کاربەجێ، دادگەریی (عَدْل) کردۆتە مەرجی ڕەوابوونی هێنانی زیاتر لە ژنێک: ﴿...فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً ...﴿٣﴾ النساء﴾، هەروەها هۆکارێکی دیکە، سەرهەڵدانی گیروگرفتەکانی خێزانی چەندژنیی، بریتیە لە پابەندنەبوونی ژنەکان، یان یەکێکیان بە سنوورو ئەدەبەکانی شەریعەتەوە، کە دیارە ئەمەش پێویستە مێرد لەڕێی پەروەردەو ئامۆژگارییکردنەوە چارەسەری بکات.

سێ: شایانی باسیشە، کە یەکێك لە مەرجەکانی دادگەری پیاو لەنێوان هاوسەرەکانیدا، ئەوەیە کە پێکەوە نەبنو مااڵوحااڵو نانو چێشتیان جیا بێ، کە دیارە زۆر لە شەڕە دەندووکەو تێکگیرانی ژنانی پێکەوە هەوێ، لە ئەنجامی پێکەوەبوونیاندا پەیدا دەبێ.

ئنجا دەڵێین:

دوای ئەوەی لە خاڵی چوارەمدا خستمانە ڕوو، کە چەندژنیی بەو حیکمەتو پاساوانەوە، کە ڕوونمان کردنەوە، شتێکی پێویستەو چارەمان نیە، کە پەنای پێبەرین، بەڵێ دوای ئەوە دەبێ بڵێین: هەرچەندە چەندژنیی کەمو زۆر، گیروگرفتی هەن، بەاڵم بێگومان چەنداڵ بەرژەوەندییو سوودیشی هەن، بۆیە ناچارین لەپێناوی ئەو بەرژەوەندییو سوودانەدا، تەحەمولی ئەو گیروگرفتانە بکەین، چونکە سروشتی ژیاتی دنیا وایە، مەگەر چۆن، دەنا هیچ بەرژەوەندیی (مصلحة)یەك بەبێ سەر ئێشەو گیروگرفتو نازار مەیسەر نابێ، دیارە بەرژەوەندییش بریتیە لە وەدەستهێنانی سوودەکانو، دوورخستنەوەی زیانەکان

(جلب المنافع ودفع المَضارّ)، کە دیارە وەك ڕوونیشمان کردەوە، یاسای چەندژنیی کۆمەڵێك سوودی بۆ هەرکام لە پیاوو ژنو کۆمەڵگاش دابین دەکات‌و، کۆمەڵێك زیانیشیان لێوە دوور دەخات.

پاشان دەڵێین:

بۆ ئەوەی لە حیساباتماندا بەهەڵەدا نەچین، پێویستە هەرکات تەماشای کەم‌وکوورپی‌و گێروگرفت‌و زیانەکانی شتێکمان کرد، لە کەم‌وکوورپی‌و گێروگرفت‌و زیانەکانی بەدیلەکەی، یان بەدیلەکانیشی بێناگا نەبین، چونکە ڕەنگە بەوجۆرە، زۆر وەك ئەو دادوەرەمان لێبێ، کە بە قازانجی بابایەك حوکم دەردەکات، کە چاوێکی کوێر بووە، بەڵام هەردووك چاوی بەرامبەرەکەشی کوێر کردوە!

جا ئێمە کاتێك سەرنجی گێروگرفتەکانی چەندژنیی دەدەین‌و، بەراوردیان دەکەین لەگەڵ ئەو هەموو دەرەنجامە شووم‌و خراپانەی، کە لە بەدیلەکانی دەکەونەوە، بێ سێ‌و دوو دانی پێدادەنێین‌و دەیسەلمێنین، کە هەرچۆن بێ گێروگرفتەکانی چەندژنیی کەمترو سێناترن، لەوەی، کە لەبەر ڕەتکردنەوەی چەندژنیی بەناچاریی ئەو هەموو کارەسات‌و گرفتاریە ترسناکانە تەحەمول بکەین، کە لە بەدیلەکانیەوە پەیدادەبن، سەرەڕای ئەوەی، کە هەموو ئەو بەرژەوەندییانەی، کە لە ڕێی چەند ژنییەوە دەستگیرمان دەبن، لە دەستمان دەچن! هەڵبەتە ئێمە خوا پشتیوان بێ لە خاڵی حەوتەمدا سەرنجی بەدیل (ئەلتەرناتیڤ)ەکانی یاسای چەندژنیی‌و، ئەو دەرەنجام‌و کارەساتانەی لێیان دەکەونەوە، دەدەین، بۆیە لێرە باسیان ناکەین.

ئێستاش نۆرەی خاڵی شەشەمە، کە تێیدا باسی ئەو ڕاستییە دەکەین، کە نابێ بەهەڵە بەکارهێنانی هەق، هەقمان لەلا ناشیرین بکات:

٦- بە هـەڵە بەکارهـێنانی هـەق، نابێ هەقمان لەبەرچـاو بخات:

گەلێك کەس ئەو کەمۆکوورپیو هەڵەو پەلاڵانەی، کە لە هەندێك لەو پیاوانـە پشکووتوونەوە، کە زیاتر لە هاوسـەرێکیان هەیـە، دەکەنـە بەڵگـەی نابـەجێ بـوونی یاسـای چـەندژنیی! بـەڵام بێگومـان ئـەوە هەڵوێـستێکی هەڵەشـەو عاتیفیانەیەو، ئەگەر بەو لۆژیکـــــە مامەڵە بکەین، دەبێ زۆر شتی دیکەش ڕەتبکەینەوە، بۆ نموونە:

دەبـێ نوێژیـشمان لەبەرچـاو بکـەوێ، چـونکە نوێژکـەری وا زۆرن-لـەم ڕۆژگـــــارەدا- کە نوێژەکەیان، وەك خـوا سـبحانەو تعـالی فەرموویـەتی: ﴿... إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ... ﴿٤٥﴾ العنكبوت﴾، واتە: بێگومان نوێژ خاوەنەکەی لە شتی دزێوو خراپ دەگێڕێتـەوە، لـە خراپـەو هەڵەو پەڵە نایانگێڕێتەوە!

هەروەها ڕۆژوو گرتنو حەجو عومرەو قوربانی خوێنـدنو زیکـرو... هتـدیش بەهەمان شێوە، هەروەها ئەگەر بەپێی ئەو لۆژیکە ڕەفتار بکەین، دەبێ زۆرێك لە دروشمە باوەکانی ئەم سەردەمەش، هەر لە سۆنگەی ئەوەوە، کە بـەدرۆ بـەرز دەکرێنەوەو چەواشەکارییان بەناوەوە دەکرێ، ڕەفز بکەین: وەك:

دیموکراسـی، ئازادیـی، مافی مرۆڤـ، دادگـەریی، یەکـسانیی، سـەروەریی یاسا... هتد!

بەڵام وەك پێشتر گوتمان: ڕاست ئەوەیە، کە ئەگـەر شـتێك لـەخودی خۆیـدا هەقو ڕاست بوو، نابـێ بەهەڵـەو ناهـەقو بۆمەبەسـتی خـراپ بـەکارهێنانی، لەبەرچاومان بکـەوێو، ئێمەش خۆمان توشی سـتەم بکـەینو، سـەرەنجام ئـەو هەقە دووجار ستەمی لێبکرێ:

یەکەم: لەلایەن ئەو کەسانەوە، کە بەهەڵەو ناڕاست بەکاریان هێناوە.

دووەم: لەلایەن ئێمەوە، کە بەهۆی بەهەڵەو ناڕاست بەکارهێنرانیەوە، ڕەفزمان کردوە!

ئنجا وەك پێشتر چەند جارێك باسکرا، کە لە خۆڕابینینی بابای چەندژنهێن (مُعَدِّد) کە دادگەربێت لە نێوان هاوسەرەکانی داو، بەلای هیچ کامیاندا دانەشکێو لارنەبێ، مەرجی بۆ ڕەوا بوونیەتیو، ئەگەر مەترسی هەبێ، کە ناتوانێ دادگەربێ لەنێوان ژنەکانیدا، لە هەموو ئەو شتانەدا کە بەیەکدەنگیی زانایان دادگەر بوونی پیاویان تێدا بەمەرج گیراوە، بەتایبەت: مەسرەفکێشانو بەرگوپۆشاکو جێگاو ڕێگاو شەولامانەوە (النفقة والكِسوَة والسُّكْنى والمَبيت)، ئەوە بۆی نیە ئەو هەنگاوە بنێو لەسەری گوناهبار دەبێو، ڕێ لێگیرانیشی لەلایەن دەسەلاتەوە ڕێی تێدەچێ، چونکە بێگومان کەسێك لێیەوە دیاربێ، کە ناتوانێ دادگەریی لەنێوان چەندژنێکدا بکات، دیارە بەرەو ستەمو خراپە هەنگاو دەنێو، لەسەر مسوڵمانانیش پێویستە لە هەموو ئاستەکانی تاکیو خێزانیو کۆمەڵگاو دەوڵەتدا، کە پێکەوە هاوکارو دەستبارگری چاکەو خێربنو، یەکدی لە خراپەو ستەم بگێڕنەوە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

((ان الناس اذا رأوا الظالم فلم يأخذوا على يَدَيْه أَوْشكَ أَنْ يَعُمَّهُمُ الله بعقاب منه)) رواه أبوداود والترمذي والنسائي عن أبي بكرٍ الصديق رضي الله عنه بأسانيد صحيحة، واتە: بەڕاستی هەرکات خەڵکی بابای ستەمکاریان بینیو دەستیان نەگرت، زۆر نزیکە، کە خوا بەگشتی سزایان بدات.

هەروەها فەرموویەتی:

((أُنصر أخاك ظالماً أومظْلوماً، فقال رجل: يارسول الله! أَنْصُرُهُ إذا كان مظلوماً، أرأيت إنْ كان ظالماً فكيف أنْصُرُهُ؟! قال تَحْجِزُهُ أو تمنعه من الظلم

فأن ذلك نَصْرُهُ)) رواه البخاري عن أنس بن ملك ﷺ، واتە: پشتی برایەکەت بگرە ستەمکاربێ، یان ستەملێکراو! پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەگەر ستەملێکراو بێ پشتی دەگرم، بەڵام ئایا ئەگەر ستەمکاربێ چۆن پشتگیریی بکەم؟! فەرمووی: لە ستەم لای دەدەی، یان ڕێگری لێدەکەی، ئاوەها پشتگیرییەتی.

کەواتە:

بە پێی فەرمانی خوا عزّوجلّ: ﴿...فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ فَوَٰحِدَةً ...﴿٣﴾ النساء﴾، کەسێك لە خۆی ڕانەبینێ، کە دادگەر دەبێ لەنێوان ژنەکانیدا، بۆی نیە بەرەو چەندژنیی هەنگاوبنێ، بەپێی فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە دووانیانمان بە نموونە هێنانەوە، ڕێی تێدەچێ، کە کۆمەڵگاو دەوڵەتیش بۆیان هەبێ، ڕێگریی لە بابایەك بکەن لە ژنێك زیاتر بێنێ، کە لێی دڵنیان - بەحوکمی ئاشنایەتییان پێی- ناتوانێ دادگەربێ.

ئنجا با بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی چەمکو واتای دادگەریی، گوێ بۆ چەند فەرموودەو شوێنەوار (أثر)ێك بگرین:

١- **((عن عائشة رضي الله عنها قالت: كان رسولُ الله ﷺ لايُفضِّلُ بَعْضَنا على بعضٍ، في القَسْمِ من مُكثِهِ عندنا، وكان قلَّ يومٌ إلاّ هو يطوف علينا جميعاً، فَيَدْنو من كل امرأة من غير قسيسٍ حتى يبلغ التي هو يومها فيبيت عندها))** رواه أحمد وأبوداود والحاكم والبيهقي، واتە: پێغەمبەر ﷺ لە دابەشکردنی لەلامانەوەماندا زێدەیی نەدەدا بەهیچ کامان بەسەر ئەوانی دیکەدا، کەم ڕۆژیش هەبوو، کە بەسەر هەموومانەوە نەگەڕێ، ئیدی خۆی لەهەرکامێك لەژنەکان نزیك دەکردەوە، بێ ئەوەی بچێتەلای (سەرجێی بکات)، هەتا دەگەیشتە لای ئەوەیان، کە نۆرە شەویەتیو لەلای دەمایەوە.

٢- ((عن عائشة رضي الله عنها: ان النبي ﷺ كان اذا أراد سفراً أقْرع بين أزواجِه، فأيَّتهُنَّ خرج سَهْمُها خرج بها معه)) متفق علیه، واتە: پێغەمبەر ﷺ هەرکات دەچووە سەفەرێ، قورعە (تیروپشک)ی لە نێوان ژنەکانیدا دەکردو، هەرکامیان قورعەی بۆ دەرچووبایە سەفەری پێدەکرد.

٣- ((عن عائشة رضي الله عنها قالت: كان رسول الله ﷺ يَقْسِمُ فَيَعْدِلُ ويقول: أللهم هذا قَسْمي فيما أمْلِكُ، فلا تَلُمْني فيما تَملِكُ ولا أملِكُ)) رواه أبوداود والنسائي والترمذي، كه پێشتریش هێناومانەو ماناشمان کردوە.

٤- (جابر بن زيد) گوتوویوتی[١]: (دوو ژنم هەبوون، لەنێوانیاندا دادگەرییم دەکرد، تەنانەت لە ماچککردنیشیاندا).

٥- (مجاهد) گوتوویەتی: ئەوان (واتە هاوەڵان) حەزیان دەکرد، کە تەنانەت لەبۆنی خۆشیشدا دادگەریی لە نێوان ژنانیدا بکەن، وەك چۆن بۆ ئەمیان خۆی بۆنخۆش دەکرد، بۆ ئەمیشیان خۆی بۆنخۆش دەکرد)[٢].

٦- (ابن سيرين) گوتوویەتی: (شتێکی ناپەسندە، کە مێرد لە مانگێ یەکێك لە دوو ژنەکانیدا دەستنوێژ بگرێو، لەویدیکەیاندا نەیگرێ!)[٣].

کەواتە:

لە کاتێکدا کە دەبینین یەکێك ئەم یاسا شەرعییەی چەندژنییە بەهەڵە بەکاردێنێو، خۆی دووچاری ستەمکاریی و خراپەی زۆر دەکات، بارەخنە لە خودی ئەو کەسەو رەفتارە ناشەرعییەکەی بگرین، نەك بەناهەق یەخەی ئیسلامو یاساو بڕیارەکانی بگرینو، باجی هەڵەو لادانی مسوڵمانانی لار، لەئاینو بەرنامەی بێ هەڵەو پەڵەی خوای پەروەردگار بستێنین!

---

١) بڕوانە: (يسألونك ليزدادوا إيماناً)، ص٦٥، إبراهيم النَّعمة.

٢) سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

٣) سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

ئێستاش نۆرەی خاڵی حەوتەمی ئەم بابەتەیە، تاکو بزانین ڕەخنە گران لە چەندژنیی، بەدیلیان بۆ چەندژنیی چییە؟!

٧- ئایا ڕەخنەگران لە یاسای چەندژنیی بەدیلیان چیە؟!

بێگومان بۆ ڕەخنە لێگرتنی یاساو بڕیارێكو ڕەتكردنەوەی، مەدار بەس بەوەندە ساز نابێ، كە كەموكوڕیی و دەرهاویشتە خراپەكانی بخرێنەڕوو، بەڵكو وەك پێشتریش گوتمان، كە كەسێك بە جیددیی عەودالّی چارەسەركردنی كێشەو گیرو گرفتەكانی كۆمەڵگایەكەی بێ، نەك تەنیا قسە فڕێدانو موزایەدەی بۆش بەسەر ئەمو ئەوەوە كردن، پێویستە هاوكات لەگەڵ سەرنجدانی ئەو یاساو بڕیارەی ڕەخنەی لێدەگرێو، كەموكوڕییەكانیی دەژمێرێ، ئاوڕیش لە بەدیلەكەی، یان لە بەدیلەكانیشی بداتەوەو تێیانەوە ڕامێنێو، پاشان ئەو بەدیلە، یان ئەو بەدیلانەو ئەو كەموكوڕییو دەرهاویشتە خراپانەی لێیانەوە سەر هەڵدەدەن، لەگەڵ یاساو بڕیارەكەدا بەراورد بكاتو، سەرنج بدات داخۆ كەمو كووڕییو دەرهاویشتەی خراپی كامیان زیاترەو، هی كامیان كەمترە؟ بۆ ئەوەی بەپێی حوكمی عەقڵو بنچینەی شەرعیی: (إحتمال أخَفَّ الضررین لأبعاد أشدِّهما) (تەحەمولكردنی سووكترینی دووزیانەكان بۆ دوور خستنەوەی قورسترینیان)، كامیان زیانو باجی كەمتر بوو ئەوەیان هەڵبژێرێ.

دەجا با لەسەر ئەم بناغەیە سەرنجی یاسای چەندژنییو بەدیلەكانی بدەین، بزانین لە ئەنجامی پێكەوە بەراورد كردنیاندا چی دەبینین؟!

وەك پێشتر باسمان كرد:

هەرچەندە خێزانی چەندژنیی كەمو زۆر، گیروگرفتو ناڕەحەتی هەردەبن، بەڵام بەئەندازەی ئەوە، كە هەركام لە پیاوو ژن لە پەروەردەو ئاڕاستەی ئیمانییو ئیسلامیی بەهرەمەند دەبنو، پیاو لە ڕووی دادگەربوونییەوە لە

نێوان ژنەکانیدا لە خۆی وریا دەبێو، ژنەکانیش ڕەچاوی ڕەوشتو ئەدەبەکانی ئیسلامو سنوورەکانی شەرع دەکەن، ڕێژەی ئەو گیروگرفتانە کەم دەبێتەوەو، تەبایی و ڕێزو خۆشەویستی و هاوکاریی زیاد دەکات.

بەڵام ئایا هەرچۆن بێو لە هەموو حاڵاندا، گیروگرفتو دەرهاویشتەی خراپو سەرئێشەکانی چەندژنیی هەر کەمترنین لە هی بەدیلەکانی؟! بێگومان با، چونکە:

یاسای چەندژنیی -کە وەك لە خاڵی چوارەمداو لەکاتی خستنە ڕووی حیکمەتو پاساوەکانی باسمان کرد، تاکە دەروازەیەکە بۆ لێوە دەرباز بوونی کۆمەڵێك لە ماوانو ئافرەتان، لە چەند قەیرانو گرفتێکی گەورە -تەنیا دوو جۆرە بەدیلی هەن، واتە: هەر کۆمەڵگایەك ئەو یاساو چارەسەرەی بەدەستەوە نەبێ، ناچارە یەکێك لەدوو ڕێیانە هەڵبژێرێ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو قەیرانو گرفتانەی کۆمەڵێك لە پیاوانو ئافرەتاندا، کە پێشتر باسمان کردن:

یەکەم: ئارام گرتنو خۆکپ کردنەوەو، خۆ کۆنترۆڵکردن هەتاکاتی مەرگ، یان ئایندەیەکی نادیار.

دووەم: پەنابردنەبەر زیناو داوێن پیسیی.

ئنجا بە ئەزموونیش دەرکەوتوە، کە کاتێك مرۆڤەکان -چ نێر چ مێ- دەکەونە نێوان ئەو دوو ئەگەرەوە، بێجگە لە کەسانێکی کەمی خاوەن ئیرادەی بەهێز -کە ڕێژەکەیان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێ- زۆربەیان ئەگەری دووەم هەڵدەبژێرنو بۆی پەلکێش دەکرێن، بەتایبەت لەکاتێکیشدا، کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن، لە پەرەپێدانی بێ بەندوباریی و ڕەوشت نزمیی و، ئاسانکردنو ڕازاندنەوەی خراپەو تاواندا.

کەواتە:

لەڕاستیدا ئەگەر ڕووەو ڕاشکاوانە قسە بکەین، دەبێ بڵێین، هەرچەندە بەشێوەیەکی تیۆریی (نظري) چەندژنیی دوو بەدیلی هەن، کە یەکەمیان خۆڕاگریی (صبر)و خۆ مەرزەم کردنو خۆکپکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانو ئافرەتانی کۆمەڵگایەو، ئەویدیکەشیان زیناو داوێن پیسییەیە، بەڵام بەکردەوەو لە دنیای واقعدا، بەدیلی چەندژنیی -مەگەر بەندەگمەن- دەنا هەر زیناو داوێن پیسییە، چونکە غەریزەی جنسیی، یەکێکە لە غەریزە هەرە بەهێزەکانی مرۆڤو، بەرهەڵستی کردنی زەحمەتە، بەتایبەت -وەك گوتمان- لە کۆمەڵگایەکدا، کە بەردەوام هۆکارەکانی ورووژاندن (إثارة)ی ئەو غەریزەیەی تێدا زیاد دەکرێن، لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنو، کلیپو، گۆرانیی بێشەرمانەو، بەرگو پۆشاکی مێینایەتی بەرجەستەکەرو...هتد.

هەربۆیەش:

ئەگەر ویستمان حەقیقەتی یاسای چەندژنییو پێویست بوون، یان پێویستێ نەبوونیمان بۆ دەربکەوێ، دەبێ هەڵسین بە بەراوردکردنی چەندژنییو زیناو داوێن پیسیی، کە تاکە بەدیلی کردەییو واقیعی چەندژنییە، نەك بێنین بەراوردی نێوان یەکژنییو چەندژنیی بکەین!

چونکە هیچ کەس نکوولێیی لەوە نیە، کە حاڵەتی یەکژنیی سەلامەتترو سێناترو کەم گرفتترە، بەڵام مەسەلە ئەوەیە، کە ئایا لەکاتێکدا -لەبەر ئەو پاساوانەی لە خاڵی چوارەمدا خرانەڕوو- چەندژنیی خۆی فەرز دەکاتو، ناچار دەبین پەنای پێبەرین: چەندژنیی گیروگرفتو سەرئێشەی کەمترن، یان زیناو داوێن پیسیی؟!

جا دیارە ئێمە لەکۆتایی خاڵی یەکەمی ئەم بابەتەدا، چوار جیاوازی زەقمان لەنێوان چەندژنییو زیناکردندا -بۆ کەسانێك، کە خۆیان بە مسوڵمان نازانن - خستۆتە ڕوو، بۆیە لێرەدا بەگوتنی ئەم چەند دێرەی خوارێ، واز لەم مەسەلەیە دێنین:

هەرکەسێك دەیەوێ بەچاوی سەرو لە دنیای واقعدا، زادەو دەرهاویشتەکانی ڕێگرتن لە چەندژنییو کارەساتەکانی تاکە بەدیلەکەی، کە زیناو داوێن پیسییە ببینێ، با سەرنجێکی بارودۆخی خێزانییو کۆمەڵایەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا بدات، تاکو ببینێ کە:

١- لە هەندێك یان زۆربەی ئەو وڵاتانەدا، ڕێژەی منداڵی زۆڵ (أولاد الزِّنا) لەهی ئاسایی زیاترە.

٢- هەروەها ڕێژەی تەڵاقو لەیەکترازانی ژنو مێردو لەیەك هەڵوەشانەوەی خێزان، لە هەندێك لەو وڵاتانە، یان زۆربەیاندا گەیشتۆتە نیوەو، بەردەوامیش لە زیادبوونداید[١].

٣- زۆر بەخێرایی ڕێژەی تووشبوانی نەخۆشیەکانی (ئیدز aids)و (هەرپس herpes)و (سەیلان gonorrhea)و (زوهری syphilis)و (بالووکەی کۆئەندامی زاوزێ gonial warts)و (هەوکردنی جگەریی ڤایرۆسی بی viral hepatieasB)، کە هەموویان نەخۆشی کوشندەو خراپن، بەرەو زیادبوون دەچێ، دیارە سەرجەم ئەم نەخۆشیانەش لە ئەنجامی کارە جنسییە ناشەرعییەکانەوە پەیدا دەبن، کە سالانە ملیۆنان کەسیان پێ لەنێو دەچێ[٢]

کەواتە:

ئایا هەرکەسێك ئیمانو عەقڵ، یان لای کەم یەکێکیانی هەبێ، ڕێ بەخۆی دەدات، کە لەنێوان چەندژنییو زیناو داوێن پیسییدا، زیناو داوێن پیسی هەڵبژێرێ، یان تەنانەت وەك یەکیشیان سەیر بکاتو، پێکەوە بیانخاتە

---

١) بروانە: (مكانة الأسرة بين البناء الأسلامي والبناء الغربي) الشيخ راشد الغنوشي، المجلة العلمية للمجلس الأوربي للأفتاء والبحوث. ص١٩-٥٠.

٢) بروانە: (الجنس والتربية الجنسية في ضوء الشريعة الأسلامية) د.محمد الهواري، المجلة العلمية للمجلس الأوربي للأفتاء والبحوث، ص(٦٧-١٣٠).

تەرازووێکەوە؟!

لە کۆتایی ئەم خاڵەشدا دەڵێین:

لە ڕاستیدا ئەوەی، کە ئێستاکە لەوڵاتی ئێمەدا لەلایەن هەندێك کەسەوە بەشێوەیەکی تیۆریی بانگەشەی بۆ دەکرێ، کە بریتیە لە ڕێگرتن لە یاسای چەندژنیی، ئەنجامو بەرهەمەکەی بە بەرجەستەکراوی لەو وڵاتانەدا دەبینین، کە ئاینەکەیان یەکژنیی لەسەر پێویست کردوون، کە بریتیە لە بەشێوەیەکی فەرمیی تەبەننی کردنی زیناو داوێن پیسیو نێربازییو خۆ لەیەکخشاندن (مُساحقة)و لەگەڵ ئاژەڵدا جووتبوون!!-، کەواتە:

ئەو جۆرە کەسانە بزانن، یان نەزاننو بیانەوێ یان نا، بە هەوڵدانیان بۆ ڕێگرتن لە چەندژنیی، کار لەسەر پەرەپێدانو تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشییو دیاردە دزێوانە دەکەن، کە ئێستاکە وەك ئاگری نێو پووش، کەوتوونەتە نێوجەستەی خەڵکو دانیشتوانی وڵاتانی ڕۆژئاواو هاووێنەکانیان!

هەڵبەتە دەشزانم، کە ڕێگرتن لە چەندژنیی، تەنیا یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە ئەو وڵاتانەیان بەو دەردە بردووەو، وێڕای ئەوە هۆکاری دیکەش هەن، هەروەها ناشڵێم بە یاسای چەندژنیی، سەرجەم گرفتو قەیرانەکانی کۆمەڵگاکەمان چارەسەر دەبن، چونکە هەر دەردو نەخۆشییەك چارەسەری خۆی هەیە! بەڵام بێگومان چەندژنییش، نەك هەر گرفتو کێشە نیە، بەڵکو دەروازەیەکیشە بۆ چارەسەری گرفتو کێشەی ژمارەیەك لە پیاوانو ئافرەتانی کۆمەڵگاکەمان، لەنێویشیاندا هەندێك لەو ئافرەتانەی، کە بەر لەوەی پەکیان لەسەر چەندژنیی بکەوێ، یان بۆیان هەڵکەوێ، زۆر دژایەتییان کرد، بەڵام دوایی پەندی (هەتا نەینا لە تەبەق نەیگوت صەدەق)یان بەسەردا چەسپیو، سەرەنجام ئەوەی شەریعەت فەرموویەتیو، فیطرەتو واقیع دەیخوازن، هاتەدیو پێچەوانەکەیشی بوو بە هەڵم!

٨- نە پیاوسالاریی نە ژنسالاریی، بەڵکو شەرعسالاریی:

سەرەتا ئەوە ڕوون دەکەمەوە، کە لێرەداو لە سەرجەم باس‌و بابەتەکانی ئەم لێکۆلینەوەیەدا، کە وشەی (شەرع)م بەکارهێناوە، مەبەستم پێی شەریعەتی خوایە، کە لە قورئان‌و سوننەتدا بەرجەستەیە، نەك (فقە)، کە بریتیە لە بەرهەم‌و کەلەپووری زانایان‌و جۆری تێگەیشتن (فهم)یان بۆ شەریعەت.

پاشان دەڵێم:

ئەوە کە ئایا پێویستە پیاو سالارو بااڵدەست بێ‌و، قسەی کۆتایی بەدەست بێ، یان ئافرەت؟!

لەم ڕۆژگارەدا مشتومڕو بێنەوبەردەی زۆری لەسەرە، جا ئایا هەڵوێستی ڕاست‌و دروست بە بۆچوونی ئێمەو، لەبەر ڕۆشنایی قورئان‌و سوننەتدا، لەوبارەوە چیە؟!

بەر لەهەر شتێك پێویستە لە مەسەلەیەکی گرنگ بێناگا نەبین:

ئەویش ئەوەیە، کە زۆر بابەت لەنێو ئێمەی مسوڵمانداا -کوردو غەیری کورد- دەوروبەرێنرێن‌و باس‌و خواسی گەرمیان لەسەر دەکرێ‌و، خەڵکیان پێوە سەرقاڵ دەکرێ، بەاڵم ئەگەر بەوردیی‌و واقیع بینی سەرنجیان بدرێ، دەزانرێ کە، ئەو بابەتانە هەڵقوڵاوو زادەی واقیعی کۆمەڵگای ئێمە نین‌و، وەك زۆر شتی دیکە، بە پاڵنەریی الساییی کردنەوەی کوێرانەوە هێنراونە نێومانەوە، پێیانەوە سەرگەرم کراوین!

جا یەکێك لەو بابەتانە، ئەم بابەتەی ساغکردنەوەی بااڵدەستێتیە لەنێوان نێرو مێدا، کە ئایا دەبێ کامیان بە قسەی کامیان بکات؟!

ئاشکراشە، کە هۆی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە لە ڕۆژئاوادا، ئەو دژایەتیی‌و ناکۆکیە بوو، کە لە سۆنگەی چەوسێنرانەوەو ئیستیغالل کران‌و ماف

پێشێلکرانی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە پەیدابوو، کە دیارە ئەمەش بەسەرهاتێکی دوورو درێژەو لە قەرەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا نیە، کە بەدوای بکەوی و بچیتە بنج و بناوانیەوە، تەنیا مەبەستم ئەوە بوو ئاماژە بکەم بە ڕیشەو چاوگی پەیدابوونی ئەو بابەتەو، دەرککردنی ئەو ڕاستییە، کە کێشەو ململانێی نێوان نێرو مێ، هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامو مسوڵمانانەوە نیەو، کێشەو نەخۆشییەکە، کە لە ڕۆژئاواوە بۆمان هێنراوە!

ئنجا ئایا ئیسلام هەڵوێستی لەباری پیاوسالاریی و ژن سالارییەوە چیە؟!

هەر بەکورتی دەڵێین:

لە ئیسلامدا جووتێتی (زوجیة) بنچینەی گشتی دروستکراوەکان (مخلوقات)ەو، ئەوە تەنیا خوایە (عزّوجلّ)، کە تاك (وَتر)و بێنیازو بێوێنەو هاوەڵو هاوتایە: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤ الإخلاص﴾، خوای بەرزو مەزن لەبارەی جووتێتی تێکڕای دروستکراوەکانییەوە، فەرموویەتی: ﴿وَمِن كُلِّ شَىْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ۝٤٩ الذاريات﴾، واتە: لە هەموو شتێك جووتێکمان دروست کردوە، بەڵکو پەند وەربگرن (کە جووتە پێویست بە یەکبووەکان پەکیان لەسەر بەدیهێنەرێك کەوتوە).

کەواتە:

ئەوە تەنیا ئافرەتو پیاونین، کە وەك جووت (زوج) دروستکراون، بەڵکو بنچینەی جووتێتی (قاعدة الزوجیة)، بنچینەی گشتی سەرجەم دروستکراوەکانە، بە ژیاندارو بێ ژیانو وردو درشتو بینراوو نەبینراوەوە!

ئاشکراشە، کە زانینو دەرککردنی ئەم ڕاستیە، کە نێرو مێ بە هەردووکیان جووت (زوج)ێك پێکدێننو، هیچ کامیان بەبێ ئەوی دیکە بوونی ناکرێو

ناگونجێ بەردەوام بێ، هەرچی سێبەرو وەهمی ناکۆکیی و ململانێ و دژایەتییە - لەنێوان نێرو مێدا- دەسرێتەوە، بگرە زانین و دەرککردنی ئەو ڕاستییە، هەر ڕێگەنادات ئەو جۆرە بیرۆکەو تەرزە وەهمو خەیاڵانە، لە دڵو میشکدا دروست ببن!

کەواتە:

لەبوونناسی (معرفة الوجود)و دنیا بینی ئیسلامدا، ئافرەت و پیاو وەک سەرجەم جووتەکانی دیکە، بەدژو پێچەوانەی یەکدی دانەنراون، تاکو ململانێی یەکدی بکەن و لەسەر بەسەر یەکدیدا بااڵدەست و سالاربوون، ناکۆکییان بکەوێتە بەین، بەڵکو ئیسلام پیاوو ئافرەتی بە تەواوکەری یەکدی دانا ون و، هەردووکیانی وەک دوو لەتک (شقّ)ی سێوێک تەماشا کردوە، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ لەو بارەوە فەرموویەتی: ((إنَّما النِّساءُ شقائق الرِّجالِ)) رواه أحمد وأبوداود والترمذی وهو صحیح، واتە: بێگومان ئافرەتان لەتکی پیاوانن!

ئنجا هەرکام لە پیاوان و ئافرەتانی مسوڵمان، بە حوکمی ئیمانیان بە خوای پەروەردگارو ئایین و بەرنامەکەی، ملکەچی خواو پابەندی بەرنامەکەینی و، هەموویان شەریعەتی خوایان کردۆتە سایەو سالاری خۆیان و، هیچ پیاوێکی بڕوادارو هیچ ئافرەتێکی بڕوادار، ڕێ بەخۆی نادات، کە لە بەرانبەر یاساو بڕیارەکانی خواو پێغەمبەردا، لامو جیمی بکاتو مافی سەر پشک بوون بەخۆی بدات، وەک خوا سبحانه وتعالی فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾ الأحزاب﴾، واتە: هیچ پیاوێکی بڕوادارو ئافرەتێکی بڕوادار، بۆیان نیە هەرکات خواو پێغەمبەرەکەی بڕیارێکیاندا، لەبارەی خۆیانەوە سەر پشک بن، وە هەرکەسێک سەرپێچی لە خواو پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە بێگومان بە گومڕاییەکی ڕوون گومڕا بووە.

بەڵێ پەیوەندی پیاوانو ئافرەتان لەئیسلامدا، نە لەسەر بناغەی ململانێو نە لەسەر بناغەی سەردەست بوونو بندەست بوون بنیات نەنراوە، بەڵکو لەسەر بناغەی دۆستو پشتیوانی یەکدی بوونو، پێکەوە هاوکاریی کردنو دەستبارگرتن، بنیات نراوە، وەك خوای پاكو تاك فەرموویەتی: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ... ﴿٧١﴾ التوبة ﴾.

جا لێرەدا ڕەنگە یەکێك بڵێ:

ئەدی ئەوە نیە لە قورئانداە هاتوە: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ... ﴿٣٤﴾ النساء ﴾.

کەواتە: چۆن دەگونجێ بڵێین: لە ئیسلامدا پیاو سالاریو ژنسالاریی نیە، بەڵکو شەرعسالاریی هەیە؟!

وەڵامیش ئەوەیە کە:

یەکەم: وەك لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوونمان کردۆتەوە، کە سەرپەرشتیارێتی پیاو بۆ ژنو منداڵ، ئەرکو بەرپرسیارێتیەکی قورسە، کە خراوەتە ئەستۆی پیاوەوەو، هیچ زێدەییو ئیمتیازێکی تێدانیەو ئەرکباریی (تکلیف)ە، نەك خەڵاتو (تشریف)!

دووەم: ئەوە کە شەریعەت ئەرکی سەرپەرشتیارێتی ژنو منداڵی بەپیاو سپاردوەو، چەند ئەرکێکی دیکەی تایبەتی بەهەرکام لەژنو پیاو سپاردوە، لەسۆنگەی ئەوەوە، کە شەریعەت سەرچاوەی دیاریکردنی ئەرکو کارەکانەو، هیچ کام لە پیاوو ئافرەت، کەمو زۆر دەوریان تێدانیە، بۆیە سەرەنجام سەروەریو بااڵدەستییەکە، هەر هی شەریعەتە، چونکە هەردووك ڕەگەزەکە، پێویستە وەك یەك بۆی ملکەچ بن، بەکورتی: کاتێك پیاو لە چوارچێوەی خێزاندا سەرپەرشتی ژنو منداڵەکەی دەکات، بەپاڵنەری

جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی‌و بەندایەتی کردنی بۆ خوا (عزّوجلّ) ئەوە دەکات، نەك بەهاندەری کوێخایەتی بەسەر ژن‌و منداڵاکردن، هەروەها، کە ژنیش ئەرکە سروشتییەکانی خۆی لەجوغزی منداڵ‌و میێردیدا جێبەجێ دەکات، وەك: شیر پێدانی کۆرپەکانی‌و کابانیی کردن‌و بەقسەی میێرد کردن، بەپاڵنەری بەندایەتی بۆ خواو پابەندیی بەشەریعەتەوە ئەوە دەکات، نەك لەژێر فشاری سالارو سەروەر بوونی پیاوەکەیدا، کەواتە:

سەرەنجام سەروەریی‌و سالاریی لەژیانی هەردووك ڕەگەزەکەدا، بۆ ئاییەن‌و شەریعەتی بێ هەڵەو پەڵەی خوای کاربەجێ دەگەڕێتەوە.

ئێستاش نۆرەی خاڵی نۆیەمی ئەم بابەتەیە:

٩- چەند قسەو بۆچوونێکی کرچ‌و کاڵ‌و هەڵەی، ڕەخنە لێگرانی چەند ژنیی:

بەپێویستی دەزانم لەم خاڵی نۆیەمەدا، ئاماژە بۆ هەندێك قسەو بیرو بۆچوونی کرچ‌و کاڵ‌و نامەنتیقی ژمارەیەك لەوانە بکەم، کە بەحیساب بۆ بەرگریی لە ئافرەت‌و مافەکانی، دژایەتی یاسای چەندژنیی دەکەن، بەڵام دیارە بەبێ ناو هێنانی هیچکەس‌و هیچ بڵاوکراوەیەك:

یەك: هاندانی ئافرەتان لەدژی ئیسلام‌و پیاوو کۆمەڵگا:

ئەوە کە لەژێر پەردەی ئیسلام‌و شەریعەتدا، هەندێك لە پیاوان —چ وەك باب‌و برا، چ وەك میێرد- ستەمیان لە ئافرەت کردوەو دەکەن‌و، کۆمەڵگاش بێدەنگ بووە، شتێکی ڕاست‌و نکوولێیی لێنەکراوە، بەڵام وەك پێشتریش گوتمان: ڕەوا نیە هەڵەو کەم‌و کووڕیی‌و لادانی مسوڵمانان —هێندێکیان، یان زۆربەیان- لەسەر ئیسلام حیساب بکرێ، لەحاڵێکدا، کە لەچەندان دەقی ڕوون‌و ڕاشکاوی

ئیسلامدا، بەپێچەوانەو دژی ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتە هەڵەو لادەرەوانەوە ڕێنمایی یان کراوە!

ئنجا ئایا بە سەنگەر لە یەکدی گرتنو، بەرە (جبهة) بەرانبەر بە یەکدی دروستکردنی ژنانو پیاوان، گرفتو کێشەکانی ئافرەتان چارەسەر دەبن؟! ئەگەر گریمان ئافرەتان بەوە، کە ملیان پێ لەبەرملی پیاوان دەنرێو، بەگژیاندا دەکرێن، گرفتو کێشەکانیشیان چارەسەر بێن، ئایا هیچ گرەنتی (ضمانة)یەک هەیە، کە ئافرەتان لەو ملبەملەو زۆرانبازییەدا تێناشکێنو نادۆڕێن؟!

پاشان بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە، کە لەلایەکەوە بانگەشەی وەک یەکبوونی نێرو مێ- نەک یەکسانییان لە مرۆڤایەتیو ئازادییو مافدا، کە ئیسلام دەیڵێ- بکرێو، بەو بۆنەیەشەوە وشەی (جێندەر - Gender) تووتی ئاسا بە دەمەوە بگیرێ، کە وشەیەکی مانا تەمو مژاویو لێڵە، لەلایەکی دیکەشەوە دروشمی تونڕو تیژیی نەنواندنی پیاو بەرانبەر بەئافرەت، بەرز بکرێتەوە! چونکە:

مادام ئافرەتو پیاو لە هەموشتێکدا وەک یەکنو، هیچ جیاوازییەکان نیە، ئەدی بۆچی بەدرێژایی مێژوو و لەسەرجەم کۆمەڵگایەکاندا، هەر ئافرەتان زاڵەو نااڵەیان بووە بەدەست پیاوانەوە؟ پاشان ئەگەر ڕاستە نێرو مێ لەیەک جیا نین، ئەدی هاوار هاواری ئافرەتان لەپیاوان، کە تۆندوتیژییان بەرانبەر نەکەن! نابێتە قسەیەکی بۆشو بێ پاساو؟!

بۆیە لەوبارەوە هەر بەکورتی دەڵێم:

خوای زاناو شارەزا (عزّوجلّ) ڕوو بە پیاوانو ئافرەتان فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا۟ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبُوا۟ ۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَ ۚ وَسْـَٔلُوا۟ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ

﴿كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا ﴿٣٢﴾ النساء﴾، واتە: ئەو زێدەیی و ئیمتیازەی، کە خوا بە هەندێکتانی داوە بەسەر هەندێکتانەوە، بەخۆزگە مەخوازن، پیاوان پشک (ی پاداشت)یان هەیە لەوەدا، کە وەدەستیان هێناوەو، ئافرەتانیش پشکیان هەیە لەوەدا، کە وەدەستیان هێناوەو، داوای بەخششی خوا بکەن، بێگومان خوا بە هەموو شتێك زانایە.

ئەم ئایەتە بەپێزە وەك لەهۆی هاتنەخوارەوەیەوە دیارە، مەبەست پێی ئامۆژگاریکردنی هەردووك ڕەگەزی نێرو مێیە، کە هەرکامێکیان بە سروشتی تایبەتی خۆی، بەبەشی خوا ڕازی بێ، چاو نەبڕنە ئەو زێدەیی و ئیمتیازانەی، کە خوای کاربەجێ لەڕووی چەندان حیکمەتەوە بەهەرکامێکیانی بەخشیون، چونکە هەرکام لە (أحمد و ترمذي) لەبارەی هۆی هاتنەخوارەوەی، ئەم ئایەتەوە ئەم فەرمایشتەیان گێڕاوەتەوە[1]:

((عن أم سلمة رضي الله عنها قالت: يارسول الله يغزو الرجالُ ولا نغزو، ولنا نصف الميراث! فأنزل الله: ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ...﴿٣٢﴾ النساء﴾، واتە: ئومو سەلەمە خوا لێی ڕازی بێ گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا پیاوان دەچنە جەنگو ئێمە ناچین بۆ جەنگو، نیوەی میراتمان هەیە! ئنجا خوا ئەمەی ناردەخوار: ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ...﴿٣٢﴾ النساء﴾.

بەڵێ هەڵوێستی ڕاستو دروستو مەنتیقی ئەوەیە، کە هەرکام لەو دوو ڕەگەزەی نێرو مێ، بە ڕەگەزو سروشتی تایبەتی خۆیانیان شەرم نەبێ — بەتایبەت ئافرەت-، هیچ کامیان لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا، هەست بەکەمیی

---

١) بڕوانە: (المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير)، ص٢٨٩.

نەکاتو بێهودە لەهەولّی ئەوەدا نەبێ، کە ئیسپاتی بکات، ئەویش وەک ڕەگەزەکەی دیکە وایەو هیچ جیاوازییان نیە، چونکە جیاوازیی نێوان نێرو مێی مرۆڤو غەیری مرۆڤ، لەوە زەقترو ئاشکراترە بشارێتەوە.. بێگومان یەکسانی ئافرەتو پیاو لە مرۆڤبوونو بەندەی خوابوونو ئازادییو ڕێزو مافەکانداً، هیچ پەکی لەسەر ئیسپاتکردنی وەک یەکبوونو، لەیەک جیاواز نەبوونی نێرو مێ نەکەوتوە، وەک پێشتر خستمانەڕوو.

من دڵسۆزانە ئامۆژگاریی ئافرەتان دەکەم، کە فریوی ئەو جۆرە قسەوقاڵە بۆشو بەتاڵانە نەخۆن، چونکە ئەگەر هەزار سالّ خۆیان بە دارو بەرددا بدەن، بۆ ئیسپاتی جیاواز نەبوونیان لە پیاوان، جگە لە ماندووبوونی بێهودە هیچیان پێ نابڕێو، دووبارەشی دەکەمەوە کە -لە ئیسلامدا- بۆ ئیسپاتکردنی یەکسانبوونیان لەگەلّ پیاواندا، لە مرۆڤبوونو بەندەی خوابوونو ڕێزو ئازادییو مافەکاندا، هیچ پەکیان لەسەر ئیسپاتی ئەفسانەی، وەک یەکبوونی ژنو پیاو نەکەوتوە، چونکە ئیسلام نێرایەتی (الذکورة)و مێیایەتی (الأنوثة) نەکردۆتە سەنگی مەحەکی مرۆڤەکانو، پێوەرو تەرازووی هەڵسەنگاندنیان، بەڵکو سەنگی مەحەک پاریّزکاریی (تقوی)یە: ﴿... إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ... ﴿١٣﴾ الحجرات﴾.

کەواتە:

با هەرکام لە پیاوانو ژنان، لەجیاتی ململانێی بێسوود لەگەلّ یەکدیدا، لەبواری مەسەلە هاوبەشەکاندا خەریکی هاوکاریی‌و دەستبار بۆ یەکگرتن بنو، لەبواری تایبەتمەندییەکانیشیاندا، پیاوان هەولّی زیاتر بەرجەستەکردنی پیاوەتی یانو، ژنانیش هەولّی زیاتر بەرجەستەکردنی ژنایەتی خۆیان بدەن، بێئەوەی هیچ لایەک لافو گەزاف بەسەر ئەوی دیکەدا لێ بدات!

دوو: پۆلێن کردنی نووسەرو سیاسەتمەدارو پەرلەمانتارو... هتدەکان، بۆ چاك و خراپ، یان پێشکەوتنخوازو دواکەوتوو، لەسەر بنەمای بیروڕایان بۆ مەسەلەیەکی دیاریکراو:

ئەمیش یەکی دیکەیە لەو بیروبۆچوونە هەڵەو کرچو کاڵۆ فەقیر حاڵانەیەی، کە ڕەخنەلێگرانی چەندژنیی دووچاری بوونە!

کە بێگومان شتێکی پووچو نامەنتیقییە، بێنین پۆلێن (تَصْنیف)ی خەڵکی بکەین بۆ چاك و خراپ، یان دڵسۆزی ئافرەتانو نادڵسۆز، یان پێشکەوتنخوازو دواکەوتوو...هتد، لەسەر بنەمای هاوبیرو هاوهەڵوێست بوون، یان نەبوونیان لە بەرانبەر مەسەلەیەکی دیاریکراودا، ئنجا پووچییو نامەنتیقێتی ئەوجۆرە قسەو هەڵوێستانە، تۆختریش دەبێتەوە، لەحاڵێك‌دا، کە خاوەنەکانیان خۆیان پێ مسوڵمان بێو، هەڵوێستێکی دژو نەیاریش لەمەسەلەیەك وەربگرن، کە دەقی قورئانو سوونەتی پێغەمبەر ﷺ هەڵیبڕیوەو یەکلایی کردۆتەوە، وەك مەسەلەی چەندژنیی!

ئاخر چۆن عەقڵو مەنتیق ڕێ دەدەن، مەدالیای پێشکەوتنخوازییو دڵسۆزیی بۆ ئافرەتانو چیو چی، بەیەخەی بابایەك‌دا هەڵبواسرێ، هەرلەبەر ئەوەی دژی مەسەلەی چەند ژنییە!! ئایا ناگونجێ ئەوکەسە لەزۆر ڕووەوە، بابایەکی زۆر موخەننەتو بێ فەرو بەزەبێ؟!

هەروەها بەپێچەوانەشەوە، ئایا ناگونجێ بابایەك، کە بەرگریی لەچەندژنیی دەکات، مرۆڤێکی زۆر چاکەکارو دڵسۆزو پێشکەوتنخوازبێ؟!

کەواتە:

بەڕاستی ئەوانەی بەوجۆرە پێوەرانە خەڵکی کۆمەڵگاکەیان بەگشتیو، بەتایبەت نووسەرو ڕووناکبیرو سیاسەتمەدارو پەرلەمانتارەکانی هەڵدەسەنگێنن، خۆیان گیرۆدەی زۆر حوکمی ستەمکارانەو سەیرو سەمەرە دەکەن!

سێ: وەسفکردنی یاسای چەندژنیی بەشتێکی قێزەون‌و دەرهاوێشتەی کۆمەڵگا بەجێماوەکان :

سەرەتا دەڵێم:

یەکێك لە یاسا ڕوون‌و ئاشکرایەکانی ئیسلامە، کە گاڵتە پێکردن (إستهزاء)‌و بە کەم‌و سووك سەیرکردن (إهانة و تحقیر)ی هەرکام لەوشتانەی، کە لە ئیسلام‌دا بەرزو پیرۆزن، وەك: خوا سبحانە وتعالی و پێغەمبەر ﷺ‌و قورئان‌و سوننەت‌و...هتد، بەکوفر دادەنرێن‌و، مرۆڤیان پێ لەبازنەی ئیسلام دەچێتەدەرێ، وەك خوا (عزّوجلّ) فەرموویەتی: ﴿... قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ...﴿٦٦﴾ التوبة﴾، واتە: ئایا گاڵتە بەخواو ئایەتەکانی‌و پێغەمبەرەکەی دەکەن! پاساو مەهێننەوە، بێگومان پاش بڕوا هێنانتان کوفرتان کردوە...

کەواتە: بابایەك، کە یاسای چەندژنیی، کە یەکێکە لەیاسا ڕوونەکانی شەریعەت‌و لەقورئان‌و سوننەت‌دا باسکراوە —وەك پێشتر باسمان کرد-، بەقێزەون‌و بێزاروو عادەت‌و، نەرێتی کۆمەڵگا بەجێماوەکان وەسف دەکات، مانای وایە بەچاوی سووك‌و کەم تەماشای ئەو ئایەت‌و فەرموودانەی کردوە، کە یاسای ناوبراویان گرتۆتەخۆ، هەروەها مانای وایە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ‌و چوار جێنشینەکانی‌و سەرجەم ئەو هاوەڵو زاناو پێشەوایانە، کە چەند ژنێکیان هەبووە، بەوە تۆمەتبار دەکات، کە شتێکی قێزەون‌و خراپیان کردوە! ئاشکراشە، کە بابای وا، ئەگەر گریمان پێشتریش دەعوای ئیمان‌و ئیسلامی کردبێ‌و لێی سەڵێنرابێ، بەو قسەو هەڵوێست‌و بۆچوونەی، فڕی بەسەر ئیمان‌و ئیسلامەوە نامێنێ، مەگەر دوایی لەو هەڵەیەی پەشیمان بێتەوە، دووبارە بێتەوە نێو بازنەی ئیسلام.

بەڵێ، ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە مسوڵمان بن، ئەوە حوکمیانە، کە گوتمان، بەڵام ئەگەر نامسوڵمان بن، ئەوە بەشێوەیەکی دیکە لەگەڵیان دەدوێینو پێیان دەڵێین:

وەک لەڕابردوودا باسمان کرد: تاکە بەدیلی واقیعیو کردەیی چەندژنیی، بریتیە لە زیناو داوێن پیسیی، بەهەموو جۆرو شێوەکانییەوە، بە بەڵگەی واقیعی زیندووو بەرجەستەی هەموو ئەو کۆمەڵگاو وڵاتانە، کە بڕوایان بە چەندژنیی نیە، جا ئایا بە بۆچوونی ئێوە: زیناو داوێن پیسیی شتێکی پاکو بێ عەیبو جوانەو، نیشانەی پێشکەوتنو شارستانێتیی یە؟!

ئەو زیناو داوێن پیسییەی، کە بەرهەمەکەی —وەک بەچاوی سەر لەڕۆژئاوادا دەیبینین- سوپایەک منداڵی زۆڵو، زۆربوونی ڕێژەی تەلاقو، هەڵوەشانەوەی خێزانو، چەندان دەردو نەخۆشیی کوشندەو چارەسەر بۆ نەدۆزراوەی، وەک:

ئیدزو زوهریی و سەیلانو... هتدو ئابڕووی دنیاو دواڕۆژچوونو، سەر بەفەتارەت چوونە؟! ئێوە ئەگەر ئەمە بەشتێکی پەسندو جوانو پاک دەزانن، پیرۆزی خۆتانو هاوبیرانتان بێ و، وادیارە بەهۆی میزاج تێکچوونەوە، وەک ئەو قاڵونچەیەتان لێهاتوە، کە بەبۆنی عەترو گوڵاو گێژ دەبێو، حەز بەبۆنی تەرسو ڕیخ دەکات، ئێوە پەندی: (تەیری گوڵ عاشقی داری ژەقنەموتە)تان بەسەردا دەچەسپێ!

چوار: تۆمەتبارکردنی ئیسلامییەکان کە هەڵوێستیان بۆ پشتگیریی کردن لەیاسای چەندژنیی، هاندەرێکی حیزبییو سیاسی هەیە، نەک ئایینی:

لە وەڵامی ئەم قسەیەشدا چەند ڕوونکردنەوەیەک بەپێویست دەزانم:

١- قسەکردن لەسەر نیازو مەبەستی خەڵکیو، ئەو پاڵنەرانەی بەرەو کارو ئامانجەکانیان دەیانجوولێنن، جگە لە تفەنگ بە تاریکییەوەنانو (رجماً

بالغێب) هیچ پێناسەیەکی دیکە هەڵناگرێ، چونکە بێجگە لەخوای پەروەردگار، هیچکەس لە نهێنیو شارراوەی نێودڵو سینەی مرۆڤ -کە نیازو مەبەست بەشێکیەتی- ئاگادار نیە.

٢- ئیسلامییەکان وەك وەسیلەو هۆکار، تەماشای حیزبو سیاسەت دەکەنو، ئامانجیان خزمەتکردنە بەدینو ژینیی خەڵکە، بۆیە شتێکی نامەنتیقییە — پێش ناشەرعییبوون- کە وەسیلەو هۆکار ببێتە پاڵنەرو جوولێنەر!

٣- ئایا بابایەکی ئیسلامیو مسوڵمان، چی لە ئیسلامییبوونو مسوڵمانەتییەکەی دەمێنێتەوە، لە حاڵێکدا، کە لە پارلەمانو هەر پێگەو شوێنێکی دیکەدا، بەرگری لەئایینو بەرنامەی خواو یاساو بڕیارەکانی نەکات؟!

٤- ئنجا ئەو جۆرە کەسانە حاڵیان لە دوو شتان بەدەر نیە:

یان بەرگری لێکردنی ئیسلامو یاساکانی بەباش دەزانن، یان بە خراپ!، جا ئەگەر بەباشی دەزانن، دەبا بفەرموون خۆشیان بەرگری لە ئیسلام بکەنو، نەهێڵن ئەو شتە، باشە تەنیا هی ئیسلامییەکان بێ، ئەگەر بەخراپیشی دەزانن، کەواتە بۆچی قەڵسن، کە ئیسلامییەکان خاوەنی پشکو بەشێکی خراپ بنو، بۆچی ئێرەبیان پێدەبەن لەشتی خراپدا —بەگومانی ئەوان-؟!

٥- بێگومان شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە بۆ حیزبو سیاسەتێکی ئیسلامیی، کە لەسەر ئیسلام بکاتەوەو، بەرگری لە یاساکانی بکات، چونکە حیزبو ڕێکخراوێکی ئیسلامیی، کارەکەی بریتیە لە بووژاندنەوەی ئیسلامو پراکتیزەکردنی حوکمو سیاسەتێکی ئیسلامیی، حوکمو سیاسەتی ئیسلامییش، بێجگە لە یاساکانی ئیسلامو بەها بەرزەکانی، شتێکی دیکە نیە.

پێنج: تۆمەتبارکردنی زانایان‌و وتاربێژەکان کە بۆچی لەسەردەمی ڕژێمی بەعس دا لەسەر یاسای باری کەسێتی وەدەنگ نەهاتوون‌و هەڵوێستیان نەبووە؟!

حەزدەکەم ئەم چەند ڕوونکردنەوەیەش لەبارەی ئەم قسەیەوە بنووسم:

١- دیارە مامۆستای مزگەوتەکانیش وەک هەموو چین‌و توێژەکان جۆراو جۆرن‌و، هی زۆرباش‌و هی باش‌و هی خراپیشیان لەنێودا هەن‌و، هەموویان ڕەوانیە یەک حوکمیان بەسەردا بکێشرێ، خوای زاناو شارەزا لەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ ... ﴿٣٢﴾ فاطر ﴾.

٢- زاناو مامۆستای زۆر بوێرو فیداکار لەسەردەمی ڕژێمدا هەبوون، کە قسەی هەقیان کردوەو، ڕەخنەیان لە ڕژێم گرتوەو، بەرگرییان لە دین‌و ژینی کۆمەڵگایەکەیان کردوەو، هەبووە لەوپێناوەشدا شەهید بووە، یان دووچاری زیندان‌و کۆچ‌و ئاوارەیی بووەو، بەشێکیشیان بەشداریی خەباتی ڕزگاریبخوازییان کردوە.

٣- ئەوساو ئێستاش کەسانێکی بوودەڵەو هەڵپەرست‌و دوو ڕوو، لەبەرگ‌و پۆشاکی مەلایەتیدا هەبوون‌و هەن، کە زیاتر وەک بابایەکی خاوەن پیشەو کاسب‌و خۆژیێن دێنە بەرچاوو، کەسێک زۆر بێ‌ویژدان نەبێ، ئەوجۆرە مەلایانە لەسەر ئیسلام حیساب ناکات.

٤- دیارە من لێرەدا بەڕەوای نازانم، پاساو بۆ هەموو وشەو بڕگەو دەربڕینێکی هەرکام لەو مامۆستا وتاربێژانە بهێنمەوە، کە چ لەمەسەلەی یاسای باری کەسێتیدا، چ لەهەر مەسەلەیەکی دیکەدا، بەرگری لەشەریعەت‌و یاساکانی دەکەن، چونکە بێگومان هیچکەس نیە بێ هەڵەو پەڵە بێ‌و، خۆشم زۆرجار سەرنج‌و تێبینی‌و ڕەخنەم لەبارەی وتاری هەینی زۆرێک لە

وتاربێژەکانەوە هەبووە، بەڵام بێگومان ئەرکی سەرشانی مامۆستایانی وتاربێژیشە، کە بەهەموو توانایانەوە بەرگری لە ئیسلامو یاساو ڕاستییەکانی بکەن، ئەگەرنا بێگومان هەم ئەو ناوەی، کە لێشیان نراوە (زانایانی ئیسلام)و (پێشەوایانی مسوڵمانان) لێیان خەسار دەبێو، هەم ئەو مووچەیەش، کە لەبەرانبەر جێبەجێکردنی ئەرکی مامۆستایەتیو پێشەوایەتیدا وەریدەگرن، پێیان حەڕام دەبێ!

٥- شتێکی زۆر ئاسایی و چاوەڕوانکراوە، کە زانایانی ئیسلامو مامۆستا وتاربێژەکان، لەسایەی ئەم ئیدارەو حکوومەتە خۆمالّییەماندا، دەستیان کراوەترو بواریان ڕەخساوتر بێ بۆ گوتنی ئەوەی بەهەقو ڕاستی دەزانن، چونکە ئەوە هەر مامۆستایان نین، بەڵکو بەگشتی بواری ئازادیی بیروڕا بۆ هەموولایەك ڕەخساوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموولایەك شتی هەقو ڕاست بڵێین و، بەشێوازێکی هەقو ڕاستیش بیڵێن.

لێرەشدا کۆتایی بەم خاڵی نۆیەمە دێنینو، بەرەو خاڵی دەیەمو کۆتایی دەگوازینەوە:

١٠- چەند قسەیەکی دڵسۆزانە لەگەڵ داکۆکیکەران لە مافی ئافرەت دا:

لە خاڵی دەیەمو کۆتایی ئەم بەشەی دووەمەدا، کە تەرخانمان کردبوو بۆ توێژینەوەی مەسەلەی چەندژنیی، چەند قسەیەکی دڵسۆزانە ئاڕاستەی هەموو ئەوانە دەکەم، کە بەڕاستیو دڵسۆزانە مەبەستیانە کێشەو گیرو گرفتەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەمان دا چارەسەر بکرێن:

یەك: سروشتی کێشەو گرفتەکانی ئافرەتو خێزان، لە هەرکۆمەڵگایەکدا مۆرك (طابع)ی تایبەتی خۆی هەیە، بەگوێرەی ئەو ئایینو عەقیدەو کلتووری کە هەیەتی، بۆیە پێویستە زۆر وریا بینو لەئەنجامی لاسایی

کردنەوەی کوێرانەدا –کە بەداخەوە خەڵکێکی زۆرمان گیرۆدەی بووە- کێشەو گرفتەکانی ئافرەتو خێزانی کۆمەڵگایەکی جیاواز لەهی خۆمان، تەبەننی نەکەینو، بە بەلاش خۆمان مشەووەش بکەین! بەڵکو با واقیعبینانە کێشەو گرفتەکانی ئافرەتو خێزانی نێو کۆمەڵگای خۆمان ببینینو، هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین.

دوو: هەرکۆمەڵگایەك بیەوێ کێشەو گرفتەکانی خۆی لە هەر بوارێکدا چارەسەر بکات، عەقڵو مەنتیق دەخوازێ، کە لەبەر ڕۆشنایی ئایینو کلتوورو بەهایەکان (قِیَم)ی خۆیدا، کە قەناعەتی پێیانە، ئەو هەنگاوە بنێ، دیارە ئێمەش وەك کۆمەڵگایەکی مسوڵمان، پێویستە بەپشتبەستن بەئایینو بەرنامەکەمانو، لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەتدا، هەوڵی چارەسەری سەرجەم کێشەو گرفتەکانمان بدەین، چ پەیوەندییان بە ئافرەتو خێزانەوە هەبێ، چ بەهەرلایەنو بوارێکی دیکەی ژیانو گوزەرانەوە.

دیارە کێشەو گرفتەکانی پەیوەست بەئافرەتو خێزانەوەی کۆمەڵگای ئێمەش –وەك پێشتریش گوتومانە- کانگای سەرەکییان بریتیە لە لادان لە شەریعەتو پێوە پابەندنەبوونی، بۆ نموونە: باسەرنجی چەند گیروگرفتو نەخۆشییەکی کوشندەو تەشەنەکردووی کۆمەڵگاکەمان بدەین، کە بوونەتە بەڵاو کابووسێکی گەورە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانو خێزانەکانیشیانو، هەموشیان بەهۆی لادان لە شەریعەتەوە پەیدابوون:

١- کوشتنی ئافرەت بەتۆمەتی زینا، بەبێ بەڵگەو ئیسپاتی شەرعیی.

٢- خۆکوشتنی ئافرەتان.

٣- زیناو داوێن پیسیی.

٤- ئیستغلالکرانی ژمارەیەك لە ئافرەتانی دوور لە پەروەردەی ئیسلامیی، لەلایەن بەرپرسانێکی بێ دینو ڕەوشت نزمەوە.

٥- بە کەم سەیرکرانی ئافرەت، لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا.

٦- بەکارهێنانی وێنەو دیمەنی مێینایەتی تێدا بەرجەستەکراوی ئافرەتان، لەلایەن زۆرێک لەڕۆژنامەو گۆڤارو کلیپچی و گۆرانی بێژەوە، بەمەبەستی ورووژاندنو دەوری خۆ قەرەبالّغ کردنو، زۆرکردنی خوێنەرو تەماشاچی!

٧- ڕەواج پێدانی بەرگو پۆشاکی ورووژێنەرو مێینایەتی بەرجەستەکەرو، هاندانی ئافرەتان بۆ لاسایی کردنەوەی مۆدێلی سەیرو سەمەرەی جل و بەرگ، کە بێگومان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لەبیانوو بەدەستەوەدانی ئەو جۆرە ئافرەتانە، کە پیاوانی خۆیان ئاسا تەماعیان تێبکەنو...هتد.

سێ: پێویستە کێشەو گرفتەکانی ئافرەتانی -یان بەشێک لە ئافرەتانی- کۆمەڵگاکەمان هەموویان ببینینو، پاشان پلەپلە ڕیزبەندیی (ترتیب)یان بۆ بکەینو، بەپێی یاسای لە گرنگترەوە بۆگرنگ چوون (الأهم فالمهم) چارەسەریان بکەینو، کامیان لە پێشترەو چارەسەرکردنی سوودی زیاتری تێدایە بۆ ئافرەتو پیاوو خێزانو کۆمەڵگاش، وە زیانی گەورەتریان لێ دوور دەخاتەوە، پێشی بخەین.

جا بێگومان ئەگەر بەپێی ئەو بنەمایە کاربکەین، ئەوکاتە دەزانین، کە ئەگەر گریمان مەسەلەی چەندژنیی بەگرفتیش دابنرێ -کە لەڕاستییدا وانیەو بگرە چارەسەری گیروگرفتی زۆرکەسیش دەکات- ئەوە بێگومان چەندان قەیرانو گیروگرفتی زل زل هەن، کە پشوویان بەژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان سوارکردوەو، بوونەتە دیاردەی زەقو بەرچاویش، لەحاڵێکدا کە مەسەلەی چەندژنیی بۆتەوە حاڵەتێکی کەمو دەگمەن!

جا لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین: ئایا شتێکی سەیرو نامەنتیقی نیە، کە

مەسەلەی چەندژنیی، کە حوکمو بڕیارێکی شەرعییو ڕەوایەو، چارەسەری گرفتو کێشەی گەلێك پیاوو ئافرەتی تێدایە، ئەو هەموو هەڵلایەی لەسەر سازبکرێ، بەڵام مەسەلەی زیناو داوێن پیسی، کە ئێستا بۆتە دیاردەیەکی زەقو سەرنجڕاکێشو، هەڕەشەیەکی گەورەو جددییە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆمەڵگاکەمان، بێدەنگەو دیزە بەدەرخۆنەی لێبکرێو، وەك شتێکی ئاسایی سەیربکرێ؟ ئایا ئەو جۆرە هەڵوێستە، سەدو یەك نیشانەی پرسیار لە دڵو میشکی مسوڵمانانی ڕەوشت بەرزو داوێنپاکدا، لەسەر بانگەشەکەرانی دژایەتی چەندژنیی دروست ناکات؟!

چوار: لەکاتی بەرگری کردن لە ئافرەتانو مافەکانیاندا، پێویستە سەرجەم چیو توێژەکانیان بێنینەبەر چاومانو هیچکەس تەنیا لە هەمبانەی خۆیدا گوێز نەژمێرێ.

جا لێرەدا بەچاکی دەزانم ئاماژە بە قسەی ئافرەتێك بکەم، کە بەرپرسی بڵاوکراوەیەکی ئافرەتانەو، پاش شووکردنی بەپیاوێکی خاوەن ژنو ماڵو ڕەخنە لێگیرانی لەلایەن ئافرەتێکەوە، کە دانیشتووی یەکێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوایە، کە بۆچی سەربەهەوێ چووە؟! لە وەڵامیداو لە هەفتەنامەی (میدیا)دا گوتبووی: ئەگەر تۆ لەدەرەوەیو گرفتت نیە چی دەکەی، ئەوە من لێرە گرفتم هەیەو بۆیە هەقی گلەیی کردنت لێم نیە! پێشینانیش جوانیان گوتوە: (ئەوەی نیە لەمالّم ئاگای نیە لەحاڵم!)، بۆیە بەڕاستی هەرکەسێك بەڕاستی دڵسۆزی ئافرەتانی کۆمەڵگایەکەی بێو، واقعبینانەو گشتگیرانە تەماشای دنیا بکات، لەجیاتی گلەییو گازندە، دەبێ دەست خۆشیی لەو ئافرەتانە بکات، کە بە شێوەیەکی پاکو حەڵاڵو شەرعییانە لەگەڵ پیاوێکی خاوەن ژنو مالّدا دەبنە هاوسەر، لەجیاتی ئەوان گلەیی لەو ئافرەتانە بکەن، کە چاویان لە شتی پیسو حەڕامەو سەرەنجام منداڵی زۆڵو دەردو نەخۆشیی کوشندە بەنێو کۆمەڵگادا بڵاودەکەنەوە، خۆشیانو

کەس‌و کارو بنەماڵەشیان دووچاری شەرمەزاریی دەکەن‌و، زۆرجاریش سەری خۆیان بەفەتارەت دەدەن‌و، سزاو جەزرەبە‌و شەرمەزاریی قیامەتیش —بۆ کەسێك بڕوای هەبێ- لە هەمووی قورستر!

ئایا شتێکی سەیرو نامەنتقی نیە، کە لەسەر شتی شەرعیی‌و پاك گلەیی بکرێ، کەچی لە بەرانبەر شتی پیس‌و حەڕامدا بێدەنگی بکرێ‌و بەشتێکی ئاسایی سەیر بکرێ؟! ئایا ئەو جۆرە کەسانە، ئەم ئایەتە قورئانییەیان بەسەردا ناچەسپێ‌و پڕبەپێستیان نیە، کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍ ۘ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ ...﴿٦٧﴾ التوبة ﴾، واتە: پیاوانی دەغەڵ‌و دووڕوو وئافرەتانی دەغەڵ‌و دووڕوو هەندێکیان لە هەندێکیانن، فەرمان بەخراپە دەکەن‌و ڕێگریی لە چاکە دەکەن؟!.

پێنج: شتێکی ئاشکرایە کە سەرجەم ئەوانەی ڕەخنە لە یاسای چەندژنیی‌و یاساکانی دیکەی شەریعەت دەگرن، لەژێر کاریگەریی فیکرو سیاسەت‌و عادەت‌و نەریتی ولاتانی ڕۆژئاوادان.

جا بۆئەوەی بەکورتی‌و پوختی هەموو لایەك بزانین، کە لاساکردنەوە‌و تەسلیم بوونمان بۆ ڕۆژئاوا، بەتایبەت لە بواری ئافرەت‌و خێزان‌دا، تووشی چ چارەنووسێکی تاڵ‌و دژوارمان دەکات، یەك یاسا (قانون)ی ولاتانی ڕۆژئاوا لە بواری باری کەسێتی‌دا بە نمونە دێنینەوە‌و، ڕووداوێکی واقیعیشی لەسەر دەگێڕینەوە، شایانی باسیشە ئێمە نموونەکە لە یاسای ئەڵمانی دێنینەوە، کە وێنەیەکی یاساکانی ولاتانی ڕۆژئاوایە‌و، یاساکانی باری کەسێتی ولاتانی ڕۆژئاوا، لەو بارەوە زۆر لەیەك نزیکن، ئەگەر کتومت وەك یەکیش نەبن:

یاساناس‌و پسپۆڕی بواری یاسای باری کەسێتی ئەڵمانی (herbert grziwotz) دەڵێ[1]: (لە یاسای ئەڵمانییدا، مێرد بۆی نیە داوای قەرەبوو کردنەوە (تعویض) لە ژنەکەی بکات، لەکاتێکدا دۆست (عشق)یەک دەگرێ، بەهۆی ئەوەوە کە هەستی بریندار کردوەو کەرامەتی شکاندوە، بەڵکو ئەوپەڕی دەتوانێ لەکاتی سکپڕبوونی ژنەکەیدا لە دۆستەکەی، داوای بژاردنەوەی خەرجییو مەسرەفی منداڵبوونەکەی بکاتەوە)!!

بڕوانە: (پرسیار گەلێکی یاسایی گرنگ لەبارەی هاوسەرگیرییەوە)، لاپەڕە (٣٠ -٣١).

ڕووداوێکی واقیعی بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای نابراو:

خاوەنی کتێبی (أحكام الأحوال الشخصية للمسلمين في الغرب) پاش باسکردنی یاسای ناوبراو لە دەمی یاساناس (هربرت غرتسیفوتس-herbert grziwotz)ەوە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕتەوە[2]:

(گەنجێکی ئەڵمانی، کە پێشتر کافر بوو، مسوڵمان بووبوو، پەیوەندی پێوە کردمو هەواڵی دامێ، کە ژنەکەی دۆستێکی گرتوەو هێناویەتە ماڵەوە، لەبەرچاوی منداڵەکانیان، جا کاتێك دۆستەکەی لە نێو ماڵدا ویستوویەتی بچێتەلای، مێردەکەی تووڕە بووەو لەگەڵ دۆستی ژنەکەی لێکیان داوە.

ئنجا کاتێك پۆلیس هاتوەو مێردەکە هەواڵەکەی بۆ گێڕاونەوەو، هۆی بەشەڕهاتنەکەی بۆ ڕوون کردونەتەوەو، داوای کردوە، کە دۆست (عشق)ەکە لە ماڵەکەی دەربکەن!، پۆلیس پێی گوتوە: ناتوانین هیچت بۆ بکەین، چونکە ئەم کابرایە میوانی ژنەکەتەو، ناتوانین دەری بکەین!

---

١) بڕوانە: (أحكام الأحوال الشخصية للمسلمين في الغرب) د. سالم بن عبدالغني الرافعي، ص (٤٩٦-٤٩٧).

٢) سەرچاوەی پێشوو، ص٤٩٧.

ئیدی سەرئجام پۆلیس ڕۆیشتوەو، دۆستی ژنەکەش لەگەڵی چۆتە ژوورێو، مێردەکەش سەراسیمە بووەو نەیزانیوە چی بکا!

ناتوانێ لە ژنەکەی بدات، چونکە بەپێی یاسا، ئەوە دەستدرێژییە بۆ سەر مرۆڤایەتی ژنەکەی!

هەروەها ناشتوانێ پێشگیریی لێ بکات، کە لەگەڵ دۆستەکەی ڕابوێرێ، چونکە بەپێی یاسا، ئەو مەسەلەیە ئازادی کەسێتییە!

دیسان ناشتوانێ لە دۆستی ژنەکەی بداتو دەریبکات، چونکە میوانی ژنەکەیەتی!!

کەواتە:

یان دەبێ مالّەکەی بەجێ بهێڵێو داوای جیابوونەوە بکات، یان بە سەرشۆڕیی لە مالّەکەیدا بمێنێتەوە!!).

شایانی باسیشە، کە ژن لێرەدا چ مافێکی هەیە، مێردیش هەمان مافی هەیە، واتە: ئەویش بۆی هەیە دۆستەکەی، یان دۆستەکانی خۆی بێنێتەوە مالێو، ژنەکەیشی تێیەوە ڕامێنێو زەقەی چاوی بێ!

بەڵێ بەڕێزان!

ئا ئەم یاسایەو هاوێنەکانی یاساکانی باری کەسێتی ولاّتانی ڕۆژئاوا پێکدێنن، جا ئایا کەسانێك، کە هەوڵی لابردنو گۆڕینی یاساکانی شەریعەت دەدەن، چ لە بواری باری کەسێتیو، چ لەهەر بوارێکی دیکەدا، بەیاساکانی ولاّتانی ڕۆژئاوا، وەك ئەوکەسە نین، کە کانیاوێکی شیرینو زوڵاڵی لەبەر دەستە، کەچی لە ئاوو چڵپاوی زەلکاوێك دەخواتەوە؟!

لە کۆتایی ئەم خاڵی دەیەمەو سەرجەم ئەم توێژینەوەیەشدا دەڵێم:

١- خۆزگە وەك چۆن ئێمەی مسوڵمان بەڕوونو ڕاشکاویی، قەناعەتو بڕوای

خۆمان لەبارەی مەسەلەکانەوە ڕادەگەیەنین، ئەوکەسانەش، کە بڕوایان بە ئیسلامو شەریعەتەکەی و یاساو بڕیارەکانی نیە، بوێریی ئەوەیان ببوایە، کە قەناعەتو بڕوای خۆیان بە ئاشکراو بێ پێچو پەنا خستبایە ڕووو، چی‌دی بەمەبەستی چەواشەکردنی خەڵك، خۆیان لەبن پەردەی مسوڵمانەتیی‌دا حەشار نەدابایەو، وازیان لەو دوانەتیی (إزدواجية)و نیفاقە هێنابایە!

٢- خۆزگە ئەوکەسانەی، کە بەناوی سەرجەم ئافرەتانی کۆمەڵگایەکەمانەوە دژایەتی یاسای چەندژنییو یاساکانی دیکەی شەریعەت دەکەن، چ لەبواری باری کەسێتی‌داو، چ لەهەر بواڕێکی دیکەدا، دەیانزانی، کە وەك خەیاڵ دەکەن زۆرینە نین‌و نوێنەرو وەکیلی ئافرەتانیش نین، بەڵکو کەمینەیەکی پف لەخۆ کردووی دەنگ بەرزکەرەوەن، بەحوکمی ئەو بارودۆخە ناڕاسایی‌و ناسروشتیی‌و پڕستەمو گەندەڵییەی، کە لەم ڕۆژانەدا بۆیان ڕەخساوە!

ئیدی بەهیوای ئەوە، کە هەموولایەکمان بەهۆی چاکتر تێگەیشتنی شەریعەتی خوای کاربەجێ‌و، یاساو بڕیارەکانی‌و پێوەپابەندبوونیانەوە، بتوانین سەرجەم کێشەو گیروگرفتەکانمان، لە هەموو بوارو لایەنەکانی ژیان‌و گوزەرانی تاکیی‌و خێزانیی‌و کۆمەڵایەتییمان‌دا، چارەسەر بکەین‌و بەختەوەریی ئەم دنیاو سەرفرازیی ئەولاش، بۆخۆمان دەستەبەرو مسۆگەر بکەین.

سبحان ربك رب العِزَّة عمّا يصفون، وسلام على المرسلين،

والحمدلِلّهِ رب العالمين

١ ذي الحجة ١٤٢٩

٢٩ كانوونى يەكەم ٢٠٠٨

هەولێر

بەرهەمەکانی دانەر

١- پوختەیەك دەربارەی ئیسلام. چاپی ٢/ ٢٠٠٦.
٢- دەبەرێك ڕاچوونی ئیسلامو ڕێچکان. چاپی ٣/ ٢٠٠٦
٣- یادی خوا، گرنگی یادی خوا لە ژیانی مرۆڤ دا. چاپی ١ /١٩٨٧
٤- کۆمەڵی خوا. چاپی ١ / ١٩٨٨
٥- پێشمەرگەی ئیسلام، یان مسوڵمانی موجاهید کێیەو چۆنە؟چاپی٣ /٢٠٠١
٦- دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی. چاپی ١ /١٩٨٩
٧- ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ کامەیە؟! چاپی ١/ ١٩٨٩
تێبینی: ((دواتر خرایە نێو کتێبی (مسوڵمانی کامڵ : بەشی یەکەم: بیروبڕوای مسوڵمان) وە دواتر ئەمیش خرایە نێو کتێبی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی))یەوە .
٨- ڕێگای صالح بوونو بەرەو خوا چوون. چاپی ٣ /٢٠٠٥
٩- کوردستان بۆ وێران بوو و چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟! چاپی ١ / ١٩٨٩
١٠- حوکمی گەڕانەوە ژێر نیری طاغووت. چاپ ٢ /٢٠٠٥
١١- سۆزی نەتەوایەتیو بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا. چاپی ٣ /٢٠٠٥ .
١٢- مسوڵمانی کامڵ/ بەشی یەکەم: بیروبڕوای مسوڵمان چاپی ١ /١٩٩٧
تێبینی: ((دواتر خرایە نێو کتێبی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)یەوە)).
١٣- چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان ئیمانو پەرلەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٢
١٤- بزووتنەوەی ئیسلامیی لە دووڕیانی مانو نەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٣
١٥- بزووتنەوەی ئیسلامییو ئایندەیەکی گەشو ڕوون. چاپی ١/ ١٩٩٥
١٦- پرۆژەی بەرنامەی فیکریی کاری ئیسلامیی. چاپی ١ / ١٩٩٦

١٧- چەند ڕێڕوونییەك بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان. چاپی ١ /١٩٩٦
١٨- ئیسلامو کێشە هەنووکەییەکان چاپی ١ /١٩٩٥
١٩- با وریا بین! داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگاکەمان بەرو هەڵدێر دەبات. چاپی ٢ /٢٠٠٦.
٢٠- مسوڵمانی کامڵ: بەشی دووەم/ خواپەرستی مسوڵمان – بەرگی یەکەم . چاپی ١ / ٢٠٠٠ .
٢١- مسوڵمانی کامڵ: بەشی دووەم/ خواپەرستی مسوڵمان – بەرگی دووەم . چاپی ١ / ٢٠٠٠ .
تێبینی: ئەم کتێبە بە هەردووك بەرگەکەیەوە ئێستاکە لەژێر چاپە بۆ جاری دووەم لە چوار بەرگدا بەناوونیشانی: خواپەرستیی ئیسلامیی .
٢٢- گەڕانەوە لای خوا (عزّ وجلّ) . چاپی ٤ /٢٠٠٥
٢٣- زانایانی ئیسلام کێن‌و چۆنن ؟! چاپی ٢ / ٢٠٠٢
تێبینی : بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوە.
٢٤- بنچینە گرنگەکانی هەڵس‌وکەوتی شەرعییانەو ژیرانە لەگەڵ وردە بابەتە خیلافییەکان دا چاپی ١ / ١٩٩٩ .
تێبینی: ئەم نامیلکەیە باسێکی بەرگی یەکەمی کتێبی: (خواپەرستی ئیسلامیی)یە، وە بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوە، بەڵام جارێ چاپ نەکراوە.
٢٥- مزگەوتەکانی کوردستان لە نێوان ئاوەدان کردنەوەو وێران کردن‌دا. چاپی ١ /٢٠٠٠
٢٦- تاقیکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی چی‌یەو چۆنە؟ چاپی ١ /٢٠٠٠
٢٧- بنەما شەرعییەکان‌و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵێکی ئیسلامیی ڕەسەن .
تێبینی: (ئەم نامیلکەیە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی)

٢٨- کۆمەڵی ئیسلامیی: ئامانج و هەڵوێستەکانی. چاپی ١ /٢٠٠١
٢٩- پاساوو بەڵگە شەرعییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵیی ئیسلامیی، ئالقەکانی: ١و ٢ و ٣ و ٤ . چاپی ١ / ٢٠٠١
٣٠- ئافرەتی مسوڵمانی کورد مافە شەرعییەکانی و ئەرکە گرنگەکانی. چاپی ١ /٢٠٠٠.
٣١- ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەت دا . چاپی ٢ / ٢٠٠٥
٣٢- چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم . چاپی ٥ / ٢٠٠٥
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
٣٣- چەند ڕێڕوونییەك بۆ خوشك و برایانمان لە هەندەران. چاپی ١ / ٢٠٠٢
٣٤- سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن! (چاپێکەوتنی دکتۆر حسین محمد عزیز) . چاپی ٢ / ٢٠٠٣
٣٥- چۆن هەڵس وکەوت لەگەڵ خەڵکی دا بکەین؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
٣٦- شەهید کێیە و چ پلەوپایەیەکی هەیە؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢
٣٧- جیهاد لە ڕێی خواداو چەند سەرنج و ئاگادارییەك. چاپی ١ / ٢٠٠٢
٣٨- بۆئەوەی لەسەر جیهادکردنمان قەرزدار نەبینەوە! چاپی ١ / ٢٠٠٢
٣٩- جیهاد لەڕێی خوادا چییەو بۆچی دەکرێ و چۆن دەکرێ؟ چاپی١/ ٢٠٠٢
٤٠- ئەشکەنجەو زیندان (چاپێکەوتنی هاوژین عومەر) چاپی ٢ / ٢٠٠٦ .
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
٤١- کارو پڕۆژەی ئیسلامیمان (وتاری کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی) چاپی ٢ / ٢٠٠٦ .
٤٢- ئیسلام و مسوڵمانەتی و کاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا. چاپی ١ / ٢٠٠٦ .

٤٣- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/١، ئیمانو عەقیدەی ئیسلامی چی یەو چۆنە؟! ١ تا ١٢ . چاپی ١ / ٢٠٠٦

٤٤- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٢، خوا بە یەکگرتن (التوحید) لە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتی دا. ١٣ تا ٢٦ . چاپی ١ / ٢٠٠٦

٤٥- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٣، خوا بەیەکگرتن لە ناوو سیفەتو لە پەرستراوێتی دا، ٢٧ تا ٣٦ . چاپی ١ / ٢٠٠٧

٤٦- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٤، ئیمان بە فریشتەکانی خوا (عزّوجل)، کتێبەکانی خوا (عزّوجل)، پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام). ٣٧ تا ٤٠ . چاپی ١ / ٢٠٠٧

٤٧- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٥، ئیمان بە ڕۆژی دوایی قەزاو قەدەر ٤١ تا ٤٥ . چاپی ١ / ٢٠٠٨

٤٨- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/٦، تایبەتمەندییو دیدو بۆچوونەکانی پەیڕەوانی ڕێبازی ڕاست. ٤٦ تا ٥٠ . چاپی ١ / ٢٠٠٨

٤٩- تەوژمی ئیسلامییو عەلمانییو خاڵە هاوبەشو جیاوازەکانیان. چاپی ١/ ٢٠٠٧

تێبینی: زۆربەی بە (٢٤) ئایەتە لە هەفتەنامەی (هاوولاتی)و ئەوەی دیکەش بە (٩) ئایەتە لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە.

٥٠- گەنجەکانمان لە نێوان ڕەسەنایەتییو لاسایی کردنەوەدا.

٥١- بە دوورخستنەوەی ئافرەت لە ئیسلام چ زیانێك دەکەین؟

٥٢- سیاسەتی ئیسلامییو چەند ڕوونکردنەوەیەك.

٥٣- چۆنیەتی بوونە پێشەنگو بنیاتنانی بنکەی جەماوەریی.

٥٤- چەند بنەمایەکی گرنگی وتاربێژیی.

٥٥- قوتابیانی زانیاری شەرعی چەند سەرنجو ڕێنمایی یەك.
٥٦- خوو ڕەوشتی بەرزو پەسند سەنگی مەحەکی مسوڵمانەتی یە.
٥٧- بانگەواز بۆ لای خوا .
٥٨- قوتابیان لەم هەلو مەرجەدا پێویستە چۆن بنو چی بکەن؟!
٥٩- ضیف و قضیة (مقابلة مع قناة العربیة).
٦٠- حوار خاص (مقابلة مع قناة العالم).
٦١- خواناسیی، ئایین ، ئیمان. چاپی ٢ / ٢٠٠٩ .
٦٢- واقیعی هەرێمی کوردستان ...دیدێکی ئیسلامییانە. چاپی ١/ ٢٠٠٨ .
٦٣- ئەم کتێبە (چەند بابەتێکی هونەریی لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەت دا. چاپی ١ / ٢٠٠٨ .
٦٤- چۆن باشتر لە کتێبی بەڕێزی خوا بەهرەمەند دەبین؟! چاپی ١/ ٢٠٠٨ .

ئەو بەرهەمانەی لەژێر چاپن

١- پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا ﷺ .
٢- الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد الأول.

ئەو بەرهەمانەی چاوەڕێی چاپن.

١- الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد ٢- ٧ .
٢- خوو و ڕەوشتی ئیسلامیی.
٣- ئافرەتو خێزان لە سایەی شەریعەت دا. بەرگی دووەم.
٤- گرنگیو پێویستی پابەندیی بە قورئانو سوننەتەوە.
٥- چەند دەرسێك لە: (تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز)، کە ئەگەر خوا تەمەن بدات هەموو قورئان تەواو دەکەین.

سەرەتا بەتەما نەبووم، کە بەشداریی ئەو مشتو مڕو شەڕە قسەیە بکەم، کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر یاسای باری کەسێتی کرا، بەڵام دوای ئەوەی هەندێک نووسینم بینین، کە وێڕای سەفسەطەو چەواشەکاریی، سنوورشکێنی زۆریشیان بەرانبەر بەقورئانو سوننەت تێدابوو، هەرچەندە مەگەر بەدەگمەن، دەنا خاوەنەکانیشیان خۆیان پێ مسوڵمانە! خۆمم ناچار بینی، کە چەند قسەیەک لەبارەی سروشتو پایەکانی خێزان بەگشتیو، مەسەلەی چەندژنیی (تعدُّد الزوجات)ەوە، بەتایبەت بکەم، هەم بۆ بەرچاو ڕوونیی خەڵک و جەماوەری مسوڵمانی کوردستان بەگشتیو، هەم بۆ خستنەڕووی پووچەڵیی هەندێک لەو قسەو نووسینانەو، هەم بۆ زیاتر دڵنیاییو پشت ئەستووریی خوشکو برایانی ئیسلامیی لەڕاستییو تەواویی بەرنامەو شەریعەتی خوا سبحانە وتعالی، لەو بوارەدا وەک هەربواریکی دیکە.

عەلی باپیر

نوسینگەی تەفسیر
وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە
هەولێر - شەقامی دانگا - زێر نوتیلی شیرین پالاس
ت: 2518138 - 2221695 - 2230908
مۆبایل: 07504605122 - 07701387291
www.al-tafseer.com
E-mail: tafseeroffice@yahoo.com
altafseer@hotmail.com